# ژماره ٧ **هانا** پاییزی ١٩٩٧

ناوەروك :


١ـ دونیای نوی یان حەمامی خوین \ جەمال کوشش

٢ـ ئومیدیکی‌تر \ سەفین عەلی

٣ـ "پەرژینی بیدەنگی" یان لافاوی جەهل \ سەلام عبدالله ئیبراهیم

٤ـ تیبینی دەستەی نووسەران

٥ـ پەیکەرسازی \ کاوان قادر توفیق

٦ـ وردبوونەوەیەك لە سەر ووشە لە شیعر دا \ فایق عبدالهی

٧ـ شەر و لەش \ وەرگیرانی ئاسو

٨ـ شیعر: \ بورهان هەژار \ئەحمەد حسین‌پیزان \ مەشخەل \ زیندانی نامە \

٩ـ دژ بە ژن بوون و فەرهەنگی ئەسیلی ئیرانی \ اعظم کم‌گویان \ سمکو ئەحمەد

١٠ـ ئەلفرید نوبل \ کاوان عبدالله

١١ـ پیاوە سپی‌یەکە، پاپا لانگی \ ئاسو

١٢ـ کیوە بەزیوەکە \ ماکسیم گورکی \ عبدالله هەتاو


هەواڵنامەی کتێب

***

## "دونیای نوی یان حەمامی خوین" (١)

"جه مال کوشش"

رانیه_ بنکه ی ره وتی کومونیست ١٨_٩_١٩٩١

میوانانی خوشه ویست...(٢)

ئه ده ب دوست و هونه ردوستانی تیکوشه ر

نووسه ران و هونه رمه ندانی کریکار...

له قولایی ناخ و دلی پر جه خارمه وه، گه شترین سلاوی شورشگیرانه، بو ئیوه خوشه ویستانم، پیشکه ش ده که م. ئاواتی ئەوە له کوبوونەوەکەمان دەخوازم، له بەردەم ئەو کەشتیەی ژەنەراله خوینخورەکانی "نورمان شوارتسکوف"ی هه لگرتووه، باره ش و زریانیکی تیک شکینه ری وابی، ئه گه ر نه شتوانی "تیوه ی ریی به غدا" ی به نسیب بکات لانی کەم به "دەواری شری" بەری. بریاره، لەسەر هەست و ووشیاری و خوشەویستی و خه یال و ئاره زووه کانی ئینسانی زه حمه تکیشی دنیا بدویین، که وابوو، هه رچه ند به کورتیش بی، پیویستی روانینمان له پەنجه ره ی ره وه زی ئابووریشه وه بەکەلکە و تاو ناتاویش لەو فاکتەرانەی که ریگرن لەبەردەم جیگیربوونی خوزگەکانمان دا ورد دەبینەوە. له نیو بزووتنه وه ی ئه ده بی دا، ره خنه ی ئه ده بی بورژواییانه، کاریگه ری له فورمول پیدانی تیوری ئه ده ب دا بینیووه. من خه می ئه وه م نیه ره خنه ی خومالی کوردی هه ر له قه د به جی ماوه، له لووتکه به رزه کانی وه ک "گوگاش" و "گارودی" و "حاتم صگر" و "مالک موتله بی" ده یان و بگره هه زارانی تر چاو ده برم.

که لینی ره خنه ی ئه ده بی مارکسیتی له پرکردنه وه ی کتیبخانه ی فه رهه نگی پرولیتاریادا ، پاش مه رگی رابه رانی وه ک "پلیخانوف" ئاشکرا و دیاره. وتاریک له به ر ده ستم دایه، لیکولینه وه یه کی ئه ده بی یه، هه ول ده ده م لیره دا "مسح"، یانی چاوپیاخشاندنیکی کورت بەسەر ئەو ئالوگورانەی دونیای ئەدەب و ئیستاتیکای پەیره وکراو له کومه ل دا بده م و دواتر ئەرکەکانی نووسەران و هونەرمەندانی کریکاری له پیویستی خوریکخستنیان له گروپیکی ئه ده بی _ هونه ری سەربەخودا و بواره سەرەکی یەکانی ئەو مەیدانە، بوچوونی خومتان دەنیمه به رده ست. ئه وه به رایی باسه که م بوو، نامه وی کاتیکی زورتان لی بگرم و له کروکی باسه که شم داناشکینم.

**یەکەم...**

## "بزووتنەوە کومەلایەتی یەکان" و "قوتابخانه ئەدەبی یەکان"

ا _ بزووتنه وه ی کومه لایه تی چینه کان، له گوشه ی پیداویستی یه کان و به رانبه رکی کان دا ، به بزووتنه وه یه کی هونه ری که م وکووریه کانی خوی پر ده کاته وه. مه کته ب و قوتابخانه ی ئه ده ب و هونه ری، سیما و روخساری بزووتنه وه ی چینی کومەلا یەتین. له کیشمەکیش و پراکتیکی چینەکان دا، مەکتەبە ئەدەبی و هونەریەکان دەتوانن پەیدا ببن و سه رده میکیش پیویستی مانه وه یان له جه رگه ی گری یه کی"کومه لایه تی جددی"دا خونسا ده بیته وه و نامینی. ئه وکات با پیروزی "میژوو نووسان" بیت، یان ده بیته قوربانی یه کی بی بایه خ بو رازاندنه وه ی روژنامه بورژوایه کان، هه ر وه ک ئەو هەراوهوریایەی دوای مەرگی "تولستوی" له بلاوکراوه بورژوایەکان دا دەکرا، یان نموونه یه کی نزیکتر له و، به دەردومەرەدی "هەژار موکریانی" (٣) دەچی بەدەست جمهوری ئیسلامی و هەر دوو حزبه دیموکراته که وه. ده کری وردتر له سه ری بدویین ئه گه ر ناروشنی یه ک هه بوو. شوینی هه لکه وتوویی و عه بقه ریه تی نووسه ر و هونه رمه ندیش

كه له شاعیران، به زمانی كلاسیكه كان، له ناو ئه و بزوتنه وانه دا ده بنه "رواد" و جیگه و ریگه یان ده گرن. مه به ست ئه وه یه كه خه یاله سه رمه سته كانی شاعیر و خه ونه سه وزه كانی چیروک نووس، له سیما و روخساری بزووتنه وه ی چینه كان دا، به دووی ئاسو دا ویلن و سیحری عه بقه ریه ته كه ش له وه دایه "چ به هره یه ک" تا ئه وكات به نهینی ئه و ئاسویه نه گه یشتووه. چینه كان وه ک ئه وه ی بوونه وه ری جیاواز و دژ به یه کن، له نیو بزووتنه وه ی ئه وان دا ره نگه كانیش دین و هه ریه ک ده بنه ره مزی ئاسویه كی چینایه تی. بو هاوری "حسین شه به قیش" ئومیدی ئه وه ده كه م كه له تابلوی ره نج و ئاره زوه كانی دا "نیگه ران و دل زه ده" نه بی له و شه ر و پیک دادانه ی نیو "پیشه نگ"؛ بریا دنیای واقیعی به دلی ئه و ده بوو.(۴)

ب ـ هیزی ئه رفون به "لوكاش" ده لی "به ره ی رزگاری ئه ده ب"(۵) پی ده چی وه ک چون هاوكاتی "به ره ی رزگاری نیشتمانیه كه ی" جورجی دیمتروف بوو، ئاوا هاوشانی بالای گرتبیتی. لینین نیوی وتاریكی ده رباره ی تولستوی ده نی "ئا وینه ی شورشی روسیا" (٦)، مه به ست له شورشی سالی "۱۹۰۵" روسیایه. هه ر له و وتاره دا ده لی "ئاوینه یه ک كه نیوه ی راستیه كانمان نیشان ده دات"، گوركی باس له رومانی "دایک"ی (۷) وه ک ئه وه ی ژیاننامه ی دایكی هاوری یه كی نزیكی بی، ده كات. "ئینگلس" له پیشه كی یه كی له وه رگیرانه كانی "مانیفیست" (۸) دا ده نووسی"ده بی شورشی كریكاری (دانتی ) یه كی ترمان بداتی". ریبواری شاعیر له ژماره ۳ ی پیشه نگ كه تایبه ت به یه كی ئایاره، سروودی ئه نته رناسیونالی "ئوژین" به یه كیک له ده ستكه وته هونه ری یه كانی "كومونه ی پاریس" (۹) داده نی. شیعری "بو شورا كریكاری یه كان"ی (۱۰) كاک بژاریش، ده رئه نجامی هه لسوورا وی شورا كریكاری یه كان بوو له م رووداوانه ی كوردستان دا... ده یان هه زار نموونه ی تریش.
ئه م به لگه و ئیستدلالاته ده توانین له سه ر زمانی هونه ری گرایشه كومه لایه تیه كانیش ببینین. "گابریل گارسیا ماركیز" و "نه جیب مه حفوز" و "حسین عارف"، كیوتیكلی یه ک پیره دارن. "یه شار كه مال" و "جورج ئه مادو" و "حه نا مینه"، ته نها له ژیر سیبه ری هه وری "پوپولیزم"دا، ئه و ژیانه پر سه روه ری یه یان گوزه راندووه.... ئه مانه سیما جیا جیا ناسراوه كانی بزوتنه وه ی یه ک چینن له ولاته جوراوجوره كان و له قوناغه جیاوازه كانی ململانی ی چینایه تی دا. له وتاری "ناوه روكی چینایه تی كومه لگه و تیوری ئه ده ب"دا، به دوور و دریژی یه كی پیویست، له سه ر قوتابخانه ئه ده بی یه جیهانی یه كان، شی كردنه وه م كردووه و لیبیان دواوم. سه باره ت به بزوتنه وه ی ئه دبی كریكاری، میژووی سه رهه لدانی له "بزووتنه وه ی چارتی یه كانه وه" تاكو شنگه ی ئه م چه ند روژه ی كوتایی سه ده ی بیسته م، ده بی وه ک بابه تیكی تایبه ت لیكولینه وه ی له سه ر بكریت. ناچاری یه ک هه ست پی ناكه م بو ئا وه لاكردنی ده روازه ی ئه م بابه ته هه ر لیره دا، به لام روونه وه ک خوری به هاری چیشته نگاویكی دره نگ، بو ئیمه و ئه م بابه ته چ بایه خیكی پایه یی هه یه.(۱۱)

ج ـ ئه زمه ی فكری بورژوازی، پیناسه ی واقیعیه تی گشت هه لسوراوی یه كی كومه لایه تی ئه و چینه یه. به مانای روو له پیش و گه شه كردنی خه بات و چاوه روانیه كانی چینی كریكاره، شورشگیر نه بوونی چینیكی كومه لایه تی ده نوینی له ئه لقه یه كی فراوانتردا كه ژیانی كومه لایه تی به شه ره. گه شه ی ره وه ندی كومه لایه تی و ئابووری خودی جیهانی نوی یه له كوبوونه وه و چه ق به ستنی سه روه ت و سامانی كومه ل به ده ست چه ند لوردیكی بورسه وه، ریزی ملیونی كریكاریش بو ئه وه ی نانی سبه ی بكری، ناچارن ژیانی ئه مرویان بفروشن. هه ر ئه مه ش ده توانی "ره زاله تی ته بلیغاتی دژی كومونیستی" (۱۲) ده ربخا و ماوه ی كه متر له شه ش مانگ دابنی بو په رده ی كوتایی شانوی ئاهه نگی هه ره س هینانی كومونیزم. ئاسوی كارگه ر جاری تر ئه و هه ناسه قووله ی به دریژای میژوو له سنگی به شه ره زه حمه تكیشه كان دا هه ر ئاخ بووه و دلیانی ته زاندووه و ناكام بوونه ته وه، وه ربگری و وه ک ریگای رزگاری یه كجاری له چه وسانه وه رابگه یه نی. (۱۳)

"لوکاش"، ئه زمه ی فکری بورژوازی، زیره کانه ده ست نیشان ده کا و بو ساله کانی ده وروبه‌ری "١٨٤٨" ده یگه رینیته وه. هه ر ئه و ساله ی که له گه رمه ی شه ری چینایه تی فه ره نسادا، تارمایی کومونیزم بووه. راسته ریگای "گول لیره یه و هه‌ر لیره ش سه‌مای بو بکه" (١٤) و هه‌ر ئه‌و ساله‌ش مانیفیستی ئازادیخوازانه و یه‌کسانی خوازانه‌ی کریکارانی کومونیست، ئاسوی بورژوازی بو ئاینده ی کومه لگای دا هاتوو تاریک و توون کرد. کوتایی زستانی "دانتی" و "بالزاک" و "شه‌کسپیر" بوو به به‌هاری "هیزیش هاینه" و ژیانی نوی له چاوی "ئاتین" (١٥) دا به دی ده کرا. دونیای کونیش بسپیرن به کریکارانی پارچه. (١٦) ئه‌و ئه‌زمه‌یه‌ی هه‌ر هاتووه و ئه‌مروش له که‌لله‌ی "محسن جاسم موسوی" و "هربت رید" دا حه‌قاره‌ت بلاو ده‌کاته‌وه، ئه‌سته‌مه و نابی به بی گورزی "حه‌مه عه‌لی و مه‌لا حه‌مید" (١٧) ده‌ربازبی. هه‌ر وه‌ک چون هیچ ئه‌زمه‌یه‌کی بورژوازی نابیته هوی سه‌رنگون‌کردنی به‌بی بوونی پراتیکی به‌رینی سوسیالیستی چینی کریکار، ئاواش ئه زمه ی فکری بورژوازی هه ر چه نده نه خوشی مزمنی هه بی، ئه توانی ته حقیر و سووکایه‌تی رابگری و کاریگه‌ر بی به سه‌ر هوش و هزری ملیون له ئینسانه‌کان له ئاماده نه بوونی فه رهه نگ و هونه ری کریکاری دا.

د_ بانگه وازتان ده که م، وه رن سه رنج بده ن!! وه ک چون له گیای وه ریوی پایز، له ده ریای شین و مه نگ، له دلی شیعر و لیوی مونالیزا و جوانی به‌هار و کوشکی به‌رز راده‌مینن، وه‌ک چون له تریفه و ئاونگ و وه نه وشه ی بن تووترک راده مینن، وه ک چون له دیارده ی ئاواره یی و مه ئاساتی جه نگ و که ساسی زه حمه ت کیش و فه سادی بازاری بورژوا سه‌رسام ده‌بن، سه‌رنج بده‌ن؛ بروانن له ئاستانه‌ی چ ئال‌وگوریکی کومه‌لایه‌تی و فه‌رهه‌نگی فراوان و جیهان داگیری ترسناک و ئاگراوی دا، خه ریکین و ده مانه وی به شیکی ژیانی کام ئینسان بخولقینین؟! له چ ساتیکی حه ساس و میژوویی پر کیشمه کیش و چاره سازدا وه ستاوین؟! حه مامی خوین و جه هه نه می سارد سازده ده ین، یان دنیای نوی، ده ورانی شه ری ساردی ئیمه ده بی کوتایی بی و شه ری گه رمی کریکار به رووی چه وسانه وه دا؟! به کورتی زه وقی کی ده دوینین و کینه و بوغزی کی په ره پی ده ده ین، به "حاجی بووش" ی قات و قری و شورشی ته کنه لوژیا و به پیشره‌وی‌یه‌کانی پروفیسوری "گلاسنوست" جیهان له کوتای ده‌پیچین؟ بونی ده‌می کی ده‌که‌ن؟ بونی دلی کی ده که ن؟ ئاوینه ی خوزگه ی کی ورد ده که ن و خوشه ویستی له کی ده شارنه وه و قه ده غه د ه که ن؟ چ روژگاریکی سه یره، هاوریییان، به‌ر له‌وه‌ی هیچ سیاسه‌ت‌مه‌داریکی بورژوازی فریای پیناسه‌ی دنیای نوی بکه‌وی و دوو شه‌کر به زار بشکینی، له‌شکر و ژه‌نراله‌کانی دونیای نوی، په‌رچه‌م و ئالاکه‌ی له خوینه ئال و گه شه که ی من هه لکیشا و به رز به‌رزی‌کرد و رای‌وه‌شان. لیوه له‌رزه‌که‌ی "بوش" به زمانی کریکاریکی هاوولاتی خوی، زمانی دروینه ی به گه ر که وت "دونیای نوی، به‌رگری‌یه له پرنسیپی ئینسانی". (١٨) بو کریکار و زه‌حمه‌تکیشی ناوچه‌که ئه‌گه‌ر له ناوه‌وه‌را دیکتاتوری ره ش هه موو مافه کانمانی خنکاند بوو، له ده ره وه ش را به "توفانی سه حرا" (١٩) چالی قوولی نه وت بوو به گومی خوین، بوو به گوری به کومه ل له ئازیزانمان، کاره ساتی که م وینه له میژووی پر تاوانی سه رمایه دا، کریکاران و زه‌حمه‌تکیشانی کوردستانیش لاشه زامداره‌که‌یان بو نیو "جه‌هه‌نه‌می سارد" (٢٠) به‌کیش کرد، بلیی ئاخر، ده رده داری ئاواره یی و شولاق کاری خوش باوه ری، برینی گیان و له شمان چه ند ده یه ی تر ساریژ ده بی. تازه، ئه وه بو نیزامی نوی، سه ره تای کاره. هه ر چه ند "گولی ره ش" (٢١) ده پشکوی، ده بی به خوینی حه مه یه ک ببیژری، تا گولی ره‌ش باله‌خانه‌ی مالی چه‌له‌بی داده‌پوشی، ئاسمان ره‌نگی سووربای وه‌رده‌گری، سالی "٢٠٠١"، له شوین هه‌ر مومیک داده گیرسی، بریاره ئوکسجین له ١٠ موم ببرن! (٢٢) جه هه نه می سارد کوره یه که ئه ستیره ی زه وی سوری ژیانی چالاکی، کرمی دژی گولی سوور و گیانی سوور و ئاسوی سووری تیا په روه رده ده بی. مه ترسی گه وره لیره دایه، دووباره‌ی ده‌که‌مه‌وه **مه‌ترسی گه‌وره لیره دایه؛** جا تو نووسه‌ر وریابه! هونه‌رمه‌ند، ده‌رهینه‌ر، ئه‌کته‌ر، په یکه رتاش، نیگارکیش، دره نگه، دره نگه، زور دره نگه. (٢٣)

دووەم:

## "شەری ئەهلی دەروونی هونەر"

ا_ مارکس لە کتیبی ئایدیولوژی ئەلمانیا، بە دوای باسەکانی دابەش‌بوونی کاری کومەلایەتی، دیتەسەر بە رهە م هینانە وە ی ئایدیولوژی و ئیتساتیکا. ئیستاتیکای "زال" و پە یرە وکراو بە سە ر کومە ل دا، ئیتساتیکای چینیکە کە لە رووی ماددی‌یەوە بالادەستە و هویەکانی ژیان و روشنبیری بەدەستەوەیە. لەگەل هەر دەورەیەکی بەرهەم‌هینانەوەدا چون سەرمایە و نارەزایەتی کریکار نوی دەبنەوە، ئاواش فیکر و ئیستاتیکاش بە رهە م دە بنە وە. کومە ل لە پروسە ی بە رهە م هینانە وە ی ژیان و بە رژە وە ندی ئینسانە کان دا، بو گرایشاتی سیاسی، کومە لایە تی، فکریش دین و دە بنە گروپی کومە لایە تی دژ بە یە ک. نموونە ی بە رجە ستە لیرە دا ئە وە یە، دە شی نووسە رانی بورژوا مانە وە و بوونی رژیمەکەیان وەک "بوونیکی ئەنتاگونیست" ببینن بەلام هەرگیز ناتوانن ئازادی و ئازادبوونی ئینسانە کان لە دەسەلات و پەیوەندی سەرمایەوە ببینن. راستیەکەی دەبی ئەوەش بوتری کە تەنانەت نووسەرانیکی کەمیشن ئەوانەی دەتوانن لە بەرهەمەکانیان و ژیانیشیاندا پراتیکی دژی سەرمایەداری کریکار وە ک دیدگا و ئاسویە کی بەرجەستە نیشان بدەن. بەکورتی نموونەیەکی تر بەکەلکە؛ گرایشی دیموکراسیزمی بورژوای کە لەنیو هەموو بالەکانی‌تردا سەرکەوتووترە، جوریک لە ئازادی و بەختەوەری ئینسان تیدەگا و ئاسوشی بو ئاییندە ی رزگاری لە مە ودای ئە زە لیە تی کویلە ی کاری بە کری دا دە توانی مانا پە یدا بکات، هە ر بە هە مان د ە ستوور گرایشی سوشیالیزمی کریکاری، ئازادی ئینسان وە ک رزگاری ژیان لە چنگ واقیعیە تی دە سە لاتی سە رمایە بەسە ر کارە وە دە بینی و ئە م ئاسویەش بو خەبات دەبیتە ئامانجی سوشیالیستی (۲۴). نیزامی سەرمایەداری لەم وەرچەرخانە مەزن و جیهانی‌یەدا، لە ئاسوی ئارایشی نویی دا، ریگای کونەپەرستی و ریبازی "راست‌رەوی" منالانەی گرتوتە بەر و ئامانجی بە کە م گرتنی هە ست و خوشە ویستی ئینسانی و تە حقیری کومونیزمی وە ک بە رهە م هینانە وە ی ئیستاتیکای ناوەتە دەستوور کارەوە. هیرشیکی بی ئامانی بە ئافاتی گەورەی فەرهەنگی لە هە موو لاوە بو سە ر فکر و ئاوە زی کریکاری بە دە ستە وە یە. قیافە ی دونیای نوی ئاودامان ناسیونالیزمی توخ و دواکە وتوو، شوفینیزمی کویر و حقدی میللی و مەزهەبی‌یەکی عەقلانی لی دەتکی. خورافە و نەزانین و تاریکی سەدەی ناوەراست و رەگەزپەرستی و ئایدیالیزمی رووتی کردووە بە گژ بیر و باوە ری شورشگیرانە و مە رامی ئازادی بە خش و ئاسوی روشنی کریکاردا. چارە ی قوتاربوون و دە رچوون لە م ئە زمە فکری_ جیهانیە ی دا، بی گومان بن کە مایکیافیلیە ت و فاشستی و راسیستی رە ت ناکاتە وە؛ شیرپە نجە و وە رمی کوشندە ی تە نیا بە قووت دانی کە پسولی هیستریکی "ئە نتی کومونیستی"، بو ماوە یە ک دەوەستینی. پیناسەیەک دەبی هونەری بورژوا بیکات بو "حەمامی خوین" یانی دنیای نوی، زوریک لە وانە ستوک وبی بایە خ بوونە کە تا دوینی وە ک دە سکە وتی میژوویی بو نووسە رە دە رکە وتووەکانی دە ژمیردران. باوە "یاناریونس" (۲۵) کلاوی رە ش رە ش دە نیتە سە ر و "سابیر" (۲۶) دیتە بە ر دە رگای "توماس بیکیت". (۲۷)

ب_ بە گویرەی ئەوەی، فەرهەنگ و هونەری چەپ و نووسەرە هەلکەوتووەکانی سوشیالیزمی بورژوایی بو دژی کومونیزمی کریکاری، لە شانوی نیزامی نوی دا، کارامە یی یە ک نە ما نمایشی بکە ن؛ بالی راست لە نیو کومە لیک کیشە ی جیهانی و هە مە گیردا، بە تاک کە وتوتە وە و بە بی قسە؛ جاری دە ریایە ک خوینی ویست، ئیستاش سوارە کانی بە نیازن لە مە یدانی فە رهە نگی دارزیوی دا ئە سپە کویرە تاوە ن. قوتابخانە ئە دە بی و بزووتنە وە هونە ریە کان لە سە ر ئە م خاک و خولە وە پی دە گرن و پە یدا دە بن، لە مە ودوا خوینی "یە شار کە مال" لە کروکی ئیسقانە کە ی "کامیل ژیرە"وە

(٢٨) فروکەی سپی وەردەگری. "محمود دەرویش" و "توفیق زیاد" لە "هولی گەل"دا (٢٩) کوتری جوامیر، چلە زە یتوونی لە سە ر گویسە بانە ی کونگرە ی ئاشتی دا بە ردە داتە وە بە ردە م "شیمون پیریز"؛ (٣٠) "چە نگیز ئایتماتوف" و "مسعود محەمەد" سلاوی نوی بو ژیانی نوی بە گورباچوف (٣١) دەدەن. کەم نین ئەو شاعیرانەی عەریزەی "کارەساتی هەلەبجەیان" بردوتە خزمەت "خافیر پیرز دی کویلار" ریکخراوەی مافی مروف. پە خشان نووسی شارە زا، ئاموژگاری دوستە ئە وروپی یە کانی دە کات تا بین تاوانە کانیان!! لە گومی ئە سرینی "خانمی میتە ران"دا بشونە وە. "فواد صدیق صابر" و دە یانی تر وە ک ئە و لە "ریگای کوردستان" دا (٣٢) ئامادە قە لە م بەکارن هیرش بو سە ر ئە دە ب و هونەری کریکاری بکەن. رووخانی پەیکەری "لینین" بو "بەلشەویکیک" رەمزی چ هیرشیکی گرنگە، بو شاعیریکی کومونیستیش کە "مایکوفسکی" (٣٣) لە دە ریای لە بیرچوونە وە دا دە خنکینی، هە مان رە مزە. جیگای داخیکی زورە کە "ئیرە ج عە تائی" (٣٤) ئە م سە فسە تە سە روو چینا یە تی یە بە گویی کریکاردا بخوینی. ئە م روژانە، ئیدی پە لە پە ل لە سە ر ئە وە یە هە رچی بوی دە کری فوویە ک بە مایکروفونی دراوی بورژوازی دا بکات. هە رچی برشتی خامە ی لە کار دابی بو تیزاب بە سە را کردنی ئیحساس و شعوری کریکاری، دین و ریز دە بە ستن و دە نووسن دژی هە رچی کریکارە، دژی هەرچی زەحمەتکیش و ئینسانی یە... ئیتر ریزی بی ئەژمارەی شاعیرانی ناوداری وە ک "لە تیف هە لمە ت" و "مکرم تالە بانی" لیک دە دە ن و پیک دە گە ن لە گە ل "کە مال میراودە لی" و "شیرکو بیکە س ".

جـ لە کارنامەی بزووتنەوەی فەرهەنگی بورژوازی دا، ئەدەب و هونەرەکەی، ئیستاتیکای ناسیونالیستی توخ و تەسک بین و بەرچاوتەنگی میللی و لیبرالیستی بی تام و بی ناوە روک بە رووی ئیستاتیکای ئە نتە رناسیونالیزمی کریکاردا دەدات و ئایندەی رەوتی ناسیونالیزمی پی رزگار دەکات لە ئەزمەی فکری بورژوازی. لە ئاسمانی رادیکالیزمی ناکریکاریدا، هەروا ئەستیرەیە و دادەچوری و لە شوینی خویدا چەند تروسکایی یەکی لاواز نەبی، درە وشاوە یی تیانی یە. دە رگای کوریان ئاوالا خستوتە سە ر پشت، بو ئە وانە ی دە ست لە خوشە ویستی و سوزی کریکاران و ئینسان هەلدەگرن. دەیان نووسەری بەتوانا دەکرن و بەهەرکەشی قوربانی کورە سەرمایەداریک دەکەن. لە سیستەمی فکری بورژوای دوای شەری ساردا، بە پیچەوانەی ئەوەی دەبوو رووبدات (یانی موربوونی چارەنووسی ئینسانەکان بە ئاسوی سوسیالیزمی کریکاری) جەرەیانی "خرت و پیری سوفی شاری"، دین لق و پوپی نەمام دادەپاچن. بەپی ی قسەکانی وەزیری روشنبیری میسری بو روناکبیرانی ناسیونالیستی عەرەب، پی ی ناوی؛ "غزوی ثقافی ئیمپریالی" بکە ن، بواری شی کردنە وە ی وردتر و ئە سل تر لە ئال وگورە کان با بو شوینی تر بی. بە تایبە ت ئیتر بو میتودی باسە کە م و لە رووی پیکنە ری "مولفە ی " ووتارە کە شمە وە دیمە وە سە ر "روو بە روو بوونە وە ی سە ربە خو" (٣٥) ئە و شوینە ی پانتایی بە رە ی شە ر دیار بیت.

د. ویرای ئەوەی یەکیتی و ریکخراوبوون، خوی دەسکەوتیکی میژوویی یە وە، بووتەکاریکی روتین لە گوزەران و خە بات دا، بە لام روونکردنە وە ی بە کورتیش بی لە سە ر سروشت و ماهیە تی ئە م جورە ریکخراوبوونە جیگای خویە تی:

١ ـ نووسەرانی بورژوازی لە دەیان و سەدان کور و کومەلی نیوخویی و جیهانیدا ریکخراون و بە ریکخراوی کاروبارە کانیان ئە نجام دە دە ن. هە رچە ند بە رهە م هینانی سە رمایە داریش کریکار وە ک چینیکی سازماندراو، بە هرە مە ند لە شیوەی جیاجیای ریکخراوبوون هیناوەتە دەر، لە گەل بەرهەمهینانەوەی سەرمایە دا نارە زایە تی و پراتیکی دژی سە رمایە داری کریکاریش نوی دە بنە وە. ئیستاتیکای هە لقولاو لە نارە زایە تی کریکار دە بیتە بە شیک لە ئاسو و سیمای چینەکە. ئاسوی کومونیستی کریکار و ئیستاتیکای ئەنتەرناسیونالیستی کریکاری، نووسەران و هونەرمەندانی هەلکەوتووی خوی دەهینیتە دەر و بە دەوریدا کودەبنەوە و گەشەی پی دەدەن. بە یەک رستە میحوەری نزیک بوونە وە ی نووسە ر و هونە رمە ندی کریکاری، ئیستاتیکای ئە نتە رناسیونالیستی یە و لە تریبونی ئە وانە وە "مە لای

قه له  ره شكه" بانگه واز ناكات. (٣٦)

٢_ له سه ره تاى ووتاره كه دا، ووترا كه له نيو خه باتى چينه كان دا، ره وه نده ئه ده بيه كان و بزوتنه وه هونه ريه كان ده توانن په يدا ببن و له نيو بچن وه ك دياره ده ى گرايشى فكرى _ كومه لايه تى دياريكراو. كريكار و بزوتنه وه كه ى بو ئيمه مه به ستن و ئامانجمان گه شه دانه به هونه رى ئه نته رناسيوناليستى كريكار. ئه گه ر ئيستا له ژير سايه ى گيانبازى كومونيسته كان و خه باتى چينه كه مان دا ديموكراسيه كى نيو به ندى ناجيگر هه يه، فه لسه فه ى كوكردنه وه ى ئيمه نيه. يان "بير چال" له ووتارى نانى ره ش و شيعردا ده لى: "يه ك شورشى كومه لايه تى زور زياتر له ده سه لاتى سياسى ده روات" (٢٧)، ئيمه نووسه ر و هونه رمه ندى ئه و شورشه ين كه پرولتاريا هه رساته خه ريكى خه ملاندن و به رپاكردنى يه تى.

٣_ ئه و فه لسه فه يه، باسكردن له كومه له ى سه ربه خوى ئه ده ب و هونه ر، زور ريا كارانه يه و ئه گه ر ئه نگيزه ى خاوه نه كه شى شه ريف بى، فريو خواردووى وه همى بورژواييه. نووسه ر و هونه رمه ندى كريكارى دابر نيه له ژيان و ئازاره كانى چينه كه ى و سيماى روون و لايه نگرى حيزبييه ته له ژيانى سياسى چينه كه ى دا. ريكخراوى ئه ده ب و هونه رى كريكارى كانوونيكى جوش دانى ووشيارى چينايه تى و هه لشاخانه به رووى واقعى سه رمايه دا. كومه له ى سه ربه خو گوزارشى كومه له ى تيره كانه و نووسه رى كومونيست ده بى له سازمانيكى كومونيست دا بى. (٣٨)

ه . (ريكخراوى هونه ر و ئه ده بى كريكارى) بو ئه وه ى ره فتار و كه سايه تى و هه لويستى كريكارانى كومونيست له هونه رى ئيمه دا خو بنوينى و ئاره زووى ئه وان بدوينى و ئاسوى ئه نته رناسيوناليستى به رووى يه كيتى نووسه رانى عيراق و كومه له ى سينه ماى كوردستان و لاوانى تيروژدا (٣٩) جيگر و راوه ستاو بيت، هونه رى ئه نته رناسيوناليستى كريكار، له برى سربوون و ته خديربوونى به تابلوى جه هه ننه مى سارد و له برى شوردنى ئاوه زى به حه مامى خوين، په يامى ئيمه له ساته يه كجار سه خت و دژواره كان دا بريسكه ى بى. بزوتنه وه ى كريكارى، بزووتنه وه يه كى چينايه تى جيهانى يه و كومونيزم خوى مه سه له ييكى جيهانيه و ئه مروش سه ره راى ئه وه ى چى له باره يه وه ده وترى، بو هه ميشه له پيشتره. به دريژايى نيو قه رن زياتره جيهانى سه رمايه تووشى ئه زمه ى شورشگيرانه بووه،؛ ده يه ى ئاينده، ده يه ى ده سبردنى كريكاره بو كارى شورشگيرانه ى جه ماوه رى؛ ده يه ى دروست بوونى ئه حزابى كومونيستى پر توانايه؛ ده يه ى موربوونى رووداوى سياسى نيو كومه لگايه به سياسه تى سوشياليزمى كريكارى، شورشى ئوكتوبه ر له سه ده ى بيسته م دا، رووداويكى به رجه سته ى ميژووى كومونيزمه. به يه ك ووشه؛ ده يه ى پشت راست كردنه وه  و سوراخ كردنى ريگا چاره ى كوتاييه.

ئه نتيليجنسيا و رووناكبيرى بولشه ويكى بين و تيورى روشنبيرى لينينى مان كردبيته په رچه مى بزووتنه وه كه مان. ناكرى خومان له هه لويستى ئه نته رناسيوناليستى كريكار به رامبه ر به ناسيوناليزمى كورد و عه ره ب و جيهان ببويرين. كاريكى قورسه، ناخوشه و سه خته، به لام بريار نيه نووسه رى بولشه ويكى بو سيبريا دوور نه خريته وه. ناسيوناليزم به بلاوكردنه وه ى چر و پر به گيانى ته حقيرى سوشياليزمى كريكارى له ئاسوى پيروزى بزوتنه وه ى كوردايه تى دا، كه ركوك ده كاته قودس؛ نموونه ى به رزى ئينسانى تيكوشه ر له ناسيوناليزمى كورد دا، هه لويه كى به رزه فرى سه روو چينايه تيه، كورد ئه و ئينسانه يه چه كى كرده شانى "**به شه ر**" (٤٠). بو ئيمه چى؟! نموونه ى به رز و ئايديالى ئينسانى تيكوشه ر كى يه؟! يان ده بى چون بى ؟

و. ميژووى گه شه كردنى گرايشى رياليستى له هونه ردا ده توانى ببيته  باسيكى سه ربه خو و ئه وه شم له ده ستوور دا نيه، به كورتى ده توانين تايبه ت تر له شوينى تردا ليى بدويين و ليره دا ته نها به چه ند ووشه له ده رگاى ئه و مه سه له يه ده ده م. په يداكردنى ديدگا و روانگه ى رياليستى له ژيان وهونه ردا، تايبه تمه نديتى يه ؛ نووسه رانى بورژوازى ته نها كاتيك، له ميژوويه كى دياريكراودا، توانيويانه ئه وه به ده ست بهينن كه بورژوازى به پيى رولى ئه و ده بوا گشت

هەواڵنامەی کتێب

کومه لی نوینه رایه تی بکا و ئامانجه کانیشی ده یتوانی نزیکه ی کوی هیوا شورشگیره کان بی. هه رگیز، هه رگیز تویژ و چینه کان چه ندیش چه وساوه بووبیتن، به لام که ئاینده ییکی باشتریان بو خویان و بو کومه له که هه لنه گرتبی، نووسه رانیشیان نه یانتوانیوه کومه ل له پروسه ی گوران و کیشمه کیش دا ببینن، که سروشتی هونه ری ریالیستیه. ئیمه له هونه ری کوردی دا، شایه دی که له پووریکی ده وله مه ندی ره وتی واقیع گه رایی نین. ئیستا تازه هونه ری قه له م به ده سته کانی بورژوازی کورد، بیزاری خویان له ساده یی و ساکاری و روتینی ژیانی ره شه خه لک ده رده برن و به شوین پروفیسوره جه نگاوه ره کانی زانکوکا نی سوربون ده که ون. به من ژیان و هونه ر و ره وتی ئاینده ی هونه ری کریکاری له سه ر جاده و شه قامه کانه وه ده ست پی ده کا. له ژیانی پر و له وانه ی دونیا دروست ده که ن. که له پووری ئیمه ده گه ریته وه بو سه ر مه کسیم گورکی و بریخت و جه و هیل و مایکوفسکی و جاری تر دریژه ی ریبازی ئه وان به خومان ده سپیرین. له هونه ری ئه وان دا، رق و کینه ی میلله ته کان له یه کدی، به ئاسوی بورژوازی ده زانری و هاوپشتی و خوشه ویستی چینایه تی ئینسانه زه حمه تکیشه کانی دونیا بو یه کتر ده گیرنه وه. له شاکاره ئه ده بی و هونه ریه کانی ئه وان دا، نموونه ی ئینسانی ئازاد و تیکوشه ر، کومه لی بارگه ی تایبه تی پی یه که ئاشکرا و روونه؛ دژی به رچاوته نگی و خوپه رستی یه و خوی دروست کراو و دروست که ره؛ ئینسانیک ووشیار به خوی و به کومه له که یی و ئاسوی دونیایه کی یه کسان و پر کامه رانی پی یه ... ئه وان کریکاریان له مه ودای خوزگه و ئاره زووی سوشیالیستی دا ناساندووه. له سه ر ئه م گرایشه وه، به م پیناسه یه وه بو کاره کانمان، ده توانری له سه ر چه ند و چونی ئه ده ب و هونه ری کریکاری لیکولینه وه ی ورد تر بکه ین . مه سه له ی له چه شنی "پرولت کولت" ی رووسیا، مه سه له ی بلاوکراوه کان، گوفار، نووسین ده رباره ی ناوه روکی کیشه کانی تیوری ئه ده بی سه رده م و مه سه له ی زمان و ساده یی به رهه م ... به کاربردنی ره مز و داستان... پاله وانی سلبی و ئیجابی... هتد ته نها له نیو گرایشه وه شایانی باس کردن و تاو و توی کردنن. (٤١)

## ژیرنووسه کان:

١ــ دونیای نوی: مه به ست له "نیزامی جیهانی نوی"یه که جورج بووش بریاره به بالای سه رمایه داری دوای شه ری ساردا ببری.

حه مامی خوین: بروانه ووتاری "بزوتنه وه ی دژی شه ر له جیهان "دا، "پرولتاریا" ی ژماره "٥" ئورگانی ریکخراوی ره وتی کومونیسته.

٢ــ ده قی ئه م ووتاره له کوبوونه وه ی روژی ٢٠ــ٩ــ١٩٩١ له شاری رانیه خویندرایه وه.

٣ــ پیشه نگ. کوردی ژماره ١١. ئورگانی کانوونی هونه ر و ئه ده بیاتی کریکاری کوردستان.

٤ــ ووتاریکی هاوری "حسین شه به ق" ه به سه ردیری "ژیان و تابلوکانی ره نج و ئاره زوومان" له پاشکوی ژماره ١٢ ی پیشه نگ بلاو کراوه ته وه، ده ر باره ی کیشه نیوخوییه کانی کانوونی هونه رو ئه ده بیاتی کریکاری کوردستانه.

٥ــ هینری ارفون، جورج لوکاش ترجمه د. عادل العوا دمشق ١٩٧٠.

٦ــ لینین. فی الادبه والفن ترجمه یوسف الحلاق، یان بروانه ژماره ٨ ، ٩ رابه ر. ئورگانی "حه لقه ی ئه ده بیاتی کومونیست"

٧ــ بروانه رابه ر ژماره ٨، ٩

٨ــ بروانه رابه ر ژماره ٨، ٩ یان مانیفیستی حیزبی کومونیست،

٩ــ بروانه رابه ر ژماره ٨، یان پیشه نگ ژماره ٣ کوردی.

١٠ــ "شیعری شورا کریکاریه کان" شیعری بژار.

هەواڵنامەی کتێب

۱۱ــ وتاری "ناوه روکی چینایه تی کومه لگه و تیوری ئه ده ب" به دوو به ش له ژماره ۸، ۹ ی رابه ر له سالی ۱۹۸۹ بلاو کرایه وه. به شی سییه می ووتاره که م که ته رخان بوو بو هونه ری کریکاری، له روژه کانی گیرانه وه ی شاری هه ولیردا له ۲۱ــ۱ــ۱۹۹۳ له لایه ن حکومه تی هاری به عسه وه سوتینرا، به شی چواره می به دوو به شی لیکدی جیاواز و دوور له یه ک بلاو کرایه وه که وای لیکردم سارد بم له سه ر ته واوکردنی ئه لقه کانی‌تر، ئه م باسه ش ته واوکه ری هه مان ووتاره و ده چیته خانه ی هه مان بابه ته وه.

۱۲ــ نیوی وتاریکی هاوری نادر عبدالحمیده که له پرولیتاری ژماره ۲ بلاو کراوه ته وه، هه روه ها هاوری حه میدی ته قوایی باس له کوتایی هاتنی ئاهه نگی جه ژنی هه ره س هینانی کومونیزم ده کات وه ک ئه وه‌ی ئالوگوره کان خیران و ماوه ی که متر له ٦ مانگیان بو دانا، تاکید نیم له کوی خویندوومه ته وه.

۱۳ــ چینه زه حمه تکیشه کان به دریژایی میژوو خه باتیان له دژی سته می کومه لگای چینایه تی کردووه، عه داله تی کومه لایه تی وه ک ئامانجی خویان ناسیوه و نموونه ی ژیانی ئاینده یان بووه.

۱۴ــ مارکس، ثامن عشر من برومیر.

۱۵ــ ئاتین پاله وانی لیهاتووی رومانی "جیرمینال" ی ئه میل زولایه.

۱٦ــ کریکارانی پارچه چن، شیعر و سرودی به نیوبانگی "هینریش هاینه"

۱۷ــ حه مه عه لی، پاله وانی رومانی "نینا"ی ثابت ره حمان، مه لا حه مید شه خصیه تیکی کریکاری چیروکی "هه نگاو" ی کاک سواره یه که له لایه ن کومه له ی تیکوشه رانی کومونیسته وه بلاو کرایه وه له سالانی ۱۹۸۸، ۱۹۸۹.

۱۸ــ کارگر امروز ژماره "۱۰"، نشریه انترناسیونال کارگری.

۱۹"توفانی سه حرا" نیوی شه ره کانی بورژوازی ئه مریکی و هاوپه یمانه کانی بوو له دژی حکومه تی بورژوازی عیراق له کیشه ی خه لیج دا.

۲۰ــ جه هه ننه می سارد، له نووسینیکی "کاک عبدالله مهتدی" دا هاتووه بو گوزارش کردن له تراژیدیای ئاواره یی خه لکی کوردستان له کوچره وی به هاری "۱۹۹۱" دا، له شاره کانه وه به ره و کویستانی ساردی شاخه کان و سنووره کان.

۲۱ــ بروانه چیروکی "گولی ره ش" له کتیبی "گولی ره ش"، نووسینی "شیرزاد حه سه ن".

۲۲ــ هاوری "منصور حکمه ت" له وتاری جیگه و ریگه ی کومونیزم له جیهان دا باسی ئه وه ده کات سالی ۲۰۰۰ له شوین پیگرتنی هه ر کومونیستیک بریاره ۱۰ کومونیست بفه وتینن.

۲۳ــ داستانی هه لوی سوور، داستانه شیعری شاعیری نیوداری بزوتنه وه ی شیعری کوردی "شیرکوبیکه س ".

۲۴ــ بو زیاتر روون بوونه وه ی ئه م خاله، جگه له ئایدولوژی ئه لمانی، سه رنج دان و خویندنه وه ی "جیاوازیه کانمان" نووسراوه ی هاوری "منصور حکمت" زور به که لکه.

۲۵ــ "باوه یاناریوس" که سایه تی سه ره کی و بی وه ی رومانی "براکوژی" ی رومانووسی به توانای یونانی "کازانترازکی "یه.

۲٦ــ سابیر یه کیک له که سایه تی یه دوورکه وتووه کانی رومانی "شار"ی "حسین عارف".

۲۷ــ توماس بیکیت، رئیس الاساقفه له شانوگه ری قتل فی الاکتدرائیه له نووسه ری گه وره ی ئه مریکی ت.س.الیوت.

۲۸ــ "کامیل ژیر"، وه ک ره مزی زیندووبوونه وه ی کوردایه تی هاتووه، له نیوی دیوانیکی یه وه هاتووه "کوردایه تی".

۲۹ــ هولی گه ل، هولیکی گه وره یه له شاری هه ولیر نزیک به سه نته ری شاره، له ساله کانی په نجاکان دا کوبوونه وه ی جه ماوه ری جوتیاره هه ژارو زه حمه تکیشانی تیا ده کرا.

۳۰ــ مه به ست شیعری "دووریان"ی "شیرکوبیکه س" که له مفاوه زه‌ی سالی"۸۴"ی یه کیتی نیشتمانی کوردستان و حکومه تی به عس دا بلاو کرایه وه.

۳۱ــ مه به ست نوسراوه ی "مسعود محمده " "تحیه الی گورباچوف".

۳۲ــ "فواد صدیق صابر" یه کیک له نووسه ره کانی هه فته نامه ی "ریگای کوردستان" ئورگانی حزبی شیوعی کوردستانه.

٣٢ــ ژماره "٣" ریگای کوردستان ئابی سالی"١٩٩١"، چاوپیکه‌وتن له گه‌ل هاوری "عزیز محمد" سکرتیری حزبی شیوعی عیراق.
٣٤ــ ئیره ج عطائی، پیشه نگ فارسی ژماره "٥".
٣٥ــ نیوی وتاریکی هاوری "امجد غفور" که له پرولیتاری ژماره "٥" دا بلاوکراوه ته وه.
٣٦ــ شیعری "به یان"ی "شیرکوبیکه س "، مه به ستم زمانی یه ک گرایشی هونه ریه .
٣٧ــ پیشه نگ، فارسی ژماره " ٧ " ووتاری "نان سیاه و شیعر"
٣٨ــ "مارکس، انگلس"، ئایدولوژی ئه لمانی
٣٩ــ لاوانی تیروژ، کومه‌له لاویکی ناسیونالیستی که‌م شاره‌زا له هونه‌ردا و لیهاتوو له مه‌رایی‌دا، گوفاریکی هونه ریان ده رده کرد له شاروچکه ی "سومیل" ی کوردستانی عیراق دا به نیوی "تیروژ".
٤٠ــ مه به ست له و شیعره ی "شیرکوبیکه س" که له "به یان" دا بلاو کرایه وه که پیشکه ش به کوردستانی ئیران کراوه و باس له وه ده کات به کورد و عه ره ب و فارس و تورک پیاویکیان دروست کرد، کورد چه کی کرده شانی ئه و پیاوه.
٤١ــ به داوای لیبوردن له خوینه ران، ره نگه ژیرنووسه کان و تیبینی یه کان روشن نه بن و باسه کان هه مه لایه نه نه بن، یان زوریک له وانه ی ناویان هاتووه له نووسه ران و که سایه تیه کانی تریش سه ر له خوینه ر بشیوینن، ناچاری وتاره که م وای لیکردم و دوودلی خوم ئیوه ی ئازار دابی داوای لیبوردن دووباره ده که مه وه.

***

هەواڵنامەی کتێب

# ئومیدیکی تر...

سه فین عه لی

تورکیا_ کریکالا _

له شاره ره شه کانی بارانه وه هاتووین، پیاله یه ک زه رده خه نه و مشتی ئاره ق و فرمیسک، توزقالیک ئومید به ده ربازکردنی ساله کورته له ده ست نه چووه کانمان. ئانتینی سوز و هزرمان له گه ل شابروسکه بی ئوقره کانی شار بالی شکا. هه ر له گه ل یه که م تریشقه ی ئیواره یه کی ئایار سینگمان وه ک هه میشه کرده وه بو ته رزه و ره شه با؛ به پالتو ره شه کانمان وه نه وشه کانمان ده پاراست؛ بو ئه وه ی نه سلی ئینسان له نیو نه چی، هیلکه دله کانمان له دالده ی روحمان حه شار ده دا. چاومان له گه ل تیری گوناهه کانیان ده سته ویه خه بوو، خه ونی به پیوه راگرتنی ئاپارتمانه کانمان په خش ده کرد، بوونی مروفمان پی موعجیزه و په رچوو بوو له بسته خاکیک، بیجگه له چرقه ی گه رما و گه رمای خوین و گولله توپ هیچ هه ستیکی تری تیانیه. «دایکی نیشتمان» ئه مجاره ش نه فره تی له روله بی ئه مه که کانی ده کرد، دوژمنانی چرا و گورانی و نازی ئیوارانی کچه شاریه کان...

له شاره بی وه نه وزه کانی زریانه وه هاتووین. منداله بی رایه خ و کولاره کانی ئه م شاره، ناچار له نیو یاریگا پر له قاوه نه کانی شاره کانی تر یاری ده که ن. له عه سره نگاویکی سامناک به کوردی پییان ووتن ئیتر ئیوه نابی لیره هه ناسه بده ن و چاوشارکی بکه ن، چونکه ره نگی چاوانیان له گه ل ره نگی به یداخه روو زه رده کورد ه واریه کان ناگونجی... ئیمه ش به گژ ئه و کیوه ئه ژدیهایانه دا چووینه وه که خه ریکن وولات ده که ن به خه لات بو دیوه زمه کانی باشوور و خورهه لات! که چنگمان له قوپچه ی به روکیان گیربوو، تازه ترین درویان به خشی، لافاویکی تر له مورکردنی کاغه ز و به لینی رووره شی هه لیکرد...

له شاره برموداییه سی گوشه کانه وه هاتووین. هه ندیکیمان چه تره شه که ته که ی سه ری پره له مومی تازه؛ ئه وانی تریش جوینه وه ی زه مه نه کان بوته خولیایان... چاره نووسمان به فه لته یه کی زه مان، ئه حوالی گیرفان، په شیمانی له دایکایه تی و باوکایه تی دیاری ده کری. میشکی ماندوو چاوه ریمان ده بی «۲۵» سه عات کاربکات ده نا گره وی ئه م هه موو ته ونه ی بو هه لناهینری...

له شاره بی باوه شه کانه وه هاتووین. له ریگای مان و نه مان و یه خه گرتنی ژیان ته نها کیلگه یه کی مین و ئه سپیکی سی لاقی شه لالی ئاره ق و خوینمان بو مایه وه. خه ونه کانم نابنه چه پکی بخورد و وه نه وشه، د ه نا ئه م سه رزه مینه یان ده کرده به هه شت. له تووله رییه کی زور باریک و ئه سته مه وه گیانم ده ربازکرد؛ توله رییه کی یه ک که سی، بویه ش چاوه کانیم له نیو مه ره زی بالایا جی هیشت. ئیستاش له م وولاته هه لبزرکاوه هه نگاوه کانم ده ژمیرم... زور جار په شیمانیه کی توند دامان ده گری بو ئه و هه ناسه ره شانه ی له وی هه لمان مژتووه، رقیش له خودا کورده واریه کان ریگای دوکه لاوی ترمان پی نیشان ده دا... یان گه رانه وه بو باوه شی «دایکی نیشتمان»، باوه شه سارد و بی بون و سه وزاییه که ی، یان خویندنه وه ی هه زاره ها ته لیسم بو ده ربازبوون له ده می ماسیه برسیه کانی ده ریا و نووکه تیژه کانی چه تاله بی هه سته کانی په نجه چه کداره کان... ئای، ئیمه باجی چ جوره بوونیک ده ده ین!

له شاره ته ماویه کانی ولاتیکی بی سنووره وه هاتووین. هه موومان مافی خاوه نداریه تیمان لی سه ندراوه ته وه؛ خاوه نی ئه و ده ستانه ش نین که چاومانی پی ده شوین و پیی ده چینه جیهانی ئازیزانمان. ده م و گیرفانه د ه گمه نه کانی باران، له سایه ی شیرازه ی برینیکی قوول ده چنه ئاهه نگی وه سیه تنامه، له گه رمه ی ره شبه له کی شلیر و وه نه وشه کان، بالا هه وره کان چاوشارکی ده که ن.

هەواڵنامەی کێتر

له شاره دووره کانه وه هاتووین. که م که م که ف و کولی خه یاله خه ته رناکه کانی باران ده دوینین. له ته نگه به ری روحه سروودخوینه کانی وولات ده بینه نه غمه؛ له جاران زیاتر سینگمان والا ده که ینه وه بو ره شه با و ته رزه؛ له سه رزه مینی زاره تره ک بوونی خیوه کان ده بینه ئالا... سبه ینی رووباری خوشاو و شیر له به ر ده رگای ماله پیره کانمان را ده بووری، شه رم و شکوی هه تاو ده شکی. نیوه ی عومرمان له نیو شه مه نه فه ری جوینه وه ی دروکانیان به سه ربرد، ئیتر بتی دروکانیشیان ده شکینین، ته لیسمی نه هامه تی ئینسان ئاشکرا ده که ین، مانگه کان مژده ی خوش له باخه ل ده نین، شه مال خولق ناکه ین، خوی بی شه رم دیته ژووره زه رد هه لاتوه کانمان. په نجه گوناهباره کانی به زاندنی سنووره کانی زه مین ده که ینه بلووری شرین. له هه موو شاره دوور و باراناویه کان که رنه فالی ئومید ساز ده که ین...

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# "پەرژینی بیدەنگی" یان لافاوی جەهل

سەلام عبدالله ئیبراهیم، ئەلمانیا

لە ناوەراستی مانگی دوانزەی ١٩٩٦دا کتیببیکم بەناوی «پەرژینی بی دەنگی» دەست کەوت، کتیبە کە بریتی یە لە گفتوگویەک لەگەل مەسعود محەمەد. پرسیارەکان لەلایەن هەلو بەرزنجی یە وە ئاراستە کراوە. لیرە دا هەول دە دەم وە لام و تیبینی خوم لە سە ر بوچوونەکانی مە سعود بخە مە روو، بە هە مان شیوە لە سە ر پرسیارە کان.
بە لام سە رە تا ناساندنیکی کورتی مە سعود محە مە د بە کاریکی پیویست دە زانم.
مە سعود محە مە د، بلیمە تیکی دە گمە نە لە نووسین بە زمانی عە رە بی دا. سالانی حە فتاکان سە روکی ـ المجمع العلمی الکردی ـ بووە. خاوە نی دە یان کتیب و نووسراوە یە لە وانە: "گە شتی ژیانم" لە سوید سالی **١٩٩٣** چاپکراوە. "بو گورباچوفی مە زن، سلاو و تکایە". "حاجی قادری کویی، **٣**بە رگ".
مەسعود محەمەد کاری پاریزەری «محامی» کردووە، وە لە شەستەکاندا وەزیر بووە و ئیستا لە بەغدا دەژی. ماوە یە ک لە وە پیش هاتووە بو لای جە لال تالە بانی بو ریکخستنی گفتوگو لە گە ل فاشیستە کانی بە غدا. بە ناوبانگە بە دژایە تی کردنی شیوعیە ت(بووە بە پیشە ی). مە لیک حوسە ینی ئە ردە ن بە پیاویکی بە رز لە قەلە م دە دات.
"پەرژینی بی دەنگی"، ئەو کتیبەی لیرەدا جیگای سەرنجدانی منە، لەبلاوکراوەکانی کومەلەی فەرهەنگی سوید ـ کوردستانە کە چاپی یە کە می لە سالی **١٩٩٦** دا بلاوکراوە تە وە.

١ـ پرسیاری یەکەم بە هەلە داریژراوە. دەربرینیک وەک «فەلسەفەی مروف» هیچ نابەخشیت، چونکە مروفەکان جوراوجور تی دەفکرین. جورەها فەلسەفە هەیە، دەبوایە ماموستا مەسعود وەک زمانەوانیک دوو وشەی لەسەر دارشتنی پرسیارەکە بگوتایە. لە لاپەرەی (٩) دا مەسعود دەلی: «لە بارە ی گورانکاری ئە م دواییە وە» کە مە بە ستی هە لوە شاندنە وە ی سوفیتستا ن و نسکوی کومونیزمە. جودا لە م بارە یە وە دە لیم، بزوتنە وە نیە لە کومە ل دا توشی هە لدیر و نشیو نە بیت. هوکانی ژیرکە وتن، و سە رکە وتن و لە نیو ریگا ئیستاندن، زورن. ئە مە یاسایە کە دە بی هە موو مروفیک (جیاواز لە بیرو بوچوون) تیی بگات. ئە مە ی ئە مرو بزوتنە وە ی کومونیستی روبە رووی بوتە وە، نە یە کە م جارە تووشی بووبیت و نە دواجاریشە؛ تاقە تیوری و بزوتنەوەش نیە کە تووشی بووە. بزوتنەوەی نەتەوایەتی (لەسەر ئاستی کوردایە تی، عە رە بایە تی، تورکیایە تی ، ئە لمانیایە تی) یان سوشیال یموکرات، ئە نارشیە کان ئایینیە کان، فاشستە کان، لیبرالە کان... هتد چە ندە ها سە رکە وتن و ژیرکە وتنیان بە خووە بینیوە. ئە مرو شیوعیە کان (کومونیستە کان) خە ریکی پشکنین و گە رانن بە دوای هوکانی ئە م بارودوخە داو مشت ومری لە رادە بە دە ری لە سە ر دە کریت. بزوتنە وە ی شیوعی (کومونیستی) لە منالیک دە کات هیشتا تازە فیری زمان بووە، هە لە یە کی زور دە کات، هە ندی شت بە هە لە دە لیت، هەندی شت دەکات لیی ناوەشیتەوە... هتد. ئاخر ١٥٠ سال چییە لەسەر ئاستی تە مە ن دریژی مروف؟ یان لە ئاستی چە ند سە د سالی تە مە نی چینی بورژوازی و گیروگرفتە کانی دزی، جە ردە یی، شە روشور، داگیرکردن و داپلوسینە کانی؟ ئە م سیاسە تە بە ناوی دیموکراتیە تە وە بە ریوە چووە.
مەسعود لە رستەی دواییدا دەفەرموی:« من لە روژانی هەرە زووی **١٩٥٠**و هەرە دوایی **١٩٤٩**دا گوتومەو لە هەندی نووسینی ئەوسامدا، کە مومکین نەبوو بلاوی بکەمەوە، گوتومە مارکسیزم ئەگەر تەعدیلاتی بنەرە تی تیدانە کری، ناشی بە ردە وام بیت. چونکە لە گە ل سروشتی مروف و راستییە کانی کومە لایە تی بی ـتاویل ـ ناگونجیت»
من ئە وە بە شتیکی زور تە سک بینانە دە بینم، بە تایبە تی بو کە سیک ناوی مفکر و زانای هە لگرتبی و زاتی ئە وە

بكات له به‌رده‌وام نه‌بوونی ماركسیزم بدویت (ته‌نها له زاری ده‌رده‌چیت)، كاتی كه خودی نووسه‌ر له یاساكانی ماتریالیزمی دیالیكتیك و میژوویی شاره زایی هه یه.

ئه مجار دووان له ته عدیلات هه ر مه سخه ره یه. چونكه له ناو خودی بزوتنه وه ی شیوعیه ت دا جوره ها بوچوون و تاویل و ته حلیل و ریگه ی جیاواز هه یه. بزوتنه وه ی شیوعی خوی له ریزه كانی خوی دا روژانه تووشی چه نده ها گیروگرفت و هه له دیت و ناچاره به رده وام چاویان پیا بخشینی و چاره سه ریان بو بدوزیته وه. هه ر بو نووسینی مانیفیست، "ئه نگلز" له پیشه‌كی چاپیكدا، تیبینی ئه‌وه ده‌كات كه هه‌ندی شت (له‌باره‌ی هه‌ندی حیزب و گروپ) وه‌لابنیت، چونكه به‌سه‌رچون. به‌لام "ئه‌نگلز" ئه‌م كاره‌ناكا، چونكه مانیفیست به پله‌ی یه‌كه‌م ماركس نووسیویه تی و ده یه وی وه كو دوكومینتیك لیی گه ری. لینین، ستالین... هتد چه ند جار ره خنه یان له سیاسه تی خویان و حیزبه‌كه یان گرتووه و گه راون بو ئه لته رناتیف. به رده وام بوونی هه ر بزوتنه وه یه ک، رووداویک، به نده به باری په یوه ندییه كانی (كار+ كومه ل+ ناوه روک) و مه رجه كانی بزوتنه وه كه ـ زاتی و بابه تی ـ له پروسیسی گه شه كردن دا له یه ک ئه لقه ی له یه ک گریدراو دا.

مه سعود پیمان ده لی بوچی ماركسیزم ناشی به رده وام بیت. بوچی؟ له وه لامدا ده لیت : « چونكه له گه ل سروشتی مروف و راستیه كانی كومه لایه تی بی ته ئویل ناگونجیت.»

بوچی ئه و هه موو بزوتنه وانه بویان هه یه به رده وام بن ته نها شیوعیه كه نا؟ ئه مجار چ به شیكی شیوعیه ته كه له گه ل سروشتی مروف ناگونجیت؟ شیوعیه ت له گه ل كامه راستی كومه لایه تی، بی ته ئویل ناگونجیت؟ ئه و بنه ما تیوری، عاطفی، سیاسی یه.. هتد چین كه مه سعود له سه ریاندا ئه و بوچوونه‌ی پیک هیناوه؟

مه سعود له وه لامدا ده نووسیت: « به شیكی گرنگی په یوه ندی به واقیعه وه نیه ، پتر به لای گریمانه ( فرضیه) و ئاره زووی خاوه نه كه‌یدا ده‌چیته‌وه كه ویستویه‌تی(چینی ره‌نجده‌ر) له نه‌زه‌ری‌دا بكاته خاوه‌نی میژوو و له ئاینده‌دا حوكم به ده سته وه بگریت.» ( لاپه ره ٩)

ئه م بوچوونه ی مه سعود له به ر ئه م خالانه ی خواره وه راست نین و بی مانان.

١ـ بزوتنه وه ی شیوعیه ت ده گه ریته وه بو نزیكه ی پتر له حه فتا سال پیش ماركس و ئه نگلز. ئه وه نه زانییه كه ماركس به خاوه‌نی شیوعیه‌ت، سوشیالیزم دابنریت. ماركس و ئه‌نگلز، پشت‌ئه‌ستور به مشت و مریكی ره‌خنه‌گرانه له‌سه‌رجه‌می ئایدولوژیه‌كانی پیش خویان، له شیوعیه‌ت و سوشیالیزمی خه‌یالاوی، بزوتنه‌وه‌ی شیوعیه‌تیان له خه یاله وه بو زانست په ره پی‌دا.

٢ـ مه‌سعود چینی ره‌نجده‌ر به‌خاوه‌ن میژوو نازانیت. ئه‌ی كی خاوه‌نی میژووه؟ له‌وه ده‌چیت مه‌لیک و پاشا و قه یسه ره گوربه گوره كان به خاوه ن میژوو بناسیت. ئه مه یان مافی خویه تی و له گه ل بیر و راكانی ده گونجیت. به لام بو شیوعیه‌كان، كویله و زه‌حمه‌تكیش و جوتیار و كریكاران خاوه‌نی میژوون. بو ئیمه؛ چه‌وساوه‌كان، بو ئه‌ویش چه‌وسینه‌ران و خوین‌ریژان. پاله‌وانه‌كانی مه‌سعود جوته له‌گه‌ل زوربه‌ی زوری كتیبه كانی میژوودا، كه هه ر باسی مه لیک و پاشا و خه لیفه كان ده كه ن. میژووی چه وساوه كان له واقیعدا هه بووه و ماركس ناویان ده بات، ته نانه ت پیش ماركسیش هه‌ر باسكراوه. هه‌ر له سپارتاكوس، قه‌رامیته‌كان، بابه‌كیه‌كان، هه‌تا « شیخ بدرالدین»ه‌كه‌ی نازم حیكمه‌ت، یان راپه‌رینه كریكاریه‌كان و جوتیاریه‌كانی فه‌ره‌نسا، مه‌كسیک، ئه‌لمانیا... هتد وه‌كو بزوتنه‌وه‌یه‌كی چینایه تی كه مه سه له یه كی به لگه نه ویستووه، جا با مه سعود هه ر ناكولی لی بكات. بیجگه له و ه ش ئه گه ر ماركسیش باسی نه كردبا، مه سه له ی ناكوكی چینایه تی هه ر له ئارادایه.

٣ـ شتیكی ئاساییه كه چه‌وساوه‌كانیش هه‌ولی حوكم به‌ده‌سته‌وه گرتنیان داوه و ده‌یده‌ن. مه‌سعود وشیارانه هه ول ده دات چاوی ئه و كریكار و زه حمه تكیشانه ببه ستیت، بو ئه وه ی ریگای خویان نه بینن و به ژیر ده ستی بمینه وه.

زانا مه‌سعود له لاپه‌ره (٩) دا ده‌نووسیت:« یه‌كیک له گوته مه‌شهوره كانی ئه‌نگلز ده‌لی كاركردن خالقی مرویه؟ راستییه كی هه ره سه ره كی و بنه ره تیه كی كومه لایه تی سه ره وبن كردووه، چونكه مروف خالقی كرده وه ی كومه لایه تییه

و، کومەلایەتیش بریتییە لە هەموو میژوو. بە پیی ئەم گوتەیە دەبوو هەموو جانە وە ریک ببیتە مروف. خو میرو بە شە و و بە روژ لە هاتوچو دایە.»

من گومانم نیە لە وە ی کە مە سعود هوشی خوی لە گە ل هوشی میرولە بە راورد بکات . کارتیکردنی کار لە سە ر مروف جودایە لە کارتیکردنی لە سە ر ئاژە ل و جانە وە ر. ئە مە زانینیکی سە رە تاییە کە، دە بووایە «فە یلە سووفە کە مان» پیشبینی بکردایە. بە هە رحال سە یرم لە وە هات کە مە سعود لە لاپە رە ی ٥٠ بە ر پە رچی بوچوونە کە ی لە میسالی میرولە_ مروف دە داتە وە و دە نووسیت: «بیر کاری هوشە، لە ئاژە ل دا نیە، مە بە ستیش لە و بیرە لیکدانە وە یە نە ک یادکردنە وە.»

ئە ری مروف لە پە یوە ندیە کانیدا شتە کان لیکدە داتە وە. داخە کە م میرولە لە و بە هرە یە ش بی‌بە شە.

پاشان مە سعود باسیکی زور درامیمان بو دە کات و نە زاکە تیکی زور جوانی خویمان بو دە گیریتە وە: «وا رچە ی شارە گیرکە یە ک ( هی میرولە کان) بە بە ردە می دە رگای مندا دیت و دە چیت، بە شە ویش پشوو نادات، چ ئاگاشی لە عە زابی من نیە بە دە ست خوپاراستن لە شیلانیان.»

بروا بە و قسە یە ی مە سعود دە کە م. بریا هە ندی باسی خونە پاراستنی دە سە لاتە دیموکراتە کانی دنیا بو رە ش وروتە کان بکات کە چون ملیونە ها مروف دە شیلن بە بی ئە وە ی چرکە یە ک عە زاب بکیشن؛ یان موچرکە یە ک بە گیانیاندا بیت.

نازانم بوچی مەسعود «لە گەیشتنی چینی رەنجدەر بە حوکمەت» لاپەرەی (١٠) توقی چووە؟! بو نمونە زوربەی دانیشتوانی عیراق یان کوردستان کریکار و رە نجدە رن. چی تیایە ئە گە ر ئە م زوربە یە دە سە لاتیان بە دە ستە وە بیت و بە گویرە ی بە رژە وە ندی خویان باری ژیانیان بە ریوە بە رن؟ بوچی پییان رە وا نازانیت؟

مە سعود دە لیت: «بیرو رای مارکسیزم ئە فسانە یە کی ( وە یان تە لە یە کی) دە سچین کراوە.»

لیرە دا بە ناماقولی فە رمونی دە زانم کە زانایە ک فە لسە فە و خە باتی روژانە ی پتر لە ٢٠٠ سالی خە لکی کریکار و رە نجدە ر چ بە شیوە ی ریفورم و ئاشتی خوازانە، هە تا دە گاتە سە پاندن و ناچارکردنیان بە راپە رین و خە باتی چە کدارانە، بە ئە فسانە و تە لە ی سیاسی دە سچین کراو ناو ببات.

بە راستی شە رمە زاری خوم دە ردە برم بو ئە وە ی، کە زانایە کی کورد هیشتا بە ئە قلیە تی حکایە تە کانی شە وبردنە سە ر، لە شیوعیە ت دە دویت. زانا مە سعود دە لی:

«وەرزیر، کریکار و نەخویندەوار چ دەستیکی نەبووە لە داهینانی نووسین و فە لسە فە و یاسا و هە رچی دیاردە ی ژیارییە.»

ماموستا بوچی؟ وە لە بە ر چی؟ دە بوایە بە ر لە وە ی قسە ی وا بکات بو بنج و بناوانی هوکارە کان بگە ریت. من لیرە دا چە ند خال دە خە مە پیش چاو.

١_ دە سە لاتیان بە دە ستە وە نە بووە.

٢_ زانست هەمیشە بە دەست دەسەلاتدارەکانەوە بووە. هەمیشە لە خزمەتی ئەواندا بووە. هە ر بویە ش کتیبە کانی میژوو بە شەرەفنامەشەوە باسی ئەوان دەکات . بەلام سەرەرای ئەوەش زانستی جوتیار لەبەرهەمهینانی گەنم، مشتیکی لەو گەنمە، بەهەر حال زور زور بەپیتترە و بەهاترە لە زانستی مەسعود محەمەدە کە «وەرزیر، کریکار....چ دەستیکیان لە داهینانی نووسین و فەلسەفەو یاسا» دا بەندە بە فکری باو و زالی ناو کومە ل کە ئە و جاری بو دە دات. یە کیک لە و ئە رکانە ی کە شیوعیە کان تە قە لای بو دە دە ن : ئە وە یە زانست بدە ن بە دە ستی وە رزیر و کریکار( زوربە) و بە گویرەی بەرژەوەندیەکانیان فیری بن. ئەو کاتە فەلسە فە و یاسای بالادە ستان لە قە بر دە نین و یاسا و فە لسە فە ی ژیانیکی هە رە وە زی هاوپشت و هاوسان قە رارده دە ن.

عیلمەکەی مەسعود بەوە راناوەستی، بەبی ئەوەی پیی بزانیت کە (مەعلولەکان) سەرچاوە لە ئایدولوژی ئەوەوە وەردەگرن. دەنووسیت: «وەرزیر لە ٥٠٠٠ سالەوە بە دوای کلکی گارەشدا زەوی دادەروشینی و یەک هەنگاو بەرەو پیشە وە نە چووە و لە میردە زمە توقیوە و شیخولکە و شە عبە دە بازی پە رستووە. تە نانە ت گاسن و داسە کە شی لە شارە وە

بو ده چوو.» سه ر له نوی پرسیار ده كه م بو؟

هه‌ر بو زانین، هه‌ر له‌م «ئه‌ورو‌پای پر زانست و ده‌گمه‌ن نه‌خوینده‌وار و شارستانیه‌ته‌دا» شوماریكی كه‌م نین ئه وانه ی له میرده زمه و غه یب ده ترسن، یان شه یتان ده په رستن، یان بروا به جادوكردن و خویندنه وه ی دواروژر له توی تاسه قاوه‌و وه‌ره‌قه‌ی یاری‌كردن ده‌كه‌ن. ناسیاویكم خه‌ریكی ده‌وره‌ی صوفیتییه. شیخه‌كه‌ی ناوی حوسینه (نازناوی كابرایه‌كی ئه‌لمانییه)، هه‌ر خه‌ریكی حه‌یوحووه، دوو ته‌كیه‌ی گه‌وره‌ی هه‌یه له شاری "كولن" و له نزیكی "فین". براده ره كه م ده یه وی ببیته روشنبیریكی صوفی.

مه سعود له باری تیوری، په نا ده باته به ر نوینه رانی هه رچی پوخله وات و تاوان و دزی و جه رده یی میژوو ده رهه ق به‌سته‌م‌دیده‌كان، په‌نا بو جوره‌ها ده‌ربرین ده‌بات كه هیچی به‌سه‌ر هیچه‌وه نیه؛ ئه‌وه نه‌بیت دوپاتی نه‌زانی و جه هاله تی ده كات. بوچی وا ده لیم؟ له به ر ئه م خالانه ی خواره وه.

ده‌نووسیت:«ئه‌گه‌ر شیوعیه‌ت چاوه‌روانی ئه‌و مه‌رجانه‌ی بكردایه كه ماركس بو هاتنه‌وه‌ی شیوعیه ت به‌بنه‌مای داناون، كوردستانه ویرانه كه ی خومان؛ كه به هه موو میژووی كون و نوییه وه نه ك بانك به لكو صرافیكی خومالی به خویه وه نه دیوه. چوناوچونی به میشكی كراوه یه وه و چاوی دنیا بین جورئه ت وه به ر خوی ده نی بلی شیوعیم.»

١ـ ناچارم دوباره بلیم كه شیوعیه‌ت بزوتنه‌وه‌یه‌ك بووه به‌ر له ماركس، له سه‌ره‌تاكانی سالانی دامه‌زراندنی فابریكه‌كان ریگای خه‌باتی گرتوته به‌ر، كه هیشتا نه جاده‌ی قیر و نه ئه‌له‌كترون، نه ده‌راسه وئوتومبیل، نه پیشه سازی به مانای ئیستا یان سه د سال له مه و پیش له ئارادا بووه.

٢ـ راسته حیزبه كانی كریكاران و ره نجده ران ناوی حیزبی شیوعیان له خو ناوه، به لام به‌ش به حالی خوم تاقه یه ك حیزبی شیوعی ناناسم كه باسی شیوعیه ت بكات وه ك سیستیم بو سه رده می ئه مرو، ته نانه ت له ئه روپاش، تیكرای حیزبه شیوعیه‌كان له سه‌ر شیوعیه‌ت وه‌كو دووا ئامانج ده‌دوین، واته پاش برینی چه نده ها قوناغی گه شه كردنی سوسیالیزم ... هتد.

با كریكاران و زه حمه تكیشه كانی كوردستان سه رگه ش و به خته وه ر بن به هه لگرتنی ناوی شیوعی زانستی، تو بلیی مانه وه ی پاشماوه ی ده سه لاتی فیودالی ریگا له داخوازی شیوعیه كان بگریت بو «ته واوكردنی» قوناغی دیموكراتی له چوارچیوه ی ده سه لاتی شوراییی له عیراق و له كوردستان؟ قه یرانی بیركردنه وه ی مه سعود له وی‌دا ده ست پیده كات، كه لینگه و قوچ له كونی ده رزیه وه بو بابه ته كانی بروات.

ئه‌گینا له‌بری ئه‌وه‌ی له قرناقه و نیله‌گین بدویت، كه به‌شیك پیك ده‌هینی، ده بوایه له سه نته ری ده سه لات له به‌غداوه بدویت. مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه كه ده‌سه‌لات له عیراقدا به‌ده‌ست كیوه‌یه؟ ده‌سه‌لاتی پله‌ی تیروری فاشی سه رمایه داری یه؟ شیوعی یه؟ لیبراله؟ دیموكراته؟ ئیسلامی یه؟ ده ره به گایه تی یه؟....... چیه؟

ره نگه مه سعود بلی من باسی كوردستان ده كه م. باشه په یوه ندی ئابووری، پوولی، كومه‌لایه تی، په روه رده یی... هتد له گه ل كی یه؟ ئه و په یوه ندیانه چون كاریان به سه ر كوردستانه وه كردووه؟

له لاپه‌ره‌ی ١١دا مه‌سعود ده‌لیت: «بیگومان هه‌ر بیروباوه‌ریكی كه‌ندی، قولی جوداوازی ولیك دردنوگ‌بوونی ئاده میزاد؛ چ له مه یدانی نیو نه ته وه یه تی‌داو چ له مه یدانی نیوان ریزه كانی یه ك نه ته وه دا هه لكه نیت، به دوژمنی مروفایه تی ده ژمیردریت، با موژده ی ئاوی حه یاتیشی له گه لدا بیت.» ئائه مه یه روشنبیر! حاجی سه لیمی خه لكی دیی "قه ره ئه نگوی" و مام عه ولای میلان، زور زیره كانه تر باسه كانیان ده رده بری؛ چونكه:

بیرو باوه‌ر ره‌نگدانه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیه‌كانی به‌رهه‌مهینانه. واته كه‌ندی قوولی جوداوازی، خوی له خوی‌دا هه یه (زه حمه تكیش ، ئه فسه ر، ئاغا، مه لا، ماموستا، خاوه ن كارگه، كریكار...هتد خویان بوونیان هه یه و جودان، چ له باری فكر، شیوه ی ژیان، شیوه ی خانوو، قسه كردن، په یوه ندیه كان.) ئیتر هه لكه ندنی چی؟ راسته من و مه سعود هه‌ردووكمان كوردین. به‌لام بوچوونه‌كانی مه سعود كه ندی قوولی جوداوازین. هه ر به هه مان شیوه ش بوچوونه‌كانی من

بو جه نابی عالی مه سعود. جه للاد و قوربانی هه ردوکیان مروفن. که س هه یه له مه حالی نه‌بی؟ له هه مان لاپه ره دا مه‌سعود شیوعیه‌ت به مه‌ته‌ل ناوده‌بات. به‌لی مه‌ته‌ل، به‌لام چ مه‌ته‌لیک؟ مه‌ته‌لی به‌رخودانی مروفه به‌شمه‌ینه‌ته‌کان بو ئه‌وه‌ی جه‌نگ و سته‌م و چه‌وساندنه‌وه بن‌بربکه‌ن نه‌ک مه‌ته‌لی مه‌سعود محه‌مه‌د و ئاوی حه یات.

له لاپه ره ی ١٢ دا ده نووسیت: « شیوعیه ت و ره گه زپه رستی جوداوازی ئایین و ئه وان، جوره ده مارهه ل بده وی په یوه ندی نیوان خه‌لک و خوا، تیکرایان تاوانی کویرکردنه وه ی شه قامی پیکه وه هه لکردنی ( تعایش) مروف به ئه ستووه ده گرن.» مه سعود به هه موو هوشیکه وه داوای ئه وه ده کات گورگ و مه ر پیکه وه ئاو بخونه وه. ئه و شیوعیه ت و ره گه زپه رستی به یه ک چاو سه یر ده کات. شیوعیه کان هه موو کات لایه نگری سه رسه ختی ئاشتین. به لام له به ر چاوی هه موو که سیک ئاشکرایه، که سه‌رمایه‌داران چه‌ک دروست ده‌که‌ن، له‌شکریان هه‌یه‌و له‌شکرکیشی ده‌که‌ن. هه‌تا پییان بکری به مودرینترین ئامیر خویان پر چه ک ده که ن. چه نده ها ده زگای ئه من و مخابه رات و لیوای تایبه تیان هه یه. هه ر هه موو ئه مانه بو پاراستنی به رژه وه ندییه ته سکه کانیان و بانقه کانیان و مولکداریتی تایبه تییانه.

دیسان ده‌نووسیت: «ئیمه ده‌بی هه‌موو ئه‌و به‌هانانه‌ی خه‌لک به‌شه‌ر ده‌هینن تاوانبار بکه‌ین، هه رچه ند نیاز و داوایان له‌سه‌ر بنه‌مای راست و دروسته‌وه هه‌لسابیت.» پاش یه ک دیر دوای ئه و قسانه ی پیش ئیستا کردی هه ر هه‌مووی به خوی پوچ ده‌کاته‌وه و ده‌لیت: «به کارهینانی دندان و چه مبوله له ره وتی ئاده میزاددا ته نها له حاله تی خوپاریزی و له‌سه‌رکردنه‌وه‌ی سته‌م‌دیده ره‌وایه.» لیره دا خوینه‌ری ره‌خنه‌گر قسه‌ی خوی له‌سه‌ر ئه‌م ناکوکییه بکات. من ته نها ده پرسم: ئه ی شیوعیه کان چی ده لین؟

له‌لاپه‌ره‌ی ١٤دا به‌زمانی عه‌ره‌بی ده‌نووسیت: «فانی لم اجد شیئا من ثمار حسن التدبیر و حکم منطق و داعیه المصلحه و راحمه المعدله.» ( خوی خه تی له ژیر ئه و هه شت وشه یه کیشاوه.)

به‌راستی من له‌و عیلمه تی‌ناگه‌م. چونکه ده‌ربرینیکی گشتین و هیچ شتیک ناده‌ن به ده‌سته‌وه، له‌به‌ر ئه‌م پرسیارانه ی خواره وه: ١. حسن التدبیر من؟ ٢. و بحکم ای منطق؟ ٣. و داعیه لایه مصلحه؟ ٤. و راحمه لای معدله؟

پاشان مه‌سعود له لاپه‌ره‌ی ١٥ دا به‌م شیوه‌یه له‌یه‌ک بوونی ئه‌وروپا ده‌دویت: «له و ناوه شدا یه کبوونی ئه وروپا هیزیکی گه وره ی به ره و( تفاهم) نه ک (به حه قی کوته ک) پیک ده هینی.»

١_ یه‌کگرتنه‌وه‌ی ئه‌وروپا به‌نده به ده‌وری شوومی ئه‌لمانیا له قوناغیکی دیاریکراودا، قوتوب به ندییه که له رووی ئه‌مریکا و یابان، هه‌روه‌ها ناکوکیه‌کانیشیان، هه‌ر ئیستا پر مه‌ترسی و به‌حه قی کوته که له بواری سه ر له نوی دابه‌شکردنی بازاره‌کانی جیهاندا. (ئه‌لمانیا ده‌لیت: ئیمه‌ش ده‌مانه‌ویت له‌و دابه‌شکردنه نوییه‌دا به‌شی خومان هه بی). ئه م یه کگرتنه وه یه په یوه ندی هه یه به هیز و قودره تی مارک (دیموکراتی و مافی مروف). مارکیش ناسراوه به شه ر و شوری فه وتینه ر. با مه سعودیش باسی ته فاهوم بکات!

له‌لاپه‌ره‌ی ١٦ دا مه‌سعود سه‌ر له نوی باس له «له مپه ری تیژرویی شیوعیه کان له نوخته نیگای شه ری چینایه تی و گومانکردن له هه رچی شیوعی نیه گه لیک ته خت و بی پوز ده بی» ده کات. مه سعود ئازادانه چاوی ده نوقینی، گوی و لوتی ده به ستیت، بو ئه وه ی ته نها و ته نها خه ریکی مه حکوم کردنی تیژره وی شیوعیان و شه ری چینایه تیان بیت. ئه‌گه‌ر مه‌سعود نه‌ختیک چاوی بکاته‌وه، ئه‌وا تیژره‌ویی و شه‌ری چینایه‌تی(یه‌کیتی خاوه ن کاره کان) یش ده بینی. شه ری چینایه تی حوکمه ته کانی پیرو و ئه مریکا و ئیسپانیاش ده بینی. ته نانه ت شه ری فاشسته کانی عیراق و نیشتمان په‌روه‌رانی کوردستانی عیراق و حوکمه‌تی خوا له سعودیه و ئیران و سودانیش ده‌بینی. به هوی سیاسه ته کانی G7 (حه‌وت وولاتی سه‌نعه‌تی جیهان) و بانکی جیهانی، گه‌لانی دنیا(نه‌ک ته‌نها کورد یان عه‌ره‌ب) له ره‌ودایه. کاتیکیش شیوعیه کان چه نده ها ریگای خه بات (ری پیوان، ئه رزوحال نووسین، مانگرتن، کوتری ئاشتی به رپا ده که ن؛ پاش ئه‌وه‌ی له ریزی پیشه‌وه‌ی دژی ئه‌توم و (باره‌ی ٢٠٠٠) ئه‌لمانیا ئیمزا کو ده‌که نه وه....... پاش ئه وه ی هیچ

ریگایەکیان لەبەردەمدا نامینی؛ پەنا بو خەباتی چەکداری دەبەن. لەم کاتەشدا مەسعود قیت دەبیتەوەو دەلیت:«بروانن شیوعیەکان چەند درندە و تیژرەون» . ئەمەهەموو فەلسەفەو زیرەکی مەسعودە. من ترسی ئەوەم هەیە بلین مەسعود شتی تازە دەلیت. ئەوەی ئەو دەیلیت، تەنها جوین و بیروورای هەندی لە زاناکانی ئەوروپایەو مەسعودیش دوبارە دەیلیتەوە. مەسعود موژدەی تەخت و بیپوزبونی شیوعیەکان و خەباتی چینایەتی دەدات کە گوایە ئایەتی باشیان دەبیت لە مەیدانی ١ـ سیاسی ٢ـ ئابوری ٣ـ ئاسودەیی. مەسعود بو ئەوەی مروفایەتی لە باری سیاسی، ئابوری، ئاسودە بژیت، مەرجی کپ کردنەوە و تەخت و بیپوزکردنی شیوعیەکان دادەنیت. وەک ئەم جیهانە کاولکراوەی دەستی حوکمەتی دیموکراسی ئەمریکا و ئەوروپا(بە رابەرایەتی ئەلمان) و یابان و کلکە درندەکانیان لە جیهانی سی بە هەموو ناوناتوریانەوە پیروزبیت. لە هەمان لاپەرەدا بانگەوازی چاولیکردن لە خەباتی خوین گەرمەکان دژی رژیم و «استعمار» دەکات و دەلیت:

«دەبی کەسانی پەروشی خور بو ریبازی دیموکراسی و ئاشتی و دادیش تارادەیەک لە سستەمی کونینەیان و ترسی تومەتی شیوعی بونیان دەرباز بن و لەسەر کەرامەتی خویان و ئادەمیزاد بە تیکرایی دەنگ دلیر و چاو قایم لە ( پیویستدا) جەربەزە بن.»

لیرەدا تەماوی بونی بیری مەسعودمان بو دەردەکەویت.

١ـ دیموکراتی چەندەها شیوەی هەیە، بو نمونە؛ دیموکراتی پەرلەمانی، دیموکراتی شەعبی، دیموکراتی خالص، دیموکراتی مەلەکی، دیموکراتی کریکاری، دیموکراتی دەستوری،.... هتد ناکری مەسعود مەبەستی لە دیموکراتی رون بکاتەوە؟

٢ـ ئاشتی؟ ئاشتی کی بو کی؟ کەس نیە داوای ئاشتی نەکات لە دوای هەمویانەوە شیوعیەکان(بو پیکەنین)، مەسعودیش دەزانی تەنانەت سەدامیش داوای ئاشتی دەکات، ئەمریکا و ئیران و تەنانەت مەسعود محەمەدیش.. هتد بە راست و چەپ و ناوەراست لە ئاشتی دەدوین.

٣ـ داد؟ ئەو دادپەروەریە کەمن لیی حالی بومە، ئاگری جەهەنەمە بو دەسەلاتدارەکان. بەهەمان ئەندازە ئەو دادپەروەریەی کە لە جیهانی ئەمرودا حاکمە، ئاگری جەهەنەمە بو کریکاریکی وەک من و بو ملیونەها مروفی تر.

بو باسەکانی لاپەرەی ١٦و ١٧ دەمەوی ئەم چەند تیبینیە بدەم.

١ـ توندرەوی هەر لایەنیک(توندرەوی ئیسلامی، فاشی چەپ، دیکتاتوری عەسکەری) بنەمای چینایەتی تایبەتی خوی هەیە. بویە رستەی «لە هەر بابەتیک بیت» نابەجی یە و دوورە لە زانست.

٢ـ کین ئەو هوشکراوانەی کە دوستی بی تەئویلی کەرامەت و چارەنووسی مروفن؟ ئەگەر ئەوان وەک مەسعود بیردەکەنەوە، ئەوا دوستی بی کەرامەتی و چارەرەشی چەوساوەکانن.

٣ـ بەبی ئەوەی دەنگی خوم بخەمە پال باری ئەمروی چین، مەسعود دەلی: «چین زور پیویستی بە گلاسنوست و پیروستریکایەکی تایبەت بەخویەوە هەیە.»

ئەری بەرهەمی هەموو زانستەکەی مەسعود بووە بە ئەوەی کە گورباچوف و "پیروستروکا"کەی بەمەزن بزانیت؛ ئەو مەزنیەی گورباچوف کە لەسەرەنجامدا سوفیەتی کرد بە سوزانی خانەیەکی گەورە، بی کاری، مافیا، شەر و شوری خەجالەت ئاوەر.

مەسعود دلی بە دیموکراتیەتی هیند و یابان خوشە، هیچ نالیم غەیری پیروزبایی لیکردن. تەپل لیدانی دیموکراسی و مافی مروف، مەهزەلەی هەرەگەورەی ولاتە سەرمایەدارەکانە، کە لەسەر بنەمای دژی شیوعیەت دامەزراوە. نازانم مەسعود ئاگاداری دیموکراسی و مافی مروف لە ئەوروپا ئازیزەکەی هەیە؟ بەلام من دلنیام کە لیرەشدا خوی کەر و کویر دەکات. بانگەوازی دیموکراتی و مافی مروف لەگەل ئیمزاکردنی یەکەم پروتوکولی کرین و فروشتن تەواو دەبی. مەسعود تەنها دیوی چەپ دەبینی و تەنها باسی «نەمانی ترسی هەرەشەی سوفیت لە کپکردنی دەرونی ئەوروپا بە

هەواڵنامەی کتێب

گشتی، ره هاکردنی ده نگیکی دلیری دیموکراسی و مافی مروف پیوه ده بیت که ئه مه به لای چاکه ی ئیستاکه و دواروژی هه موو ئاده میزاده و به رهه میشی له کژی خویدا ده بی.» ده کات.

مه سعود باسی ده سه لاته دیموکراتیکه کانی و ئابلوقه یان له سه ر ولاتی سوفیت (له سه رده می لینین) ناکات و به ره وای ده زانیت. ریکخراوی خاچی سوور فرمیسکیان بو ملیونه ها برسی و نه خوشی ناوچه ی فولگا ده رشت، به لام له ته نانیکی ره قیان بو ره وانه نه ده کردن. ئه مه یه دیموکراتی و مافی مروف! ئه مروش ده بینین چون ئه وروپا و ئه مریکا و یابانی دیموکرات له چوارچیوه ی بانکی جیهانی، شه رو برسیتی به سه ر جیهاندا ده سه پینن، دیاره ئه مجاره یان به ناوی دیموکراتیه ت و لیبرالیزمی نوی وه. سه رجه می هه ژار و به ش مه ینه ته کان له عیراق به ده ستی ئابلوقه ی ئابووریه وه ده نالینن. ئه و ئابلوقه یه به زه ره ر دژی حوکمی فاشی نیه. ده سه لات له عیراق و سه روکه له رزوکه که ی بیچوی ده سه لاتی دیموکراته کانه وه له پیشی پیشه وه یان ئه لمانیا و فه ره نسا. ئه مریکا ده یه ویت بازاری عیراق له ده ست ئه وان ده ربکات و بیخاته ژیر رکیفی خویه وه له بری "فولکس واگن" (ئوتومبیلی ئه لمانی) و به رهه می کیمیاوی ئه لمانی و سوپه ری (ئوتومبیل)ی یابانی، به رهه مه کانی "جه نه رال موتورز" له عیراق بفروشیت. بو ئه مریکا گرنگ نیه سه دام بمینی یان نا، گرنگ ئه وه یه ئه و له عیراقدا شتی خوی بفروشیت.

له لاپه ره ١٨ دا مه سعود شه ری کاولکاری وه حشی به «براکوژی» ناوده بات، کامه برا؟ ئه گه ر چه وساوه کانی کوردستان برای وه هایان هه بیت ئیتر دوژمنیان بو چیه؟ ئه وه ی ئه و دوو حیزبه ده یکه ن دریژه پیدانی تاوانه شوفینیسته کانی صدام کیمیاوی یه. مه سعود له لاپه ره ی ٢٦ دا سوشیالیزم به «به رپرسیار ده زانی بو چاره سه ر نه کردنی مه سه له ی کوردستان». بوچوونه که ی به دوو خال و نیو (پاش چه ند دیریک ده یکات به سی) پوخت ده کات. «سوشیالیزم قه ت به لای چاکه ی کورد دا نه چووه و فلسیکی لی خه رج نه کردووه. ستالین مه هابادی فروشت به ریکه وتن له گه ل قوام السلطه..... هتد»

له م خاله شدا مه سعود راست نابیژیت؛ ده بوایه نه ختیک راستی بپاریزیت. لیره دا چه ند به لگه یه ک ده خه مه روو:

١_ ده سه لاتی سوفیت چاپه مه نییه ک پیشکه ش به کوماری مه هاباد ده کات. خه رجی ئه و چاپه مه نییه ده کاته دوو فلس و نیو!

٢_ کومه ک کردنی چه ک و ته قه مه نی و دروست کردن، که پسپورانی له شکری سوور بو ماوه یه ک سه رپه رشتیان ده کرد. سه ره رای وه زعی ناله باری سوفیه ت خوی، چه ک و خوراکی به خورایی بو کوماری مه هاباد ده نارد. با بلیین نرخی ئه مانه ش (٥) فلس بوو!!

٣_ له ئه پریل «١٩٤٦» حکومه تی سوفیه ت په یمانی ئابووری له گه ل کوماری مه هاباد مور کرد. په یمانه که له سه ر کرینی توتن به قیمه تی یه ک ملیون دولار (له و کاته دا) له کوماری مه هاباد بوو! هیچ نه بیت سوود وه رگرتنی کوماره که مان له م په یمانه ده گه یشته (٤) فلس! ولاتی شوراکان ژماره یه کی زوری قوتابی کورد له زانکوکانی سوفیه ت له بواری زانستی و سه ربازی وه رگرت. با مه سره فی ئه مانه ش بگاته (٢) فلس. ئه وا به گشتی کردییه (١٣) فلس. واتا مه سعود (١٣) جار درو ده کات!

له په یمانی تاران که له «٢٩_١_١٩٤٢» به سترا و مه به ست ئه وه بوو که ئیران له گه ل هاوپه یمانه کان دژ به فاشیه کانی ئه لمانیا کار بکات؛ ئه م خالانه ی تیدابوو: «ئه وپه ری شه ش مانگ پاش کوتایی پیهاتنی جه نگ، هه موو هیزی هاوپه یمانه کان ده بیت ئیران به جی بهیلن». واتا له مارسی ١٩٤٦دا. دوایی هیزه کانی "ره زا شا"ی گوربه گور به پشتیوانی هیزه کانی به ریتانیا و ئه مریکا، هیرشیکی در نده یان هینایه سه ر کوماره که مان و به کوتایی یه کی جه رگ بر ته واو بوو. مه لا مسته فا و هه میارانی په نا ده به ن بو سوفیه ت و له وی مافی په نابه ری "سیاسی" نه ک "ئینسانی"یان وه رگرت. تو بلیی من پیم ناخوش بیت له شکری سوور له مهاباد نه مینی؟ یان هاوپه‌یمانی نیوان کوماره که مان و سوفیه ت قوولتر و باشتر نه بیت؟ ئه م راستیانه به لگه نه ویستن؛ با مسعود محمدیش به ئاره زوی خوی، که مته رخه می

نه کا و چی ژه هری پییه هه لی ریژیت؟

له لا پەرەی «٢٧» دا دەنووسیت: «هه ر چونیک بیت ئیستاکه دوای ده رچونی مه سه له ی کورد له قالبی بابه تیکی ئینسانی یەوە، چوته قالبی سیاسی نیو دەولەتان، رەفتار و کرداری خوی و سیاسه تمه داریکی له گه ل دنیای به ریوه ده بات گرنگیه کی نویی بی سابیقه ی وه رگرتوه که حسابی بو ده کریت له لایه ن ئه و هیزانه ی ده ستیان له سیاسه تی عالەمی دەروات». له و باوه ره دام خه لکی کوردستان له زانا مه سعود باشتر ده زانن که مه سه له ی کورد توپی یاری پیکردنه و هیشتا قالبی بابه تیکی ئینسانیشی به خویه وه نه گرتوه. نازانم به چ به لگه یه که وه مه سعود به و قه ناعه ته گه یشتوه. مه سعود محمد له وه دا که گوایه حساب بو مه سه له ی کورد ده کریت، له هه له دایه. کامه حساب؟ مه گه ر هه ر ئه م هیزانه نین که وا گه لی کوردیان ریسواو عیبره ت کردووه. هه ر پشت به ستنیک به و ده وله تانه، ته نیا ده بیته مایه ی ره ویکی نوی، کاره ساتیکی نوی و هیچی ترا!

له لاپەرەی «٢٨» دا دەنووسیت: «ئه و میلله ته پیشکه وتوانه ی که ئیمه ش چاومان له ده ستیانه زه حمه ت تر ده توانن یاریده ی کوردیک بده ن که به ئه سل باره له سه ر شانیان و چ سوودیک له خزمه ت کردنیان نابینین». تا مه سعود محمد چاوی لە دەست ئەو میللەتە «پیشکەوتووانە» بیت، میللەتەکەی هەروا بەدیلی و سەرشوری دەمینیتەوە! ئاخر پیشکەوتووی چی؟! ئەگەر زەلیل‌کردن، کوشتن و برین و دزین و داگیرکردن بە پیشکەوتن دادەنری، ئەوا ئەو پیشکەوتنە هەر پیروزی خویان بیت. ئەو پیشکەوتنەی مەسعود باسی‌دەکات گەشەکردنی سوزانی‌خانەکان، زه وت کردنی مندالی ساوا، مافیا، تحقیر و ره تکردنه وه ی په نابه ران، بیکاری، لانه وازی، سه ر له نوی داگیرکردنی ولاتان بەناوی یارمەتی ئینسانی، بەهیزبوونی فاشیزم، راسیزم... هتد پیک دەهینیت. وابزانم مەبەستی لەم پیشکەوتنە، سه رکه وتنه به سه ر شیوعیه ت و چه کوش و داس دا، که به گالته جاری ناوی ده هینیت.

له لاپەرەی «٣٠_ ٣١» مەسعود محمد دەفەرموی: «... دەرمانی شیووعی کورد لە دەست ئەو کوردە خاوەن ده سه لاتانه دایه که به کرده وه و به خه باتی روشن و به چه وساندنه وه ی خه لک و به داد و دیموکراسی و به ته بایی و برایەتی گشتی و یەکبوونی دل و دەرونی هەموو ئەوانەی کوردپەرستن ئیسپات بکەن، کوردایەتی بەدیلیکی به شه ره فه بو هه رچی کوردی به شه ره فه..»

ئەمانە ئیتر قسەی حەلەق و بەلەقن! کوردپەرستی یەعنی چی؟ هەزار و یەک بوچوونی جوراوجور لە نیو کورددا هەیە. ئەی کوردی بەشەرەف و کوردی بی‌شەرەف کین؟ ئەوا زانیمان کە «کوردە شیوعییه کان بی شه ره فن». ئه ی "یەکیتی"، "پارتی"، "حسک"، "پ.ک.ک"، "پارتی کاری سەربەخو"، ئیسلامییەکان بە هەموو نەوعەکانیانەوە، "زەحمەتکیشان"، "رزگاری"، "دیموکراسی"... هتد، تکایە ئەم لیستەیەمان بو بدەن لە بیژنگ! باسی داد دەکری، دادپەروەری کی بو کی؟ چونکە دادپەروەری ئیسلامیەکان جودا یە لە دادپەروەری نەتەوەپەرستەکان، یان زه حمه تکیش و کریکاران... هتد. ئه مجار ته بایی کی له گه ل کی؟، برایه تی گشتی و یه ک بوونی دل؛ ئاخر کوردی به شه ره ف و کوردی بی شه ره ف چون برایه تی گشتی ده که ن؟!! کوردپه رستی چی؟ کوردیش وه کو هه موو گه لانی دنیا جیاوازی له نیوانیان دا هه یه و ئه و جیاوازیانه به هیچ «له حیم چیه ک» پیکه وه نانرین. مه گه ر ئه و ه ی که وه ک هیتله ر بکه ن و چی شیوعی و ئه نتی فاشی، «معوق»، سه نتی و روما و جوله که هه یه سه ریان ببرن و بیان سوتینن؛ ئه مجا جاری کوردپه رستی بده ن. هه روه ها له کوردستانیش چه نده ها گه لی تریش ده ژین. (تیبینی: تکایه ئه و بیرو رایانه ی مسعود له گه ل بیروراکانی عه فله قی گوربه گور به راورد بکه ن).

له هه مان لا په ره ده فه رموی: «له حال و باری ئیستاکه دا ره فتاری پیره وی که رانی ماموستا عه بدوللا ئوجه لان هیزیکی به رهه ست ده داته بزوتنه وه ی شیووعی کورد له هه ر شوینیک بن». ئه بی بلیم له بی خه به ران که شکه ک صه له وات! بو خوشحال بوون و گه ش بوونه وه ی مسعود محمد پیویسته سه رنجی رابکیشم بو وته کانی ئوجه لان خوی له جوابی ئه م پرسیاره دا:

«فكرك اقرب الى الاسلام ام اقرب لماركس و لينين؟» (بیر و باوه‌رت له‌ ئیسلام نزیكه‌ یان له‌ ماركس و لینین؟) ده‌ لیت:

«انا اقرب الى الاسلام، ونطبق جوهر وتعاليم القران الكريم.» (من له‌ ئیسلامه‌وه‌ نزیكم و ناوه‌روك و فیركاره‌كانی قورئانی پیروز جی به‌ جی ده‌ كه‌ ین)

هه‌روه‌ها ده‌لیت: «من المعجبين بشخصيه و عبقريه محمد صلى الله عليه وسلم» ( من موعجبم به‌ كه‌ سایه‌ تی و بلیمه‌ تی موحه‌ مه‌ د، دروودی خوای له‌ سه‌ ر بیت) «گوفاری المصور ۱۳/۹/۹۶»

واته‌ مسعود محمد ده‌ بی هه‌ ول بدا باشتر ئاگاداری كاك عه‌ بدولای برای بیت! له‌ هه‌ مان لاپه‌ ره‌، مه‌ سعود ده‌ نووسیت: «باری گوزه‌ران و ژیان په‌كی ناكه‌وی. كه‌چی بوون به‌ ئیشتراكی یان شیووعیی، به‌نده‌ به‌ «نمو». ئه‌ وجا هه‌ روه‌ ك مندالی ۱۰ سالی ناتوانی گه‌ نجی ۱۸ سال بیت، میلله‌ تیكی وه‌ ك كوردیش كه‌ له‌ پله‌ ی سه‌ رمایه‌ داری به‌ ره‌ وژوور نه‌ چووبی، له‌ ریی به‌ ره‌ وژوور چوونی ژیرخان و ژوورخانی ماددی و شارستانه‌ تی ناتوانی به‌ رهه‌ م هینانی تایبه‌ ت به‌ تاك، بگورین به‌ شكلی كومه‌ كی. كه‌ هاتیت تاك و خیزانی كوردی ئه‌ م سه‌ رده‌ مه‌ ت مه‌ نع كرد له‌ كاری گوزه‌ رانی سه‌ ربه‌ خو و خستته‌ جغزی شیوه‌ و ئوسلووبی شیوعییه‌وه‌، نازانیت چ له‌و خه‌لكه‌ ده‌قه‌ومی..» مه‌ سعود به‌ ئه‌ نقه‌ ست بو سه‌ رلی شیواندن ئه‌و قسه‌یه‌ ده‌كات، چونكه‌ هیچ حیزب و كه‌سیك باسی ئوسلووبی شیووعی به‌رهه‌مهینانی نه‌كردوه‌ بو ئه‌مروی عراق یان كوردستان، ته‌نانه‌ت بو ئه‌مروی ولاتانی ئه‌وروپاش كه‌ ژیرخانی پر پیستیان هه‌ یه‌، ته‌ نانه‌ ت له‌ لیدوانیشدا نیه‌!! له‌به‌ر هه‌مان هو پیویستی به‌ باسی «نمو»، ژیرخان، سه‌رخانی مه‌ سعود نیه‌. له‌ لاپه‌ ره‌ ی «۳۵» ده‌ لیت: «باوه‌ ر ده‌ كه‌ م له‌ پله‌ ی وه‌ ها به‌ رزی شارستانیه‌ تی كه‌ هه‌ ولیر و كوردی تیدا ده‌ ژیت، ئه‌ گه‌ ر هه‌ موو خه‌ لكه‌ كه‌ و بزن و مه‌ ره‌ كان و مریشك و قه‌ له‌ موونه‌ كان و دار و به‌ رده‌ كه‌ شی یه‌ ك ده‌ نگ بلین بژی شیووعی هه‌ ر فایده‌ ی نیه‌».

وه‌ كو ده‌ بینین، مه‌ سعود دوو شتی جیاواز له‌ یه‌ ك وه‌ كو «قوناغ» تیكه‌ ل و پیكه‌ ل ده‌ كات، بو ئه‌ وه‌ ی ژیرده‌ سته‌ كان له‌ ئامیزی خه‌باتكردنیان، له‌ ریبازه‌كه‌یان، به‌رنامه‌ و مقاوه‌مه‌تیان بی ئومید بكات، ئه‌ وه‌ ی بلی بژی شیووعی، یان ریكخرا ویك ناوی شیوعیه‌ تی هه‌ لگرتبیت، ئه‌ وه‌ ناگه‌ یه‌ نیت ئیتر له‌ گه‌ ل ده‌ سه‌ لات گرتنه‌ ده‌ ست، به‌ رنامه‌ ی قوناغی شیوعی به‌ رپا بكه‌ ن، ئه‌ مه‌ دوو بابه‌ تی جیاوازن. سوككردنی شیوعیه‌ كان، ته‌ نها و ته‌ نها خزمه‌ تی به‌ عس و هه‌ موو تاوانباره‌ كان ده‌ كات. له‌ هه‌ مان لاپه‌ ره‌ ی «۳۲» ده‌ نووسیت: «خولاسه‌ قسه‌ كردن له‌ باره‌ ی ولاتی دواكه‌ وته‌ ی «۵۰۰۰» سالی بو سه‌ ر نیزامی ئیشتراكی وه‌ یا شیوعی خه‌ یال پلاویش نیه‌، چونكه‌ خه‌ یال قوزلقورته‌.. نه‌ ره‌ نه‌ ری چه‌ ند زمان هه‌ راش و حه‌ ز و شه‌ هوه‌ تی چه‌ ند نه‌ فس برسی و سوفیه‌ گه‌ ریی خه‌ یالبازان. بابین له‌ هه‌ ولیر و سلیمانی یه‌ ك یانه‌ ی سه‌ ر به‌ فروكه‌ وانان دابنین...»

هه‌ روه‌ ها كورده‌ شیوعیه‌ كان به‌ گومرای سه‌ رلیشیواو ور و ده‌ به‌ نگ ناو ده‌ بات. ئه‌ ری خه‌ لكینه‌ زمانی حالی زاناو مفكر وایه‌؟؟. ئه‌ م هه‌ موو رق و قینه‌ له‌ كوی وه‌ سه‌ رچاوه‌ ی گرتووه‌؟ دامه‌ زراندنی حیزبی شیوعی، به‌ هه‌ وه‌ س و خه‌ یال پلاو دانه‌مه‌زراوه‌. نزیكه‌ی «۱۰_ ۲۰» سال پیش دامه‌زراندنی له‌ «۱۹۳۴» چه‌نده‌ها گروپ، شانه‌ی، كه‌سایه‌تی «له‌ كوردستانیش» جیا جیا هه‌بووه‌، كریكاران «به‌بی ئه‌وه‌ی شیوعی بن، سه‌ندیكای خویانیان دامه‌زراندوه‌، جوتیاران به‌رگری خویانیان نواندوه‌. ئه‌مانه‌ شان به‌شانی كارتیكردنی شورشی ئوكتوبه‌ری مه‌زن به‌سه‌ر هه‌موو كریكاران و زه‌حمه‌تكیشانی كوردستان و هه‌موو دنیا، شتیكی ئاساییه‌ كه‌ ئه‌و بیر و باوه‌ره‌ له‌ نیو به‌ش مه‌ینه‌ته‌كانی كوردستانیش بلاوبیته‌ وه‌. چما یه‌ ك ته‌ ن وه‌ كو مه‌ سعود پیی ده‌ كریت ریگا له‌ پروسیكی سروشتی و واقیعی كاریكی وادا بگریت. مه‌ سعود داوا له‌ شیوعیه‌ كان ده‌ كا هوشه‌ چینایه‌ تیه‌ كه‌ یان، میژوه‌ كه‌ یان به‌ ده‌ ستی خویان، له‌ گور نین. وابزانم شیوعیه‌كان نیازیكی وایان نیه‌، پیش ئه‌وه‌ی چی هوكاری دواكه‌وتوویی، درندایه‌تی و چه‌وساندنه‌وه‌ به‌هه‌موو جوره‌ كانیه‌ وه‌ له‌ گور نه‌ نابی. مه‌ سعود به‌ هه‌ موو عیلم و هوشیه‌ وه‌ پیمان ده‌ لیت: «ور و ده‌ به‌ نگ و سه‌ رلیشیواو». من به‌ مافی خومی ده‌زانم هه‌مان ئه‌و جوینه‌ ناشیرنانه‌ به‌رووی «جه‌ناب العاليه‌كه‌ی» بده‌مه‌وه‌. چونكه‌ ئیرهابیكی

ئایدولوجی گومرا و پوخل، دژی بزوتنه وه ی ژیر ده سته کان و کویله کان به کار ده هینیت. ورو دەبه نگ و سه رشیواو ئه و کەسانەی هوشیارانه خزمەتی فکر و دەسەلاتی سەرمایەداران دەکەن، ئەوانەن وا شەوی دریژی بەش مەینەتان دریژتر دەکەن، ئەوانن وابی دەنگن نەک شیوعیەکان. لە هەمان لاپەرە دەنووسیت: "ژیانی سەردەم لە ولاتی پیشکه وتوو گه یشتوته راده یه ک له ری ی کومپیته ره وه، هه ر مه علوماتیکت گه ره ک بی له ماوه ی چه ند ده قیقه یه کدا ده تگاتی.." ئه مه شیان وانیه؛ نه ک هه ر ته نیا له ولاتی پیشکه وتوو، به لکو له ناو مزگه وته کانی ئیرانیش، مه سعود زور شه یدای ولاته پیشکه وتوه کانه، ئه و پیشکه وتنه پیشه سازیه ی که له سه ر که له که کردنی خوین و که ره سه ی خاوی جیهانی سی و ژیر ده سته کانی ولاته کانی خویان و شه ره جیهانیه کان دا به دریژایی «۳۰۰» سال به ده ستیان هیناوه. مه سعودی زمان و قه له م پیس، بو ئیسلام به ره وای ده زانی پیش هه زار و ئه وه نده ساله ئالای «وامرهم شوری» به رز بکه نه وه. ره نگه داخوازی بابه کیه کان و قه رامیطه بو هاوسانی به ره وا بزانی، «شیخ بدرالدین» ه که ی نازم حیکمه ت ره نگه به ره وا بزانیت، داخوازیه کانی بوفی و «امثاله» به ره وا بزانیت، به لام که ره نجده ر و زه حمه تکیش ، نه خوینده وار و کریکار و ئافره تی له ژیان بیبه ش کراو داوا ی هاوسانی کومه لایه تی، ژیانی هه ره وه زی هاوپشتی بکه ن، ئه وا ئیتر ئاسمانی مەسعود بەسەریدا دەروخی؛ حالی شەپرزە دەبیت و هەرچی جنیوی سوکە کە لە فەرهەنگی ناشیرینی سوکایه تی کوردی دایه له ده میه وه داده باری. لای مه سعود شیوعیه کان جه رده ن ونمونه ی ره فتارو کرداری پیسن. هه ر بویه ش جه نابی عالی هه موو خه لک بیجگه له شیوعیکان ئاموژگاری ده کات. قور به سەر ئه و خه لکه که مه سعود ئامژگاری که ری بیت!! له هه مووی سه یرتر ئه وه یه که ترس ده خاته به ر غه یره شیوعیکان. (ئامان، وریا بن، ئه گه ر من ئاموژگاریتان نه که م ئه وا خه لکه که به ناچاری ده چنه پالی سه رشیواو و روده به نگه کان.) ئه و کاته ش مه ترسی ده چیته گیان و عه رشی مه سعود! ئائه مه یه دادپه روه ری و دیموکراتیه که ی مه سعود. باشه ئه و له پیناوی چ فکریک، چ چینک ئه م خزمه تکاریه ده کات؟

له لاپەرەی «۳۳» دا دەنووسیت: «خولاسه له جیاتی ئاموژگاری کردنی بیسوودی شیوعی کورد، ده بی ئاموژگاری کاربه ده ستان و ئیش هه لسورینان و روشنبیران و ئه گه ر مومکن بی، هی هه موو خه لکی ناشیوعی بکریت که نمونه ی ره فتار و کرداری خاوین بن، خو ئه گه ر ئه و تاقمانه وه ها نه که ن به ناچاری خه لک گوی بو ئەو که سانه راده هیلن که له زەمینەی بی مەسئولیەتی و پەندی «خەنجەر لەکا» و قسەی لوس و لیک و شیرن و چەور و ئومیدبەخش شه کری که لامیان ده بی».

من پیم باشتره بو ئاموژگاری وه رگرتن بچین بو لای جووتیاره کانی پشده ر و کفری و دیهاته کانی عه قره و بازیان . مه سعود له سه ر ئاموژگاریه کانی هه ر به رده وامه. بویه ش بو ئاموژگاریه کانی بو کاربه ده ستانی یه کیتی و پارتی، زانا مه سعود له وه لامی پرسیاری «۱۱» له لاپه ره ی «۳۵» به م شیوه یه عه رزی حالمان ده کات:

«له لا یه ن ئیمکانی به یه کتر گه یشتنی دوو به ره ی کورد له سه ر کوردا یه تی و مروفایه تی، هه تا کومونیزمی لینینی مارکسی نیو کوردان سور بی له سه ر:

١_ تیک به ردانی خه لک که هه مووی هه ر ناکا هیچ به گه وره و گچکه یه وه.

٢_ ماره کردنی خه باتی کورد بو شیوعیه تی جیهانی، به یه کتر گه یشتن له چاکه ی کوردایه تی نابیت...»

بەلی مەسعود شیوعیەکان بەر پرسیار دەکات بەرامبەر روژگاری رەشی گەلی کوردە، بەردیک بەسەر کورد دا به زیت، مه سعود یه خه ی شیوعیکان ده گریت و ته نها و ته نها شیوعیکان ده بینیت.٠ شه و و روژیش به گیانیکی وەرزش کار نەعلەتمان لی دەکات، ئاخر هەم خومان و هەم خەلکەکە دەزانین کە شیوعیکان کە مایه تی پیک دەهینن و بەرامبەر بە بە یەک گرتنەوەی دوبەرەی کورد لەسە ر کوردایەتی و مروفایه تی و هه ر جوره به یه ک

گرتنه وه یه ک که خویان له سه ری ریک بکه ون، هیچیان پی ناکریت مه سعود چی له شیوعیه کان د ه ویت؟ با ئه وانه هه ر خه باتی زه حمه تکیش و کریکار و بیکاری کورد «مه سعود ته نها کورد به کار ده هینیت» بو شیوعیه کانی جیهان ماره بکه ن. من به چاکی ده زانم مه سعود خه ریکی به زمی خوی بیت باشتره له و هه موو تاوان و قسه ئاست ته نگانه.

له لاپه ره «۴٦» دا ده لیت "به ته جروبه ش رایگه یاندوه که دیموکراسی وه ک نیزامی حوکم، باشترین شیوازی مامه له ت له گه ل یه کتری کردنه". تکایه چ جوریکی دیموکراتی؟ تکا له ماموستا ده که م توزیک باسی بیره دیموکراتیه کانی ولاته ئه ورووپییه‌کان بکات! بو نموونه داگیرکردنی ولاتان: پشگیری کردنی ده‌سه‌لاتی دیکتاتور، مه‌لیک... هتد، تا مام کوردیش له‌و بریارانه تی بگات. باشتریش ده‌بیت ئه‌گه‌ر روونی بکاته‌وه، بوچی ده سه لاته دیموکراتیه کان زیاتر له په نجه کانی ده ست ده زگای ئه من و مخابراتیان هه یه؟ نه ک ته نها بو ناو ولاته کانیان، به لکو بو هه ر ولاتیکی گیتی به شیکی تایبه تیان هه یه. هه روه ها باسی ئه وه ش بکات که ته نها دوو که س «له ئه لمانیا خاوه ن ده یان روژنامه ، بنکه ی چاپه مه نی، گوفار، رادیو، ته له فزیونن..» یان پیشیل کردنی داخوازی کریکاران هه ره زوربه یان که «شیوعی نین» بو راگرتنی بریاری که‌م کردنه‌وه‌ی ده‌رامه‌ت، بیمه کومه‌لایه‌تیه‌کان، بوچی داخوازی دیرینی ئافره تان بو «الغاء» کردنی بریاری «۲۱۸» پشت گوی ده خریت؟ ئه وا له به رچاوی مه سعود دا سه دان هه زار مندال و گه وره له عیران و کوردستان به هوی ئابلوقه ی ده وله ته دیموکراتیه کان له برسیتی و نه خوشی گیانیان له ده ست ده ده ن (ئه و ئابلوقه یه دژی ده‌سه‌لاتی صه‌دام نیه، خودی صه‌دام و پشتگیرانی ده‌سه‌لاته‌که‌ی شه‌وان به سکی تیر ده‌خه‌ون). مه‌سعود ی زانا به دریژای گفتوگوکه هه نگاو به هه نگاو هیرشی بی ئابروانه دژی شیوعیه ت به رپا ده کات، که چی له لاپه ره ی «۴۹» دا ده لی:

«به لام پیویسته بلیم من له لای خومه وه به هیچ جوریک مافی چه پره وم زه ده نه کردووه»

ئه مه ئه گه ر مه سعود ئه و مافه پیشیل بکات ده بی چی تر به ده میدا بیت؟ له لاپه ره ی **۵۲** ده نووسیت :

"ده بی نه ته وه ویستی کورد ژیرتر، هیمن تر، دوره ئه ندیشتر و ده ستپاریزتر و به رژه وه ند تر بیت، له برا کومونیستیکی که سه رکه وتنی کریکاری جابولقا و جه زیره ی واقلواق به میراتی خوی ده زانی ".

ئه ری باشتر نیه مه سعود ئه م پرسیاره له خوی بکات که ئایا ته نها کومونیسته کان وا بیر ده که نه وه؟ وه لامی ئه م پرسیاره به ئاشکرا،"نه" یه. قسه که ی مه سعود جه هاله تیکی رووته، چونکه سوسیال دیموکراته کانی ئه لمانیا، سه رکه وتنی سوسیال دیموکراته کانی سوید، فه ره نسا هتد به میراتی خویان ده زانن، به هه مان شیوه، ئاشتی دوسته کانی هوله ندا، خه‌باتی ئاشتیخوازی ئوسترالیا یان شیلی به میراتی خویان ده‌زانن. بزوتنه‌وه ئاینییه‌کان (هه‌رکامه‌یان بیت) سه‌رکه‌وتنی به‌شه‌کانیان به میراتی خویان ده‌زانن، سه‌رکه‌وتنی پولیسی ئینته رپول له کاریک دا له یونان ده بیته میرا تکه ری بو پولیسی ئینته رپولی به لجیکا، نه ته وه په رسته کانیش هه روا. بریا بیزانیایه نه ته وه په رست و فاشیکانی تورک، عه ره ب و کورد، چون چین چین فرمیسکیان ده رشت کاتیک ئه لمانیای روژئاوا ئه لمانیای روژهه لاتی داگیرکرد (ئه لمانیا ئیستا هه ر خه ریکه نه خشه ی ئه لمانیای گه وره ده کیشیت، داوای دامه زراندنی کوماری فولگا ده کات .......)

مه‌سعود، بو هه‌موو ئه‌وانه‌ی باسکرا به‌ره‌وای ده‌زانیت که سه‌رکه‌وتنی یه‌کتر به میراتی یه کتر بزانن، ته نها بو کومونیسته کان ئه وه به ره وا نازانن. ئه گه ر زه حمه تکیش یان کریکاریکی کومونیستی ژیان لی‌تالکراوی کوردوستان بو سه رکه وتنی داخوازی و خه باتی کریکاران له جه زیره ی واقلواق خوشحال بیت؛ ئه وا مه سعود ئیتر کوستی ده که ویت.

له لاپه ره ی **۵۳** دا مه سعود وه کو باوک سالاریک ئاموژگاری کوردی هه ندە ران ده کات. نازانم کورده کومونیسته کانیش ده گریته وه یان نه؟!. ده لی: "به تایبه تی له روژئاوادا"، به نده له وه ش حالی نه بووم، بوچی به‌تایبه تی له روژئاوا؟ بوچی وا ده لیم؟ چونکه له هه مان لاپه ره نووسیویه تی : "خو ده بی له غه ریبایه‌تی میوانی به شه رم و شکو بین، به تایبه تی ئه وانه ی به بژیوی خانه خوی کان گوزه ران ده که ن" (خوم خه تم له ژیر ئه م رسته یه دانا).

**A** جاری با مه سعود بزانی، په نابه ری له ئه م چه ند سالانه ی دوایی دا، رووداویکی جیهانیه. به ملیونه ها مروف ناچاری

ره وه کراون. قوربانی گیانی ریگای هه لاتن بو وولاته کانی ئه ورووپای غه رب و ئه مریکا و که نه‌دا که م نین. ئه م رووداوه به رهه می لیبرالیزمی نوی، سیستیمی جیهانی نوی یه که له لایه ن هاوسه نگه ره کانی مه سعوده وه به رپا ده کریت.

**B** په‌نابه‌ران له ئه‌لمانیا یان له وولاته‌کانی تر جیاواز له‌وه‌ی کورد بن یان ئیرانی یان موزه مبیقی، ناچار کراون کومه‌کی کومه‌لایه‌تی وه‌رگرن. ئه‌گینا به ده‌گمه‌ن که‌سیک ده‌بینیت به ئاره‌زوی خوی بیه‌ویت ئه‌و کومه‌که وه ربگریت. ئه مه ش به نده به باری نه بوونی هه لی کارکردن بونموونه ریژه ی بیکاری له ئه لمانیابه گویره ی ئاماره کانی حکوومه‌ت **٣/٥**ملیون و که‌سه، به‌لام به گویره‌ی ئاماره‌کانی ئوپوزیسیون ده‌گاته ٦ ملیون!! ئه‌وه ده‌سه‌لاته دیموکراته که ی مه سعوده به رپرسیاره به رامبه ر ته حقیرکردنی مروف، نه ک په نابه ر.؟!! نازانم عالمی گه وره مان ئاگاداری سوتاندن، کوشتن له سه ر جاده، لیدان، ده رکردن و ته حقیرکردنی په نابه ران هه یه یان نا؟ پیش ماوه یه ک له مه و پیش فاشیه کان ئوردوگایه کی په نابه رانیان سوتاند، که چی په ناهه نده یه کی لوبنانی (عید) (دانیشتووی ئوردوگاکه) ده گرن و تاوانباری ده که ن. یاسا له ئه لمانیا له لاستیک خراپتره؛ به ئاره زوی خویان ده یکیشن. تیکرای په نابه رانی ئوردوگاکه ده‌لین «ئیمه (عید)مان له خه‌و هه‌ستاندوه» . عید بی‌تاوانه به‌لام که‌س گویی لی نه‌گرت.. ئیتر زانای گه‌وره‌م خانه خویی چی؟ شه رم و شکوی چی؟ به راستی ئه و قسانه له بی نرخی و حه ماقه تدا زور ده وله مه ندن!. ئه م بوچوونانه م ئه وه ناگه ینیت، که کوردوستان یان عیراق به هه شتن و خه لکه که ی ده بی له وی بمیننه‌وه. نه خیر؛ خه لک له نیو دوو ئاگر دان ، دوو گیر و گرفت، هه ر یه که یان جیاوازه له وه ی تر. مروفه کان به ده ست وه حشیه تی عه ره بایه تی فاشیه کانی به غدا و تیرور و دره نده یی کوردایه تی پارتی و یه کیتی ده نالینن. بویه ریگای هه لاتنیان گرتوته به ر، حال و مالی خویان ده فروشن، خویان قه رزار ده که ن، ئیتر، ئازاره کان له بن نایه ن، مه گه ر زانایه ک وه ک مه سعود لیی حالی بیت!!

له هه مان لاپه ره مه سعود وه کو خوفروشیک یان پیاویکی ئه من (به بی ئه وه ی ئه و تاوانه بخه مه ئه ستوی) ده نووسیت: " دز و دروزنه‌کانی کوردی په‌نابه‌ر بو ئه‌ورووپا، ته‌ره‌س و بی‌شه‌ره‌ف و ریسوای ئابرووتکینترین گوناحی نامه‌ردایه‌تین : ده‌بوو له سه ر په رده ی ناموسی دایک و خوشکه کانیان لوقمه ی گه‌وادی بخون، ده ک هه زار له عنه ت و نه فرین له چاره ی خویان و له پشتاوپشتیان هه تا ده گه نه که شتیه که ی نوح".

له وه ئه چیت میشکی زانا و مفکره بلیمه ته که ی کورد زور خه ریکی خواره وه ی پشتینه که ی بی. مه سعود زه ره ر ناکات ئه گه ر میشکی نه ختیک بیهینیته سه ره وه ی پشتینه که ی! به ش به حالی خوم، په رده ی په نجه ره‌ی ژوره که م زور له لام پر بایه‌خ‌تره له‌و په‌رده‌یه‌ی مه‌سعود باسی ده‌کات. ئه‌و په‌رده‌یه که له به ر هه زاران هو نامینیت، یه کیک له و هه زاران هویه، ئه وه یه کچ و کور یه کتریان خوش بویت، له باوه شی یه کتر هه تا راده ی تواندنه وه تیکه لی یه کتر ده بن. ئه مه خوی له خوی‌دا شه ره ف و ناموسی ئافره تانه، با مه سعودیش په رده به ناموسی ئافره ت بزانیت.

له کوردستان زوربه ی پیاوان، مه سعود ئاسا، باس له شه ره ف ده که ن. « خوشکه که م یان کچه که م بوی نیه له گه ل هیچ پیاویک په یوه ندی هه بیت» ، یان « ئه گه ر کچه که م یان خوشکه که م عیلاقه ی له گه ل کوریک هه بیت، قاچی ده برم». یاخود به فه‌خره‌وه ده‌لین: کچه‌که‌م شه‌ریفه،عیلاقه‌ی له‌گه‌ل که‌س نیه. به‌لام ئه و جوره پیاوه شه ریفانه نازانن یان نایانه‌وی ئه‌و راستییه بزانن: ئه‌گه‌ر کچه‌کان وه‌کو کوره‌کان له خوشه‌ویستی و ئاره‌زوی جوان و ناسک؛ که مه‌سه‌له‌یه‌کی زور سروشتییه، بی به‌ش بکرین، ئه‌وا ناچاره‌کرین به ده‌ستپه‌رلیدان. ئافره‌تان تووشی جوره‌ها کومپلیکس ده‌کرین، گه‌شه‌کردنیان وه‌کو مروفیکی خولقینه‌ر داده‌مرکی. من دلنیام له‌و کاته‌ی پیاوان له‌ناو مه جلیسه کانیان‌دا باسی شه ره ف ده که ن، کچه کانیان یان خوشکه کانیان ده ستپه ر لیده ده ن، یان به دزیه وه کاری خویان ریک ده خه ن. جا بو؟ بوچی هه ستی پیروزی کچان جیگای ریز و خوشه ویستیمان نه بیت؟ بوچی باسی په رده بکریت؟ بوچی تیرور؟ با ئیمه ریک دانی پیادا بنیین: ئیمه کومه‌لگای ده‌سپه‌رلیدانمان هه یه (به رهه می بیر و باوه ری باو _سائد_) ، که یه کیکه له دزیوترین شیوه کانی مامه له کردن له گه ل مروف و پیروزترین هه ستی خوشه ویستی و تیکه لاو بوون. هه ندی هه یه ده لین ئه مه ئیباحیه ته و له نه زه ری ئه ورووپیه وه ته ماشای کوردستان ده کات. منیش ده لیم: نه خیر

من ته نها له گه ل له گورنانی کویله تی و تیرور و که م کردنی نرخی ئافره تانم، له گه ل په یوه ندیه کی هاوسانم، له گه ل خوشه ویستیم و هیچی تر.

ئافره تان، له ترسی کوشتن و سوتاندن به ده ست ئه و پیاوانه ی وه کو مه سعود فکر ده که نه وه، ده چن بو لای پزیشک بو دورمان و ته قه ل لیدانی ناموسی پیاوه کان، هه ندی ئافره ت ناچارن چه ند جار ئه و کاره بکه ن. لیستی ئه و ئافره تانه زور دوور و دریژه، پزیشکه کانی ته قه ل لیدان و دورمان به نهینیترین شیوه ئه و کاره پیروزه (که ئه سله ن یه ک زه ره پیویست نیه) ئه نجام ده ده ن. مه ترسی و زیندان هه میشه هه ره شه یان لی ده کات و قوربانیشیان داوه. ئه مه له که یه کی ره شه له نیوچه وانی مه سعود و هه موو هاوبیره کانی ئه ودا. مالی ده سه لاتداریتی برمیت، ئه گه ر ده سه لات به ده ست ئافره تانه وه بوایه، کاره که به جوریکی تر ده بو! جه هاله ت و ده به نگی مه‌سعود له وه دایه ئه و په رده یه به ناموس و شه ره ف له قه له م ده دات و له تویی ئه و په رده یه وه که ره نگه چه ند جاری له لای پزیشک کاروباری خه یاتی ته قه لی لیدراوه، بو جوین‌دان و ته‌وهین به کار ده‌هینیت. نه‌خیر، که‌سایه‌تی ئافره‌ت وه‌کو مروف، رولی کومه‌لایه‌تی، هه ست، خوشه ویستی مه چه کی موقاوه مه ت و خه باتیان.. هه تد، له وه زور گه وره تره. لیره هه‌ندی ئافره ت بو لای دکتور ده‌چن بو لابردنی په‌رده‌ی "ناموس"یان. ئه‌وان خویان لای ده‌به‌ن بو ئه‌وه‌ی تووشی ئازار نه بن. به رای من ناموس، نه‌هیشتنی چه‌وسانه‌وه و جه‌نگه، هاوسانی مروفه‌کانه، نه‌هیشتنی هه‌موو شتیکی ریگره له ریگای په‌ره‌سه‌ندنی مروف دا.

ئه مه شه ره فی منه، ئه گینا هیچی تر! ئه وه کانی تر پیشکه ش به مه لا مه سعود ده که م! ئه گه ر «عالیمه که مان» به و شیوه یه بدویت، بوچی له که سانی تر گله یی بکه م؟ "هه موو دزو دروزنه کانی کوردی په نابه ر" له گه ل دزو دروزنه کانی په نابه رانی گه لانی تر کو بکه یته وه، هیشتاش ناگاته چرکه یه ک له ته ره سی و بیشه ره فی و دزو دروزنی سه رمایه دار ان و یاسا و ده زگا پولیسی و موخابه رات و روژنامه و گوفاره کانیان. ده سه لاتی دیموکراته کانی ئه وروپا له سه ر بنج و بنه وای دزی و دروزنی و خوین رشتن دامه زراوه.

له لاپه ره (٨٠) دا ده نووسیت :

"که‌س له من باوه‌رهیناو تر نیه به‌و روه‌ی شیوعییه‌ت ده‌بیته پروژه‌ی ژیان و ژیار، به‌لام نه‌ک له ریی شه‌ری چینایه تی یه وه، به لکو له و ریگایه وه که سوید و دانمارک تییرا ده روانن"

تیگه یشتن له مه به ستی ریگای سویدی و دانمارکی بو گه یشتن به شیوعیه ت له ده ره وه ی تیگه یشتنی منه. تو بلیی مه سعود له سیسته م و ده سه لاتی سوید و دانمارک تیگه یشتبی؟

له لاپه ره (٨١) ده فه رموی :

"سوسیالیزم و دیموکراتی باوه ری لووت به رزن و به نازو فیزن له گه ل پرزوله کوردی عه بابه یلی و هه لاتووی هه نده ران و دانووکی ناکولی..."

ئه مه ئیتر په ت پچراندنه. من تی ناگه م له م سوکایه تی پیکردنه ی مه سعود به په نابه ران و کوردی عه بابه یلی. ده بوایه هه‌لو به‌رزنجی، وه‌کو په‌نابه‌ریک له (پیشه‌کی‌یه پیویسته‌که)ی دوو ووشه‌ی له سه‌ر ئه‌م ده‌ربرینه بنووسیبایه؛ ئاماژه‌یه‌ک بو پروپوچی لیدوانی فه‌یله‌سوفه‌که‌مان له سه‌ر په‌نابه‌ران بکردایه، یان له سه‌ر ترزلیه‌که‌ی له‌رووی دانیشتوانی عه‌بابه‌یلی. ئه‌م ده‌ربرینه هه‌ست به (دونیه‌ت)ی مه‌سعود ده‌ر ده‌خات. چما دانیشتوانی ئه‌وروپا و ئه مه ریکای باکور یان هه ر شوینیکی تر هیچیان له خه لکی ئیمه زیاتره؟، ئه مه ی مه سعود ده‌یلیته وه، ناگاته یه ک له سه ر سه دی پروپاگه نده کانی حوکمی سه رمایه داری پوولی به ناوی(دیموکراتی په رلمانتاری) له وولاتانی باکوری گیتی. له وه ده ترسم بلین مه سعود شتی تازه ده لیت، یان دارشتنی خویه تی، نه خیر ئه مه یانیش نیه، بو؟

مه سعود له وه لامی پرسیاری چواردا، بروا فه لسه فیه که ی به م جوره ی خواره وه باس ده کات :

"له باره ی هه لنانی دایه لیکتیکی نوی بو بنیاد کردنی ژیانیکی باشتر! من واقیع ده که م به باوک و دایکی فه لسه فه و

به رنامه ی ئاسوده یی و که رامه تی مروفایه تی نه ک له لاوه بیروباوه ریکی هوشکرد یان خه یالکرد یان ئومیدکرد به سه ر مروف ده سه پینم.... " لاپه ره (٢).

ئه م بوچوونه ناوه روکی بوچوونه کانی مه سعود ده کاته وه، ئه مه میتولوجی فه لسه فه ی پراگماتیزمه، تیروانیکی خودی(زاتی) میسالی ناعیرفانه (لاادریه)، (هه ندیکیان خواشیان به رنه داوه). بوچوونه کانیان زور له نیتشه وه نزیکه، له زور بابه ت مه زهه بی (وضعی) ره ت ناداته وه، بگره کاریشی تی کردووه. سیما سه ره کیه کانی پراگماتیزم بریتین له :

(١) هه موو لیکدانه وه کان، تیگه یشتنه کان، بریاره کان، تیروانینه کان ته نها بنه مان،(قاعده)ن بو ره فتاره کان.

(٢) راستی ته نها له سودی پراکتیکی شته کان بو ژیان ده بینن.

(٣) سه ره نجامی کاره کانیان له لاوه مه به سته و نه ک جووت بوونیان له گه ل واقعی بابه تی.

(٤) له ژیانی واقعی‌دا له راستیه‌کان ناپرسنه‌وه، به‌لکو له (**Cash- Valus**) له قازانج (**Profits**) و سه رکه وتن.

(٥) ره وشت به ریکه وتیکی لایه ندار پیناسه ده که ن، تیگه یشتنه که یان بو ره وشت و راستی هاوبه شه له گه ل مه زهه بی ره له تیفیزم (المذهب النسبی) و پلورالیزم (المذهب الجمعی).

(٦) ره‌وشت و راستیه‌کان دائه‌شکینن بو ئاستی بایه‌خه‌کانی تاقه‌که‌س یاخود گروپ له سود وه‌رگرتنیکی دیاریکراویان‌دا و ده سکه وتنیان‌دا. ئه م چه که ی بریارده ری بوچوونه کانیانه، هه ر بویه، ئه م فه لسه فه یه بوو به به شیکی جوت له گه ل ئیدولوژی ئیمپریالیزمی ئه مه ریکی.

به ناوی ئه م فه لسه فه یه وه په یره وی له هه ر ته دبیریک (اجرا) یک ده که ن، که به سودبه خشی ده زانن. چ له سه ر ئاستی ناوه‌وه‌یان یان له سیاسه‌تی ده‌ره‌وه‌یان. (الغایه تبرر الوسیله) دامه‌زرینه‌که‌ی (**William James**) ده‌لیت : پراگماتیزم دووره له (تجرید) و که مترخه می، دووره له چاره سه رکردنی گیروگرفته کان، که ته نها ووشه ی رووتن، دووره له پرینسیپی دانراو، له سیسته می داخراو، دووره له ره هایی (مطلق) و بنه ره ته کان (اصل)، زیتر هه ول بو راستیه کان و شیاو (مناسب) ئه دات بو به رخورد کردن و ده سه لات و دژی ئیدعای گه یشتنه به دوا راستیه کان. پراگماتیزم به هیچ جوریک سه رئه نجامیکی دیارکراوی نه گور دانانیت. پراگماتیزم ته نها میتودیکه؛ هه روه ها بروای به وه هه یه که:

(١) ده‌کری زانست و میتافیزیک له یه‌ک نزیک ببنه‌وه و له راستی‌دا ده‌توانن پیکه‌وه، ده ست له ناو ده ست کار بکه ن.

(٢) تیئوریه کان ولامدانه وه نین، به لکو زیتر ده کری به ئامیر (اله)

(٣) خودا، مه تریالیزم، ئه قل، ره هایی، ئینه رژی، هه موو ئه مانه ناوی (لغز) یکن ده دوزنه وه، ئیمه ده توانین ئاسووده ببین، ئه گه ر ئه وانه مان چنگ بکه ویت.

ئیتر مه سعود به گالته وه نالیت: "ده ستی یارمه تی ره ت نه کاته وه (مه به ستی کورده) با له شه یتانیشه وه بیت" . یان له لاپه ره ٢٧ ده لی: "مندال بازاری و بمری خوینمژ و ئیستیعمار و بژی فریشته ی بال ژه نگار و روحم به سه ده قه ی جووتیار و کریکار و مام سوفی ئاوده لی به ویقار، ئا ئه م قه وانه ساویلکانه ی ئیفلاس کردوو که ببنه مه نتیقی وتوویژ له گه ل ئه‌و لایه‌نه ده‌سه‌لاتدارانه‌ی به‌زمانی بوورسه و نه‌وت و ئیداره‌ت و ته‌کنیک و قسه ی زیده قه له وی سه ر به ژین و مه رگی جیهان، ده ست له چاره نووس و مافی ره وا و بیگه ردی کورد له به کارهینانی خوازی خوی و ....... و هتد بشو".

له‌و ووته‌یه‌دا؛ به‌روونی خه‌باتی دژ به ئیستعمار یان بیری چینی کریکار و جووتیار به گالته بازاری ده زانریت، به ئاشکرایی داوا ده کات له و "قه وانه" گه رین و به زمانی تر، به زمانی بوورسه و تیجاره ت قسه بکریت. مه سعود ئه مانه به خوینمژ نناسیت، له بری مـوقاوه مه ت، بانگه وازی مامه له کردن و مل که چی ده کات. نموونه یه کی تر ده هینمه وه له سه ر بوچوونه کانی، له پرسیاری ١٦ دا (لاپه ره **٥٥**) "کوردایه تی" چون پیناسه ده که ن؟ له وه لامدا ده لیت :

"پیناسه ی ده که م وه ک که عه تاریک پیناسه ده که م : دوکاندار یکه مالی عه تاری ده‌فروشیت..." یان له لاپه ره **٥۴** و

**٥٦** ده لیت
"من به زمانی واقیعه و واقیعه ده خه مه گفتوگو..."

مه‌سعود واقیع دوور له گشت تیبوریه‌ک ده‌بینیت، ئیتر واقیع چیه، یان تیبوریه‌کان (هه ر کامه یان بیت) تا چ راده‌یه‌ک به‌رپه‌رچی واقیعن، ئه‌مه به گرینگ نازانیت. به هه‌مان ئه‌ندازه مه‌سه‌له ی به راورد کردنی کوردایه تی به دوکانداره که وه کو پیشتر هیمام بو کردووه. پراگماتیزمه کان ته نها بایه خ به (تعامل) کردن ده ده ن، ئیتر هه ر چیه ک نیازیان بیت مافی ئه‌وه ده‌ده‌ن به خویان گشت ریگایه‌ک بگرنه به‌ر، بو نموونه گران‌کردنی نرخه‌کان، فیل‌کردن(غش)...، گرنگ ئه‌وه‌یه شته‌کانی بفروشیت (له به‌راورد کردن کوردستان رزگار بکات) پاشان "حیسابی که رامه تی تاک و دادی کومه لایه تی و مافی مروف، واته پاشان شته کان بو هونه ری (معمیل) یان خزم به هه رزانتر بفروشیت..... هتد.

نموونه یه کی تر له لاپه ره (٥٩) به رچاو ده که ویت که ده لیت :

"هه‌تا ته‌جروبه نه‌کریت، مه‌رجه‌کانی مته‌قیان لیوه نایه‌ت" مه سعود ئه وه مان پیشان ده دات و ده نووسیت "..... که واقیع ده کاته پیوانه و تیدا چه ق ده به ستیت و به باوکی گشت فه لسه فه و تیوریه کانی داده نی ".ده بوا یه هه لوبه رزه نجی ئاگاداری ئه‌وه ببوایه که بوچوونه که ی مه سعود له فه لسه فه ی پراگماتیزمه کانه وه سه رچاوه ی وه رگرتوه، قوتابیه کی ئه و فیرکاره یه و نه ک وه ک له لاپه ره ی ٧دا نووسیویه تی "ماموستا تاکه فه یله سوفی کورد و ته واوی ناوچه که یه..

هەوالنامەی کتێب

دوا ووشه

١_ له‌م کتیبه‌دا، مه‌سعود محه‌مه‌د نموونه‌یه‌کی زه‌قمان پیشان ده‌دات بو روشنبیریکی بلیمه ت له بواری زانستی زمان و شاره‌زا له بواری ئه‌ده‌ب و هونه‌ر به هه‌مان ئه‌ندازه نه‌براوانه دژایه‌تی فکر و سیاسه تی شیوعی کردووه به پیشه ی خوی، له سه رتاسه ری کتیبه که به جوره ها شیوه سوکایه تی، جویندانی گرتوته به ر که چی له لاپه ره (٦٨) دا ده نووسیت :

"سه قافه ت ده شی چ ده خلی به سه ر کاری سیاسییه وه نه بیت وه یا سیاسه ت به ته واوی سه ربه خو بیت و په کی له سه ر سه‌قافه‌ت نه‌که‌وتبی". ده بوایه مه سعود خوی له پیش دا په یره وی ئه م بوچوونه کردبایه، ئه مجار داوا له خه لق بکات سیاسه‌ت و سه‌قافه‌ت جودا بکه‌ن و تیکه‌لیان نه‌که‌ن. مه‌سعود خوی نموونه‌یه‌کی به رجه سته یه بو له یه ک جودا نه‌کردن و ده‌خاله‌تی ئه‌و دوو بواره. ئه‌مجار ده‌بی بلیم که ئه‌م جاره ممکن نیه، چونکه روشنبیری به نده به ژیانی مروفه‌کانه‌وه، په‌رچدانه‌وه‌ی هه‌ست و نه‌ست شیوه‌ی بینین، ئازار خوشی، هیوا.. هتد روشنبیر و هونه‌رمه‌ندان، ئه‌مانه‌ش به یه‌ک ملیون شیوه به یه‌که‌وه به‌ستراونه‌ته‌وه. میتودولوجی تیفکرینی ئینسانه کان سه رچاوه ی چینایه تی خویانیان هه یه : بو نموونه (به زه قی) له چرکه یه کدا که سیک ده گری بو قوربانیه بیتاوا نه کانی شه ری ناوخو له جزیره ی واقلواق و ئه وه ی تر ده گری له به ر نه خوشی پشیله که ی. (به بی ئه وه ی له نرخی پشیله که م بکه‌مه‌وه)!

مه‌سعود محه‌مه‌د نموونه‌یه‌که بو یه‌کانگیری سه‌قافه‌ت و سیاسه‌ت، یه‌کانگیری سه‌قافه‌ت‌و سیاسه‌تی دژ به روشنبیری سیاسه ت، میژوو، خه بات، گریان، هه ست، سوز، برسیتی..... هتد ئه وانه ی خویان به شیوعی ده زانن.

(سیان، ان کان ملتزم بحزب ام غیر ملتزم). لیره‌دا ئه‌مه‌ده‌که‌م به هه‌لیک بو تکا کردن بو ئه‌وه‌ی چیتر باسی "بنکه‌ی روشنبیران" یان "یه‌کیتی روشنبیران" .. هتد نه‌کریت، چونکه هه‌ر روشنبیریک به شیوه یه ک بو مه سه له کان ده‌چیت، روشنبیریکی ناسیونالیست جیایه له روشنبیریکی ئایینی؛ روشنبیریکی "دیموکرات" جیایه له روشنبیریکی فاشیست، روشنبیریکی لیبرال جیایه له روشنبیریکی شیوعی.. هتد.

بویه به هه له و نامنطقی ده زانم ئه و هه موو روشنبیریه جیاوازانه له ژیر ناوی "روشنبیران " دا له قه له م بدرین. من ئه و جیاوازیه که له واقیع دا هه یه و ده بزوین و کاری خویان ده که ن، ده که م به داخوازی له پیناوی دامه زراندنی بنکه یه ک

بو روشنبیران و هونه رمه ندانی شیوعی، که قودره تیکی به هیز پیک دینیت !.
٢ــ کاتیک گه یشتمه خویندنه وه ی "ئه گه ر شیوعیه ت نه بووبیته  دین" (لاپه ره١١) پسام له پیکه نیندا. مه سعود ئه م فتوایه ی  زور به کویرانه ده ر بریوه. چونه تیوری فیکری به و راده یه گه یشتووه، که بیروباوه ری شیوعی به ئایین دابنیت؟ شیوعیه ت چون دینیکه که له کونگره بو کونگره، له کونفرانس بو کونفرانس، له به رنامه بو به رنامه، بوچوون، بریار و هه لویسته کانی سه رلاپه ره کانی ده گورین، ره خنه ی لی ده گیریت؛ هه ندیکی به (مساحه) ده سرنه وه، گالته به هه ندی لاپه ره ی شه رم ئاوه ر ده کری؛ هه ندی لاپه ره ی جیگای تووره یی و ناره زابوونه.
ئه گه ر ئه مه "دین"ه من قبوولمه. دینیکی وا که هیچی له دین ناچی (ته نها له فکری مه سعود و ئاوه له کانی نه بیت)، ته نها ئه وه  نه بیت که لاپه ره ی دینه کان و لاپه ره ی ئه م "دینه که ی" من به یه ک ئامیر له چاپ ده درین له چاپخانه دا. من دینی وا، که له ئاره قه و فرمیسکی چه وساندنه وه و خوشه ویستی و سوزی مروف پیک هاتووه قه بوولمه.
٣ــ ئیمه خوازیاری ئه وه ین زانست و نووسین و لیکولینه وه  بده ین به ده ست زه حمه تکیش و نه خوینده وار و کریکاران. ( ئه و هه له ی که بو مه سعود هه لکه وتووه).
٤ــ به نده روژی ١١ سه عات خه ریکی کار کردنم له ده واجن. هه ندی جار پرسیار له خوم ده که م: من باوکی "کلارا" و "لیسیم" یان باوکی مریشکه کانم؟ وه لامه که زور دلته زینه. ئه م هه موو پیشکه وتنه ته کنولوجی و پیشه سازیه بوچی نه ختیک له خزمه تی مروفه کاندا به کار ناهینریت، نه ختیک به خته وه ری، نه ک  زور. هه لبه ت وه زعی من و ئه وانه ی وه کو منن زور باشتره له ملیونه ها بیکار و ئه وانه ی که مه سعود پییان ده لیت "به بژیوی خانه خویکان گوزه ران ده که ن" ئه وان خوا خوایانه کاریکیان چه نگ بکه ویت، هه رچیه ک بیت کاریک که خراپه کاری نه بیت، چونکه گیروده ی جوره ها گیروگرفت بوون، ئه و گیروگرفتانه ی که مه سعود بی به شه له تی گه یشتنی!
نرخی کاره که م به ساغی ١٥٦٨ مارکه. هاوریانی په نابه رم پیم ده لین : بو چی بو پاره یه کی وا که م کار ده که ی؟ ئه م نووسینه به رهه می سه عاته کانی پاش کار کردنه. له بری نه ختیک حه سانه وه، خه ریکی خویندنه وه ی "په رژینی بیده نگی" بووم. به په روشه وه ده مخویننده وه، بو ئه وه ی په رده له سه ر رووی جه هاله ت لابده م، پیلانی چه ته یی فیکری له ریگای کریکاران، جووتیاره هه ژاره کان، بیکاران، ئه نفالکراوه کان، ده ربه ده ره کان... هتد هاوسه نگه ره کانم پووچ بکه مه وه، (هه لبه ت به گویره ی توانام و له باره ی کات ره خساندن که نیمه)! نایشارمه وه، نووسینه که ی مه سعود له راده به ده ر ناره حه تی کردم. بوو به هوی ئه وه ی له کاره که م واز بهینم. چونکه مه سعود به نامه ردیه کی له راده به ده ره وه دژایه تی شیوعیه ت ده کات و دژایه تیه که ی که متر نیه له دژایه تی فاشیسته کانی به غدا (به هیچ شیوه یه ک تاوانباری مه سعود ناکه م به به عسییه تی). چونکه سه رئه نجامه که ی هه ر خزمه ت به ئه وان ده کات، به وانه ی کریکار و جووتیارو هه ژار و روشنبیره شیوعیه کان قه لاچو ده که ن.
٥ــ گومان له وه دا نیه که له نیو ریکخراوه کانی تر نموونه ی ره فتار و کردار و گفتاری خاوین هه یه، به لام له نیو شیوعیه کانیش که سانیکی به ئه ژمار هه ن که نموونه ی ره فتار و گوفتاری خاوینن. باری کوردستانی ئه مرو نموونه یه کی به لگه نه ویسته بو ئه م بوچوونه م!
٦ــ وای دابنیین که میژووی موقاوه مه تی بن ده سته کان و تیوریه که یان شه پولی نوهه م قوتیان بدات و به قودره تی میتافیزیکی مه سعود، ووشه به ووشه یان ببن به زوخال! باشه دوای ئه مه چی ؟! تو بلیی، کارتیکردنی کار و په یوه ندیه کانی به سه ر هوشدا نه بیته هوی ئه وه ی به هوشی مروفی مه زن (نه ک میرووله) داخوازیه سروشتیه ره وا کانی، به ره پچی مروفی خاوه ن ده سه لات، پولیس، کارگه، سوزانیخانه نه داته وه؟ بی گومان، ده ده نه وه، هه تا له ناوبردنی کاری گری گرته، و بن برکردنی هه موو ئه وه ی ریگری له گه شه  کردنی هه مه لایه نه ی مروف ده گریت!
٧ــ مه سعود محه مه د له لاپه ره (٨٣) دا ده نووسیت :

« سیاسەت پیشەیەکی گلاوە، لە کاری مەیمون دەکات، هەر بویەش بوو تیکەلیم لە گە ل سیاسە ت قوول نە بوو، نەکا بەرپرسی کاری نارەوا ببم، چی لە منەوە بیرورا دەربارەی سیاسەت بیسترابی و خویندرابیتەوە لە گوشەی (فکری)ەوەبووە، هیچ شتیکیشم لە بواری سیاسەتدا ئەنجام نەداوە زەرەری بە کەس گەیاندبیت، ئەگەر نەلیم هە مووی بە رژە وە ندی خە لقی خوای تیدا بووە..."

لیرە دا پرسیار دە کە م لە مە سعود : چ سیاسە تیک گلاوە و لە کاری مە یمون دە چیت؟ سە یرم لە رستە کە ی دوای دیت کە دە لیت "هە ر بویە ش بوو تیکە لیم لە گە ل سیاسە ت قول نە بوو" ، ئە مە جاری قوول نە بووە ئە وە ندە دە بیژی ئە ی ئە گە ر قوول بی چی دە کات؟

مە سعود بە دریژایی تە مە نی دریژی (هیوادارم دریژتر بیت) وە کو ئیدولوژیک بە ربە رە کانی ئیدولوجیە کی تر دە کات، لە لای هە موومان ئاشکرایە کە کاری سیاسی کاری فیکریە، خە تە رترین ئە رکی کاری سیاسی، چونکە لیرە وە ریگا خوش دەکریت بو سەلماندن، چالاکی، پروپاگەندە.. هتد. فکرەکان و چالاکی مروفەکان لە یە ک جودا نین، گە رچی فلانە مروف لە ناو قە وارە ی حزبیک، یان دە زگاکانی کار ناکات. مە سعود کارتیکردنی کارە فیکریە کانی، بوچوونەکانی لە "پە رژینی بیدە نگی" بە کاری سیاسی و تیکە ل بوون بە سیاسە ت لە قە لە م نا دات. نازانم بە چ قە ناعە تیکە وە دە لین "هیچ شتیکم لە بواری سیاسە ت ئە نجام نە داوە". بو ئە م ووتە یە هیچ بە لگە یە کی سە لمینراوی نیە، "زە رە ری بە کە س نە گەیاندووە"، تە نها بە شیوعیە کان نە بیت. بە هە مان ئە ندازە بوچوونە سیاسیە کانی هە مووی بە رژە وە ندی خە لقی خوای تیدا بووە، تە نها کومونیستە کان نە بیت، چونکە خویان بە خە لقی خوا نازانن! هە ربویە ش لە سە ر ئە ساسی قسە کانی خوی پیی دە لیم : پیشە سیاسیە کە ی مە سعود گلاوە و لە کاری مە یمون دە کات...

ئەم نووسینە پیشکەش دەکەم بە دایکم و بەو دایکە بەشمەینەتانە، کە لە ناو حەسرەتی چاوەروانی دیتنی مندالە کانیان سە ریان نایە وە و چوونە رە حمە تی خاک!

***

هەواڵنامەی کتێب

# چەند تێبینییەک

دە ستە ی نووسە ران

نووسراوە کە ی سە لام عبداللە ئیبراهیم بە جوانی ماهیە تی بوچوونە کانی مسعود محمد دە خاتە روو. دیفاعیک کە سە لام عبداللە لە کومونیزم و کریکار و زە حمە تکیشی دە کا، جوان و بە جی و جیگە ی ریزە.
نووسراوە کە ی سە لام عبداللە چە ند خالیکی تیدایە کە ئیمە وە ک دە ستە ی نووسە رانی "هانا" بە پیویستی دە زانین زور بە کورتی رای خومان دە ربرین لە سە ریان.

ـ سە لام عبداللە زور بە جوانی روونی دە کاتە وە کە کوردستان کومە لگایە کی چینایە تی یە و هە ر بویە ش دانیشتوانی کوردستان یە ک ئە خلاق، فە رهە نگ، میژوو، بە رژە وە ندی و.... هتد یان نیە؛ بە لکوو هە مووی ئە وانە بە پیی ئە وە ی کە ئینسان سە ر بە کام چینە کومە لایە تی یە بی، جیاوازیان لە گە ل یە ک هە یە.
بەلام کاتی باسەکە دیتە سەر "کوماری مەهاباد"، شیوەی باس کردنەکە (کومارەکەمان) لەوە دەچی کە گوایە «کوماری مە هاباد» کوماری "هە موومان" بووە . کوماری مە هاباد، کوماری کریکار و زە حمە تکیشی کوردستان نە بوو، بە لکوو کوماری بورژوا ـ ناسیونالیستە کان و ئاغاواتی کوردستان بوو. ئە وە تە نیا ناسیونالیستە کانن کە لە گە ل هینانی نیوی "کوماری مە هاباد" لە خوشحالی و فخر دا شاگە شکە دە بن؛ دە نا ئە و کومارە بە قە رای پولیکیش فری بە کریکار و زە حمە تکیشە وە نە بووە! هە ر چە ند سە لام عبداللە خوی لە ووتنی ووشە ی (کومارە کە مان) ئە و مە بە ستە ی نە بووبی، بەلام شیوەی باسەکە، (بە تایبەت کە لە هیچ شوینیکی نووسراوەکەدا قسەیەک لە سەر ناوەروک و ماهیەتی "کومارە کە " ناکری) هە ر ئە و مە عنایە دە بە خشی کە ئیمە باسمان کرد.
ـ ئیمە هەروەها لە چەند مەسەلەیتردا لە گەل سەلام عبداللە هاونەزەر نین کە گرنگترینیان دە گە ریتە وە سە ر سوسیالیست بوون یا نە بوونی سوفیە تە. لە پە یوە ندی لە گە ل کوماری مە هاباد و دە وری روسیا دا، بوچوونە کە ی سە لام عبداللە لە وە دە چی کە پاکانە بو سوفیە ت و سیاسە تە کە ی سە بارە ت بە کوردستان بکات. ئیمە قسە یە کمان لە سە ر ئە وە ی کە سوفیە ت زور یان کە م خزمە تی بە کوماری کوردستان کردبی نیە، بە لکوو قسە کە مان ئە وە یە کە سوفیە ت ئەگەر زوریش خزمەتی کردبی، بەلام ولاتیکی سوسیالیستی نەبووە و هەر کاریکیشی کردبی بە پیی بە رژە وە ندی تایبە تی خوی لە کی بە رکیی ئە مپریالیستی سە ردە م دا کردوویە تی.

❊❊❊

# پەیکەرساز

## (هونەرمەندی ئەم ژمارە)

ـ کاوان قادر توفیق

ـ له سالی ۱۹٦٤ له سلیمانی له دایک بووه.

ـ ده رچووی په یمانگه ی هونه ره جوانه کانه له سلیمانی به شی په یکه ر سازی سالی ۱۹۸٦_۱۹۸۷.

ـ کاره هونه ریه کانی هونه رمه ند کاوان قادر:

ـ کاره هاوبه شه کان: ئه ندامی پرۆژه ی بووژانه وه ی هونه ری په یکه رسازی له کوردستان وه ک لیپرسراویبه شی هونه ری بووه و له م کارانه به شداری کردووه:

ـ دروست کردنی په یکه ری ‹کریکارانی جیهان یه ک گرن!› له شاری سلیمانی به به رزی ۷ مه تر.

ـ دروست کردنی دوو په یکه ر به ره مزی پیشمه رگه له ره واندوز.

ـ په یکه ری ‹منالانی بی ناو و نیشان› له شاری سید صادق به به رزی ۳ مه تر.

## ـ کارە سەربەخۆکانی هونەرمەند کاوان:

ـ له فیستیفالی سالانه ی په یمانگه ی هونه ره جوانه کان له سلیمانی له ساله کانی ۱۹۸۳ تا ۱۹۸۷ بەشداری کردووه.

ـ له یادی ۲۰۰ ساله ی دامه زراندنی شاری سلیمانی به ۳ به رهه م به شداری کردووه.

ـ دروست کردنی په یکه ری "کریکارانی جیهان یه ک گرن!" به به رزی ۲ مه ترله ۱۹۹۳.

ـ دروست کردنی ۴۵۰۰ مه دالیا بو روژی جیهانی چینی کریکار له ۱۹۹۲.

ـ دروست کردنی ۲۵۰۰ مه دالیا بو روژی جیهانی چینی کریکار له ۱۹۹۳.

ـ دروست کردنی ۲۴۰۰ مه دالیا بو یه کی ئایاری سالی ۱۹۹۴.

ـ دروست کردنی ۱۵۰ مه دالیا بو ۸ ی مارسی روژی جیهانی ژنان له تورکیا له ۱۹۹۵.

ـ کردنه وه ی پیشانگا یه کی کاریکاتیری و پوسته ر بو په ناهه نده ئیرانیه مانگرتووه کان له تورکیا له ۱۹۹۰.

ـ دروست کردنی ۱۷۰ مه دالیا بو ۸ ی مارس روژی جیهانی ژنان له فانکوفه ر له ۱۹۹۷.

ـ به شداری کردن له پیشانگای فوتوگرافیـ پوسته ری حیزبی کومونیستی کریکاری عیراق به یادی کارەساتی هه له بجه، له فانکوفه ر له ۱۹۹۷.

ـ دروست کردنی چه ندین تابلوی پوسته ری گه وره که ره نگدانه وه ی خه باتی شیلگیرانه ی چینی کریکاره دژ به نیزامی سه رمایه داری که له مه راسیم و یاده کریکارییه کان دا نیشان دراون.

پروژه ی بووژانه وه ی هونه ری په یکه رسازی له کوردستان له سالی ۱۹۹۲ له سلیمانی دامه زرا و هونه رمه ند کاوان قادر ئه ندامی ئه م پروژه یه بوو. وه ک لیپرسراوی به شی هونه ری تا سالی ۱۹۹۳، له م میژووه به دواوه هونه رمه ند کاوان قادر هیچ په یوه ندیه کی به م پروژه یه وه نه ما.

***

# وردبووونەوەیەک لە سەر وشە لە شیعردا

فایق عبداللهی

شیعر عودیکه تا گری ره خنه ی تیبه رنه بی بونی نایه. شیعری کوردی له به ر هه ر هویه ک بووبی تا ئیستا که م جار گری ره خنه ی تیبه ربووه. ئه م نووسراوه یه هه ول ده دا سه رنج رابکیشی بو سه ر وشه له شیعردا. ئه مرو ئه وه راستیه کی حاشا هه لنه گره که له هه ر ده و ره یه ک دا، بیر و رای زال، بیر و رای چینی ده سه لاتداره. چینیکی کومه لایه تی که هیزی ده‌سه‌لاتداری مادی کومه‌لگایه، له هه‌مان حال‌دا هیزی ده‌سه‌لاتداری مه‌عنه‌وی کومه‌لگاشه. چینیک که ئامرازی به‌ره‌م‌هینانی مادی له ده‌ست‌دایه، له ئه‌نجام‌دا ئامرازی به‌ره‌م‌هینانی فیکری کومه‌لگاشی له کونترول دایه (ئایدیولوژی ئالمانی، مارکس ـ ئینگلیس) . عه‌ینیه‌ت دان به ئه‌فکار و زه‌ینیش له لایه ن هه رکام له و چین و تویژانه‌وه له ریگای وشه‌کانه‌وه مه‌یسه‌ر ده‌بیت. له‌و لاشه‌وه زوریک له وشه‌کان مورکی ریزبه ستن و کیشمه کیشی چینایه تیان به روخساره وه دیاره. له شیعر دا په یوه ندی «وشه کان» له گه ل «زه مان» گرینگیه کی تایبه ت به خوی هه یه. بو وینه به وشه‌یه‌ک ده‌کری زه‌ینی خوینه‌ر بگه‌رینیه‌وه چه‌رخه‌کانی ئینسانی ناو ئه‌شکه‌وت، یان بیبه‌یه دنیای خه یالاتی مه زهه بیه وه یان خوینه ر له ژیانی ئه مروی دابری و دوری بخه یه وه به شیوه یه ک که زه ین و میشکی خوینه ر وه ک ئینسانی سه ده ی ئه توم و کومپیوته ر... و برگه کونه زه مه نیه کان دا به ریه وه خوار. له هه مان کات دا ده کری به وشه‌یه‌ک چه‌ند مه‌به‌ست ده‌ربری. چونکه وشه‌کان نه‌ک هه‌ر ته‌رجه‌مه‌ی خوزگه و خه یالاتی ئینسانن، به لکو هه ر وشه‌یه‌ک له شیعردا وجوودی راسته‌قینه‌ی ئه‌و شته‌یه که شاعیر باسی ده‌کات، ده‌بی وشه‌که بونی بیت، ره‌نگی بدره وشیته وه، ده نگی بزرینگیته وه، له شی هه ستی پی بکری و هتد...

له‌گه‌ل گورانی ده‌وره میژوویی‌یه‌کان، وشه‌کانیش له زور لایه‌نه‌وه ئالوگوریان به سه ر دادی. بو وینه ده کری ده ورانی کویله‌داری و فیودالی له ریگای وشه‌کانیشه‌وه لیک جیاکه‌ینه‌وه و بیان ناسیته‌وه. هه‌ر به‌و پی‌یه‌ش له ده‌ورانی سه رمایه داری دا گه لیک وشه ی نوی هاتنه کایه وه و ته نانه ت که وتنه سه ر زاری خه لکیش. گه لیک وشه قه ده غه کران یان به ئه نقه ست له بیر برانه وه؛ زوریکیش روژانه ده که ونه به ر سانسور و بی سه روشوین ده کرین. هه ر ئه مرو له به ر چاوی هه‌موانه‌وه، هه‌ر له کار به‌ده‌ستیکی پله‌نزمی ده‌ستگای فیکری بورژوازیی‌یه وه تا ژورنالیستیکی به کریگیراو، هه موویان له به کاربردنی وشه ی وه ک شورش، پرولیتاریا، چه وسانه وه، عه داله ت و یه کسانی خوده پاریزن؛ نه ک هه ر خوده‌پاریزن به‌لکو به‌ئه‌نقه‌ست ده‌یانه‌وی به جیگیرکردنی وشه‌ی دیکه، ئه‌م وشانه له زه ینی خه لک ره ش که نه وه. ئه مرو له گه ل به ره وپیش چوون و گه شه ی ئامرازه کانی په یوه ندی گشتی و له سایه ی ماهواره و ئینترنیته وه، گه لیک رووداو و مه‌سه‌له‌ی شه‌خسیش، خه‌لکیان لی ئاگادار ده‌کریته‌وه. ئه‌و ئامرازانه‌ش وه‌ک هه‌ر ئامرازیکی‌تر له خاوه‌نداریه‌تی تایبه‌تی سه‌رمایه‌داری دان. بورژوازی به‌که‌لک وه‌رگرتن له رادیو، روژنامه، ته‌له‌فزیون، ماهواره و ئینترنیت و له ریگای به کریگیراوانی ورد و درشتی خویه وه له مه یدانی جوراوجوری سیاسی، فه رهه نگی، کومه لایه تی و ئابوری دا خه ریکی موهه ندسی کردن به باوه ر و ئه رزشه به رزه ئینسانی یه کانه. ئه م دیارده یه ئه ده بیات و سینه ما، موسیقی، شیعر و گه لیک بابه تی دیکه ده گریته به ر. راسیزم، پیاوسالاری، ناسیونالیزم و مه زهه ب وه ک دیارده کانی نیزامی سه رمایه داری، له ده ورانه جوراوجوره میژوویی یه کان دا مورکی خویان له فه رهه نگی کومه لگای ئینسانی داوه و موعته قیدات و ئه فکاری یان تا گوشه ی زمانی خه لکی چه وساوه ش رویشتون.

ئه مرو گه لیک وشه ی سه ر به و ره وته فکری یه بورژوایی یانه بوون به به شیک له زمان به گشتی و ته نانه ت که سانی مودیرن و پیشره‌و و یه‌کسانی‌خواز و بی‌مه‌زهه‌بیش له‌قسه‌کردنی روژانه‌یان‌دا ده پات و سه دپاتیان ده که نه وه، بی ئه وه ی لییان ورد بنه وه. ویده چی ئه و رقه ی ئه وان له نیزامی سه رمایه داری و دیارده دزیوه کانی ئه و نیزامه هه لیان

گرتوه، وشه و فه رهه نگی غه یری ئینسانی ئه و نیزامه نه گریته به ر. که سیک که ناسیونالیزم، مه زهه ب و هه لاواردنی ئینسانه کان، بیزی هه لده ستینی و بو رووخاندنی نیزامی خولقینه ری ئه و دیاردانه تیده کوشی، ده بی ئاسه واری ئه و نیزامه ش که وه ک تومور (شیرپه نجه) که وتوونه گیانی فه رهه نگی ئینسانی، ریشه کیش بکا و ئیتر به زمانی چه وسینه ران، مه زهه بیه کان و ناسیونالیسته کان نه دوی. وشه ی واهه یه که له هیتله ر و تاله بانی و بارزانی و نیرون که متر تاوانبار نیه. وشه ی واهه یه که له خومه ینی و ئه ده هه م بارزانی و تالیبانه کان و چی کشیش و مه لا هه یه، کونه په رست تره و زور وشه ش هه ن که له تیروریسته کانی دژی ژن، ناموس په رست تر و جنایه تکارترن. کاتیک چاویک به هونه ر و ئه ده ب و شیعری کوردیدا بخشینین، ته نانه ت به شی پیشره و و ئینسانیه که شی ، گه لیک وشه ی له م بابه ته مان به رچاو ده که ون یان وشه ی وا ده بینین که هی ئه م سه رده مه نین. شاعیر ده بی نزیکایه تیه کی بی قه ید و شه رتی له گه ل سه رده می خوی هه بی؛ ته ئسیری لی وه رگری و ته ئسیری له سه ردابنی. له لایه کی تره وه ده بی کارتیکردنی گوزه ری زه مان به به رهه مه کانیه وه دیاربی؛ چونکه هه ر شاعیریک که بیهه وی به ر به مردنی خوی و به رهه مه کانی بگری، ده بی پیویستیه کانی ده ورانی خوی بناسی.

شاعیر ناتوانی مه سه له کانی ژیانی ئینسانی ئه مرو به پیوانه کانی دوینی هه لسه نگینی، ئه گه ر وابکات، هه له ده کات! ژیان، ئینسان، فکره کان، هه سته کان، پیویستی یه کان، په یوه ندیی یه کان و ته نانه ت سروشتیش له گه ل تیپه ربوونی زه مه ن دا ده گورین. له و نیوه دا ده بی هه ستی شاعیریش له و گورانه دوا نه که وی و مه سایلی نوی ته جروبه بکات و جوابی بویان هه بی. هاوکات له گه ل ئه م ئالوگورانه دا ده بی وشه کانی ناو شیعریش بگوردرین و وشه ی ئه مرویی به تایبه ت بو ئه و دیاردانه ی که دایم له حالی گوران دان به کار ببر یت. دوا به دوای لیک هه لوه شانی سیسته می فیودالی، ئالوگوری بنه ره تی له زوربه ی هه ره زوری لایه نه کانی ژیان دا پیکهات: هاوکیشه ی نوی، چین و تویژی نوی، ئامرازی نوی، زانستی روو له پیش و ته نانه ت شیوه ی خه بات و به ره نگاربوونه وه ی نوی هاتنه کایه وه. ئه مرو له زوربه ی ولاتانی دونیادا ده توانین په یوه ندی و موناسباتی سه رمایه داری ببینین. له کومه لگای کوردستانیش وه ک هه موو کومه لگایه کی چینایه تی دیکه، ئه و موناسباته ده بینری به لام فه رهه نگی شیعری زوربه ی شاعیرانی هاوچه رخیش، فه رهه نگی لادییی و خیله کی یه و ئاساواری ژیانی شاری که م **تیدا** ده بینری؛ شاریک که کریکار و سه رمایه داری تیدایه؛ کارگه و شه ریکه ی تیدایه؛ به لام شاعیری کورد کاتیک ده یهه وی باس له چه وسانه وه بکات زه ین و ئه ندیشه و خه یالی له داس، مه زرا، جووتیار، ئاغا، شان و لاملی ئاره ق ده رکردوی جووتیار و مال و منداله که ی تی ناپه ری. شاعیریکی ئه مرو که بیه وی باس له چه وسانه وه بکات نابی داس و مالاغان له سه ر شان له مه زراکان دا سه رگه ردان بی، له حالیک دا که ده یان و سه دان ناره زایه تی و مانگرتنی کریکاری له کارگه و شه ریکه و کوره خانه ی کوردستان ده بینی. ئه مرو کریکار و خه باتی چینایه تی مه وزوعیه تیکی حاشاهه لنه گریان هه یه که ئه ده بیات و شیعری کوردی ناتوانی چ به ئه نقه ست یان له ژیر فشاردا به چاوی سانسور سه یریان بکات.

خوتان سه یر بکه ن حوزوری داس چون به ری به هاتنه کایه ی وشه ی نوی گرتووه:

داس له گه ل گه نم دا له شایی سه پانی حه زم دا/ ره شبه له ک ده گیرن./ «پانوراما_ ل_۴_ مهاباد قه ره داغی».

وه رزیرانی ماندووی ولات له سیبه رتا،/ گه رمای له شیان، حه سره تی هه زار ساله یان،/ ...«زایه له، ل_ ۵_ ئه نوه ر قادر محه مه د».

رووسووره کاکی فه لا/ ره نجی سالی دیته به ر/ کاتی به رهه می سووره،گه لاویژ هاتو ته ده ر/ «ئاهه نگی ئازادی و ئه فین، ل_۴۱ کاکه».

ئاوایی خنجیلانه مان/ ده م له سه ر ده م،/ ده س له ملان./ «ئاهه نگی ئازادی و ئه فین، ل_ ۵۰_ کاکه».

ئه و بوچوونه ی که پیشتر سه باره ت به فه رهه نگی لادیی یه وه باس کرا به ئاشکرایی له شیعری ئه و شاعیرانه دا خو

دەردەخا. ئەرکی شاعیری پیشرەو ئەوەیە کە بیباکانە ئەو وشە و پیوانانەی تا دوینی لە شیعردا باو بوون، لە فە رهە نگە شیعری یە کە ی خوی دە رهاوی و هە رچی زیاتر ئە و وشانە ی کە شیعر و شاعیری کون بە کاریان نە هیناوە، بینیتە ناو شیعرە وە و سیمایە کی نوی بدا بە شیعرە کە ی.

لە وانە یە لە و نیوە دا کە سانیک هە بن کە بلین ئە ی چارە نووسی کولتور و داب و نە ریتی کوردی چ دە بی؟ چونکە لە و نیوە دا وشە ی بیگانە ش دینە ناو زمانە وە. ئە وانە دە مارگری وای لیکردوون کە تە نانە ت لە گە ل ئە و دە ستکە وتە عیلمی و سە نعە تی یانە ش دە کە ونە دوژمنایە تی کە پیویستیە کی ژیانی ئینسانن. زمانی ناوچە یی ئە وان هیچ وشە یە کی نیە کە ئەو بەرهەمە نوی‌یانەی پی ناو بنی. ناوەکەبیگانەکەش کە بناغەکانی فە رهە نگی نە تە وە یی هە لدە لە رزینی و دە بی زمان لە و وشە بیگانانە پاک بکریتە وە! لە روانگە ی ئە وانە وە هینانی ئە و جورە وشانە بو ناو شیعر، خە یانە تە بە زمانی گە ل، زمانیک کە کردوویانە بە هە ویە تیکی درویینە بو ئینسانە کان. بە م جورە دە یان بیانووی جوراوجوری بو پە یدا دە کە ن بە لام رە وتی بە رە و پیش چوونی زانست و سە نعە ت ئاور وە سە ر ئە و فە رهە نگ پاریزە دلسوزانە ناداتە وە و ئەوان لەگەل فەرهەنگی ئینسانەکانی چەندین سەدە لەوە پیش تەنیا دیلیتە وە و لە ئە نجامیش دا سنووری پیروزی زمانی نە تە وە یی تیک دە شکینی!

شاعیریکی پیشکە وتنخوازی ئە مرویی کە بروای بە گورینی ئە م ژیانە و خولقاندنی دنیایەکی بە رابە ر و ئارام و ئازاد هەیە و هەر وەک چون دەزانی کە وەها دنیایەک پیویستی بە گورانکاری بنەرەتی لە هە موو لایە نە کان دا هە یە، دە بی لە زمانی شیعری خوشی دا ئە و گورانکاریە پیک بینی. شاعیر ئە گە ر بروا دە کا کە دە ورە گورا وە، شیوە کانی چە وسانە وە ی ئینسان گوراون، دە رد و مە ینە تە کان زیاد بوون و گرینگ تر لە وە کە دە یهەوی لە گورینی ئە م دنیایە دا بەشدار بیت، دەبی تەئسیری ئەم دەورە تازەیە بە بەرهەمەکانیەوە دیار بی و تیایدا رە نگ بداتە وە و دە بی بو شیکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەم وەزعیەتە تەسویری ئەمرویی و وشەی ئەمرویی بەکارببات. بو ئەوەی کە مە بە ستە کە ی پربە پر گە یاندبی و خوینە ر بە تە واوی وجوودە وە دە نگ و رە نگ و بون و پیت و تامی وشە کە هە ست پی بکات، دە بی وشە ی ئە مرویی تە سویرە کانی بخولقینی. دە بی بە رە نگی وشە کانی کولکە زیرینە ی خە یال لە زە ینی خوینەردا دروست بکات. دەبی بە شنەی وشەی تازە هەوری خەیال بجوولینی، تامی وشە کان ئاو لە زاری خوینە ر بینی و دە نگی لە رانە وە ی وشە کانی پە پولە کان بخاتە سە ما. دە بی بە کە نالی وشە کان دا بچیتە ناو دنیای خە یال، دنیایە ک کە هە موو تە سویرە کانی راست لە سە ر جیگای خویانن و هی ژیانی ئینسانی ئە مرون. هە لبە ت مە بە ست ئە وە نیە کە وشە تازەکان سەرتاپای شیعر دابگرن، بەشیوەیەک کە خوینەر یەک یەکی ئەو وشانە رابگری و لی‌یان وردبیتە وە، ئە و کات مانا و پە یام و ناوە روکی شیعرە کە دە بنە فیدای وشە تازە کان. گرینگ تر لە هە مووی ئە وە یە کە ئە و وشانە ی بوون بە بە شیک لە سوننە تی شیعری، لە گە ل هە ست و فکری شاعیری ئە مرو نایە نە وە، چونکە گورانی هە ل ومە رجی ژیان، مە سائیلی نوی، هە ستی نوی و ئە ندیشە ی نویی لە گە ل دا دی. بو دە ربرینی ئە و هە ستە نوی یە ش پیویستی ئە ساسی بە وشە ی تازە هە یە. شاعیر بە و ئە ندازە ی کە بە پیویستی دە زانی، دە توانی وشە ی نوی بینیتە ناو شیعرە کە یە وە، بە بی ئە وە ی کە ترسی لە وە هە بی کە ئە و وشانە چونکە لە فە رهە نگی شیعری شاعیرانی پیشوو دانین، شاعیرانە نین. مەسائیل، پرسیارەکان و خوزگەکانی ئەمرو خو داوینە قالبی ئە و وشانە وە و هیچ ناسیاویی یە کیان لە گە ل وشە ی سوننە تی و کون نیە.

لە وانە یە هە ندیک لە سە ر ئە و بروایە بن کە شیعر دە بی پیک بی لە چە ند_وینە ی ناسک یان خە یالیک کە لە وانە یە گە لیک جاریش هە زم نە کرین یان بی رە بت بن بە ژیانی واقیعی. لە و کاتە دا کە زە ینی شاعیر خە ریکی دروست کردنی تە سویریکی شیعری مە سنوعی یە، رولی وشە کان دیسان لە بیر دە چیتە وە. کاری هونە ری پە یوە ندیەکی لە پسان نە هاتووی لە گە ل ژیان دا هە یە، ئە سلە ن کاری هونە ری یانی تازە کردنە وە و خولقاندنی سە ر لە نویی ژیان لە هە ر دە وە ریە ک دا. کە ژیان دایم ئال وگوری بە سە ر دادی، هونە ریش کە قە را رە شیوە بە یانیکی نوی بی لە ژیان، هە مان شتی بە سە ر دی.

هەواڵنامەی کتێب

لیکدانه‌وه‌ی ئینسان له‌سه‌ر ئینسان، سروشت، ئه‌خلاق، خوشه‌ویستی، مه‌رگ، ژیان، متمانه، هیوا و... ده‌گوردری. ئه‌گه‌ر هونه‌رمه‌ند له‌هه‌ر ده‌وره‌یه‌ک‌دا به یه‌ک شیوه چاو له‌و دیاردانه بکا، ته‌نیا خه‌ریکی کوپیه‌کردنه، نه‌ک خولقاندن! کوپی کردن و دووپات کاری و که لک وه رگرتن له وشه و ته سویری کون ده کری له لایه نی جوراوجوره وه بدرینه به ر پرسیار:

## (۱) شیعر و وشه‌ی کون و سوننه‌تی له سرنجیکی گشتی دا:

هه ر وه ک پیشتر ئیشاره ی پیکرا، به شیک له وشه کان بوون به خشت و به ردی بینای شیعر و له راستی دا ئه و شته یان پیک هیناوه که ناوی «سوننه تی شیعری یه». شاعیری ئه مروش هه ر به هه مان که ره سه ی پیشوو خه ریکی ته رمیمی بینای شیعره، له‌جیاتی ئه‌وه‌ی که بینای شیعری کون تیک‌بدات و به که‌ره‌سه‌ی نوی بینایه کی نوی، به نمایه کی ئه‌مرویی و جوان بنیاد بنی. کاتیک کاری شاعیر گه‌یشته سه‌ر ته‌رمیم کردنه‌وه‌ی بینای شیعر، هه‌ر له‌ویوه خولقاندنیش ده‌مری. خولقاندن به‌ر له‌هه‌موو شتیک زه‌مانی له‌به‌رچاوه، یان ده‌کری بلیین که‌گوزه‌ری زه‌مان و خولقاندن په‌یوه‌ندییه‌کی دوو لایه‌نه‌یان هه‌یه. هه‌ندیک له شاعیران نه‌ک هه ر له زه مان ناگه ن به لکو جه علیشی (غه شی تیدا) ده که ن. ئه و جه علی زه مانه ش دیسان ده گه ریته وه سه ر سوننه تی شیعری. شاعیر ترسی ئه وه ی له به ره ئه گه ر بیت و وشه ی نوی و ئه مرویی وا به کاربینی که له کولکسیونی ئه م سوننه ته شیعری یه دا نه بی، شیعره که ی حاله‌تی شیعری له‌ده‌ست ده‌دا و بره‌وی نابی. شیعری کوردی پره له مه‌فاهیمی پیاوه تی، قاره مانیه تی و ئازایه تی پیشمه‌رگه، تولـه سه‌ندنه‌وه، ته‌قدیس و خوشه‌ویستی ئاو و خاک و نیشتمان، دوژمنایه‌تی میلله‌تانی دیکه، لاروله‌نجه‌ی ژن و لاسه شور و شه نگه ژن و هتد... کاری ئه م تاقمه له شاعیران وه ک ئه وه یه که پشت له ئه مرو، له گه ل دوینیی خویان بدوین یان بو دوینی بگرین. ته نانه ت زور جار که بیانه وی باس له ژیان بکه ن په نا ده به نه به ر وشه و پیوانه کانی دوینی یان، یان باشتر بلیم ژیانی ئه مرو له قه بری دوینی دا ده نیژن. ئیستاش زورن ئه و شاعیرانه ی که پییان وایه شیعرگوتن کردنه وه ی «بوخچه ی» دلیانه، له حالیک دا بوخچه هینده شتیکی کونه که ئه گه ر به زوریش به شانیان دابکه ی، دای ده رنن! تازه شیعر ووتن کردنه وه ی دلی شاعیر نیه، به لکو رووناکی خستنه بو سه ر قوژبنیکی هه ر چه ند بچووکی ژیان. ئیستاش پیوانه کونه کان لای زوبه ی شاعیران ئیعتیباری هه ر ماوه، بو وینه ئیستاش له شیعری زوربه‌ی شاعیران‌دا پیوانه‌ی "به‌رزی" هه‌ر کیو و شاخ و ئاسمانن، ئه و وشانه هینده به کارهینراون که ئیتر له زه ینی خوینه ردا وا به رز نین و له به ژنی خوینه ریکی کورته بالاش نزم ترن. ئیستاش "پان و به رینی" هه ر به ده شت و ده ریا ده پیودری؛ ره شی و تاریکی به شه و، "شینایی" به ئاو و ئاسمان "پاکی و رووناکی و گه شی" به خوره تاو، "جوانی" به گول و حوری و په‌ری؛ "خراپه و دزیوی" به دیو و شه‌یتان و زستان؛ "زولم" به شمشیر و خه نجه ر «جگه له‌وه به نیشانه‌ی هیزیش» ده‌چویندرین. ده‌لیی له بیریان چوته‌وه که ده‌وره، ده‌وره‌ی سه‌رمایه داری میلیتانت و تا‌بن‌گوی چه‌کداره. ئیستا ته‌نانه‌ت موسولمانه که‌لله فوسیله‌کانیش، که پیشتر پییان وابوو به سواری حوشتر به نیو بیابان دا خیری حه‌جیان زیاتره، به ته‌یاره و ماشین و وه‌سیله‌ی‌تر ده‌چنه حه‌ج؛ که‌چی شاعیری ئه‌مرویی به‌سه‌ر دیری شیعره کانی دا «کاروان» وه ری ده خا و چاوی هه ندیک وشه ی دیکه ش کویر ده کات و ته نانه ت هه ندیکیشیان ده کوژی!:

هه زاران قه لبی ئاویته ی خوشه ویستی/ به ریگه وه ن بو پیشوازی/ «کاروانی» وه ری که وتووتان/... «کاکه‌_ هانای ۵_ ل_ ۱۹»،

بویه چه‌کم کردوته‌شان/ ریره‌وی ئه‌م ریبازه‌بم/ له‌گه‌ل کاروانی تازه‌بم/ «ئاهه‌نگی ئازادی و ئه‌فین_ ل_ ۵۴_ کاکه».

هه ژارینه / ئه وی ریبواری کاروانی ئیوه نه بی،/ تاوانباره/. «هاژه_ ل_ ۳۲_ حه مه سه عید حه سه ن».

هه ر ئه م وشه یه له شیعری ئه و شاعیرانه ش دا که لکی لی وه رگیراوه: «مهاباد قه ره داغی_ پانوراما، ل_ ۳۳» «ئه نوه ر قادر محه مه د، زایه له، ل_ ۲۲» «حه مه سه عید حه سه ن، هه له بجه غه ززه ی خه مناکه، ل_ ۳۲» .

ئایا زه ینی به ربلاوی شاعیر له ده ریا، به رین تر و قول تر شک نابا؟!

هه ور له نیو چاوانیان دا/ «ده ریا» له دل/ ژین هه لواسراو به ده مه وه ن/ کوتره سپیه شارییه کانم/ «کاکه، هانای_ ۵_ ل_ ۱۸».

کام مرواری / له بن «ده ریای» قوولی هونه ر/ بینمه ده ر؟/ «ده نگ هه لبره_ ل_ ۲۲_ ریبوار».

له یه که مین دیدارم دا.../ ئه و شاعیره،/ «ده ریایه»که شین و به رین.../ «ده نگ هه لبره_ ل_ ۱۰۰، ریبوار».

یا کام «ده ریا» زور قووله،/ بنی، بیخه مه جووله!... «دیوانی گوران، ل_ ۱۰۷».

ئه مرو له کاتیک دا ئه نواعی لیوان و گلاسی زه ریف و جوان هه یه بو هه ر ده بی «جامی» ژه نگاوی و ده فر و شه ربه له شیعردا قوت ببنه وه:

شا ده ماری خه مت ته قی و «جامی» پرسیارت لیی رژا/ «مه شخه ل_ هانای ژ_ ۵_ل _ ۲۵».

تیروانینت/ دلوپ دلوپ/ ده رژیته «جامی» دلمه وه./ «مردن له ئاوینه دا، ل_ ۴۶_ به روژ ئاکره یی».

«جامی» شاره بچکولانه که م فراوانه،/ «هه له بجه غه ززه ی خه مناکه، ل_ ۱۲».

باش بزانه له گه ل «جامی» دلی من/ ملیونه های تریش نزیکه برژین./ «عه شقی ئیمه، حه مه عه لی حه سه ن، ل_ ۲۰»

لای من چ «جامی» نه شئه/ چ میحرابی دینی عه شق!/، «دیوانی گوران، ل_ ۶۴».

ئه مرو سه نعه تی دروست کردنی ئامرازی ئه شکه نجه و ئازار سوودیکی زور ده رژینیته گیرفانی سه رمایه دارانه وه. ئه مرو ئامرازی سه ربرین و خه فه کردن، نینوک ده رکیشان و سه نده لی ئه له کتریکی به کار دینن بو خه فه کردنی هه ر ده نگیکی نارازی. ئه گه ر ری پیوانیک یان مان گرتنیکیش هیرشی بکریته سه ر، له وانه یه شاعیری ئیمه ش ئه‌گه ر له و ده ورو به ره بیت، باتوومیکی وه شان بکه وی، چونکه ئیستا پولیسیش قامچی به کارناهینی و له زیندانه کانیش‌دا له جیاتی قامچی "کابل" به کار دینن. که چی شاعیر دیت و له پ‌ه نا ئه و ئامرازانه وه قامچی ده ست نیشان ده کا، له حالیکدا له به رامبه ر ئامرازه نوی یه کان دا ئیشیک به گیانی وشه که ش ناگه یه نی و خوینه ریش له به رامبه ری دا ویک ناهینی.

دوینی سته م له رزین بوون و / ئه مرو په له هه وری ناله، / بو قامچی ئیسلام و کوته ک!/ «مه شخه ل، هانای_ ۵_ ل_ ۲۵».

که ی ده ست ده ده نه «قامچی» رق؟/ «هاژه، حه مه سه عید حه سه ن».

که «خه نجه ره» ژه نگاویه که ی داب و نه ریت،/ «عه شقی ئیمه، حه مه عه لی حه سه ن، ل_ ۳۶».

ده سته کانت ده که مه خه نجه ر_ هی خوم./ «به روژ ئاکره ی، مردن له ئاوینه دا، ل_ ۱۱۶».

دوژمن نه ما که «شمشیری» شکاویان تیا فری نه دا، «ئه نوه ر قادر محه مه د، زایه له، ل_ ۴۳».

نینوکی تیژی میژوومان ئه که ن به «شیر»/ ... «پانوراما، مهاباد قه ره داغی، ل_ ۵۰».

کوری «شمشیر» / کوری قورئان / ئه بی بروا ... / «دال، ل_ ۹_ شیرکو بیکه س».

هیمن له یه کیک له شیعره کانیدا زور راشکاو و ئاشکرا مه وزوعاتی شیعری کون ئاوا باس ده کا:

به هاروگول/ کچ و مانگه شه و/ شیعری ته رو باده/ له وه زیاتر جه نابی شیخ گه ره کته عاله میکی تر./ «ناله ی جودایی ل ۵۲، هیمن».

به چاو پیاخشاندنیکی ئاسایی به چه ند نموونه ی شیعری شاعیرانی هاوچه رخ دا گه لیک وشه ی سه ربه سوننه تی شیعریمان به رچاو ده که ون. خوشه ویستیی خاک و نیشتمان زور به زه قی له شیعری کوردی دا ره نگی داوه ته وه.
هه لبراوم من له یاری نازه نین/ ده رکراوم من له «خاکی دل» نشین./ «ناله ی جودایی، ل_ ۲۰، هیمن».
ئه گه ر شیعری .../ بونی خولی پاش بارانی «نیشتمانی» نه گرتبوو،/ «هاژه، ل_ ۳۰، حه مه سه عید حه‌سه ن».

خوشه ویستی و ته قدیسی ئاو و خاک و نیشتمان ره نگیکی شوفینیستی ده دا به شیعره کان و جوانی دنیا و سروشت له چاوی شاعیری شه یدای کانی و کیوی کوردستان ده خات!
کام ولاته / وه‌ک کوردستان/ ره‌نگینه؟/ ئاوی کانیاوی کام دفر/ وه‌ک ئاوی کانی کوردستان،/ ره‌وانه؟/ کام ئافره ت وه ک/ ژنه کورد پاک داوینه؟/ «هه له بجه غه ززه ی خه مناکه، حه مه سه عید حه سه ن، ل_ ۱۷، ۱۸ »،
ئه ی «کوردستان» تو گلینه ی دیده می و/ برژانگم په رژین./ «سه مای گولاله سوره، حه مه سه عید حه‌سه ن، ل_ ۴۴ »،
ئه وه ی ئه م «گه له ی» خوش ناوی/ بی ئابرووه/ ئه وه ی ئه م خاکه ی خوش ناوی/ بیگانه یه./ «هه مان سه رچاوه».
ئه م بوچوونه له شیعری ئه م شاعیرانه ش دا ره نگی داوه ته وه: «مردن له ئاوینه دا، به روژ ئاکره یی، ل_ ۲۵ »، «زایه له، ئه‌نوه‌ر قادر محه‌مه‌د، ل_ ۸۶_ ل، ۲۸_ ل_ ۸. «پانوراما_ مهاباد قه ره داغی، ل_ ۱۰۱ »، «ده ربه ندی په پووله، ل_۵۰ ».

پیوانه ی «به رزی» له شیعری کوردی دا ئاسمان و شاخ و کیو و لوتکه ی دار و چیایه و تا ئه مروش له شیعردا دوپات ده کرینه‌وه.
«لوتکه» دی و بالای خوی/ ئه خاته سه ر بالام/ «ده ربه ندی په پووله، ل_ ۴۲».
سواریکم / که نده لان ده پیوم تا بگه م به «چیا». «پانوراما، ل_ ۱۲۰».
ئالای شه کاوه ی شیعرمان،/ ده گاته به رزایی ئاسمان... «زایه له، ل_ ۱۰۱».
به سه رسامی له سه ر لوتکه ی بلندی گه نجی وه ستاوم!/ «رازی ته نیایی، ل_ ۵۸، ئه حمه د هه ردی».
چونکه لوتکه ی به رزی سه رم نه وی نابی،/ «هاژه، ل_ ۲۸، حه مه سه عید حه سه ن»،
به رزی ئاسمان به جی بیله وه ره خواری./ «هه مان سه ر چاوه، ل_ ۵۱ ».
کام شاخ که سه خت و به رزه/ بیخه مه بوومه له رزه!/ «دیوانی گوران، ل_ ۱۰۷ ».

تاکو ئه مرو ئینسان به گشتی که متر حزوری هه یه له شیعری کوردی دا و زیاتر باس له پیاوه تی و جوامیریی یه تاکو ئینسان. ئه وه ش یه کیک له ئاسه وا ره کانی نیزامی پیاوسالاره که گرینگیه کی تایبه تی داوه به ده ور و نه قشی پیاو و "پیاوه تی" به رجه سته کردوته وه.
مشتی پولای گه لی کوردین/ جه نگاوه ر و وریا و «مه ردین»/ «ئاهه نگی ئازادی و ئه فین، ل_ ۸، کاکه».
که زیبیک و غیره تی میری نه دیبوو/ که خوشی «پیاوه تی» و «نیری» نه دیبوو. / «ناله ی جودایی، ل_ ۷۳، هیمن».
له ویش نا«پیاوی» بازاری گه رم بوو/ له ویش باو باوی «پیاوی» بی شه رم بوو/. «هه مان سه ر چاوه، ل_ ۶۵ »،
ئه گه ر «مه رده»، به جه رگه، پاکه، سه رباز،/ ده با بی و من بکا له و به نده ده رباز./ «هه مان سه ر چاوه، ل_ ۶۴ ».
سه ری زور لاوی جوان و چاکی بریبوو/ سکی زور «پیاوی» دل پاکی بریبوو/ «هه مان سه ر چاوه، ل_ ۵۳ ».
ئه گه ر پیاویت و ئه یزانی،/ کوا ئوبالی کردارت/ . «رازی ته نیای، ل_ ۸۳، ئه حمه د هه ردی».
کام دلداره،/ ئه وه نده ی مه م جوامیره؟/ «هه له بجه غه ززه ی خه مناکه، ل_ ۱۸ ».
ئاگاداربووی لاوانی «مه رد »/ له شه قامه کانی شاردا. ..../ «سه مای گولاله سوره، حه مه سه عید، ل_ ۲۴ ».

وه کوو پیاوان،⁄ ده بو من وه رنه زورانی،⁄ «زایه له، ئه نوه ر قادر محه مه د، ل‍ ١١١».
گه ر چریکه ی «مه ردانه ی» شیخ⁄ ده شت و ده رو که ژی ئیوه شی ده هه ژاند.⁄ «هه مان سه ر چاوه، ل‍ ٣٥».
ئازایه تی، «جوامیری»،⁄ بیر و باوه ری ئاگرین⁄ له سه نگه ره کانی خوین دا مه یین⁄ «ده ربه ندی په پووله، ل‍ ١٠٠».

قاره مانیه تی و ئازایه تی پیشمه رگه له شیعری کوردی دا بوته سیمبول. که له فیلمه ئه مریکیه کان دا که سی وه کوو "رامبو" ره مزی ئازایه تی و چاونه ترسی یه، له شیعری کوردیش دا پیشمه رگه ئه و ده وره ده بینی. له روانگه ی شاعیری کورده وه سروشتیش به هه ناسه ی پیشمه رگه زیندووه و ئه گه ر پیشمه رگه شاخ و کیو به جی بیلی کیوه کان هه تیو ده بن! ئه گه ر پیشمه رگه نه بیت هیچ هیزیک نیه به ره و روی دیکتاتوریه ت و چه وسانه وه بیته وه!
یه که مین روژنامه ی بارانی ئه یلولم هیناوه ⁄ من «ده نگی پیشمه رگه م» له گه ل خوم هیناوه⁄ «ده ربه ندی په پووله، ل‍ ٢١٧».
هه تا خاک را نه په ریبوو⁄ تا قه ندیل «هه لوی» نه دیبوو،⁄ «چیروکه شیعری دال، ل‍ ٣٣، شیرکو».
گلینه که م⁄ تو پیشمه رگه ی چه نده ها ساله نه سره وتووی کیوه کانی⁄ «پانوراما، ل‍ ١٥٢، مهاباد قه ره داغی».
گولله نه ی زانی جه سته ی تو ئاسنی حه وجوشه⁄ له ناو ئاگرا به جوش ترده بی!⁄ «هه مان سه ر چاوه، ل‍ ١٦٥».
نه مری!⁄ چیا هه تیو نه که ی،⁄ کیوان هه ر به تووه جوانن⁄ زامه کانت مه شخه لی سووری ئازادین⁄ زامه کانت کوردستانن. ⁄ «پانوراما، ل‍ ١٦٩».
پیشمه رگانه هه نگاو بنیی⁄ گه ر ئه ته وی مردن سه ری نه وی کا بوت.⁄ «سه مای گولاله سووره، ل‍ ١٦».
کام قاره مان،⁄ وه ک پیشمه رگه، دلیره؟⁄ «هه له بجه غه زه ی خه مناکه، حه مه سه عید حه سه ن، ل‍ ١٨».
نافه وتین و به رقه رارن⁄ پیشمه رگه ی سوور پایه دارن.⁄ «ئاهه نگی ئازادی و ئه فین، ل‍ ١٨، کاکه».

## (٢) وشه‌کان و جیگا و شوینی ژن له شیعری کوردی‌دا:

دووپات کردنه وه ی سته م و چه وسانه وه ی چه ند قاتی ژنان و نایه کسانی و ده رد و مه ینه ته کانیان، مه به ستی ئه م نوسراوه یه نیه. لیره دا ته نیا ئه وه ده لیم که ژن به پیی بوچوونی پیاوسالارانه و ناموس په رستانه ی توخ و مه زهه بی زال به سه ر کومه لگای کوردستان دا، له شیعریش دا ناقیس، زه عیفه، شه رمن، گرینوک، مال، منال به خیوکه ر، ناسک، به لار و له‌نجه، شل و نه‌رم، سرک، تازییه‌داری کور و میرد، بالا عه‌رعه‌ر، ئه‌بروکه‌وان و هتد... به بالایان براوه. له شیعری زوربه ی شاعیران دا شه رم و سوورهه لگه ران دوو وه سفی زه روورن بو ژن. هه ر کات که باس له کوژران و مردن ده کری، ژن هه ر ده گری و تازیه داره و دایک و ژنی شه هیده، وه کو ئه وه ی که ته نانه ت جاریکیش ژنیک به ر گولله ی ویلیش نه که وتبی؛ کوژرانی روژانه ی سه دان ژن به به هانه ی جوراوجوری ناموسی و له ژیر ئاگری شه ر و بومباران دا خاتری چاوی پرسانسوری شاعیران نه‌بی! له شیعری کوردی‌دا کورپه بی باب و هه‌تیو و کوژراوه‌کان باب و برای هه موو که سن به لام جاریک نه بووه که کورپه و مندال، بی دایک بن و ئه وه ش له و بوچوونه وه سه رچاوه ده گری که ژن هه ر ده بی له مال دابی و ده خاله تی له ژیانی کومه لگادا نه بی. هه لبه ت لیره دا مه به ست هاندان بو کوشتنی ژنان و خوزگه خواستن نیه بو چوونه سه ری ئاماری کوشتاری ژنان تا له شیعردا وه ک نموونه ده ست نیشان بکرین، به لکو رووی ره‌خنه له‌و شیعر و شاعیرانه‌یه که سه‌ره‌رای هه‌موو ئیدیعاکانیان، ئیستاش قه‌تیسی سوننه‌ت و فه‌رهه‌نگی پیاوسالارانه و مه زهه بی و کونه په رستانه ن؛ ئه و شاعیرانه ی که به چاوی سانسور سه یری ژنان و ژانه کانیان ده که ن و مه رگی پر ژانیان دلیان ناخاته ژان. هه لبه ته ئه گه ر هه ر به و سانسوره رازی بوایه ن، باش بوو به لام روو هه لمالاوی ده گاته ئه و ئاسته که بو ژن، وه کوو ئینسانیکی سه ربه خو، هیچ رولیک قایل نین. جگه له مه هه رچی دیارده هه یه ده یکه ن به "بووک" و بو زاوای جوراوجوری ده به ن. ئه و شیوه چواندنه یانی چواندنی دار و به رد به ژن، شیوازیکی کون

و موفلیسه که ده بی کوتایی پی بیت.

هه وایه کی دووره گ، له ئه سلی چه پ و راستی/ ساسه تی ئه م دنیا «به ستوکه».
(شیرکو بیکەس بەستوکی بە مانای ژنی داوین پیس مانا کردوتەوە. ئەو ژنانەی کە لە رووی ئیجباری ئیقتسادی رووده که نه «له ش فروشی»، له و سیاسیانه ی که شیرکو ناویان ده با، گه لیک به شه ره ف تر و یه ک ره گ ترن!)
له دوره‌وه هەر کە پولی کچم بینی/ بەرەو روویان پی هەلئەگرم/ سەرنج ئەدەم ئەلیم بەشکوو/ «نازی»، «شەرمی»، تیلەی چاوی/ «سوور» هەلگەرانی گونایەک/ بمباتەوە بو لای شەقامی شارەکەم. /... «دەربەندی پەپوو لە_ ل_ ١٢۴».
که ی ده بم به «کیژوولە یه کی نازدار» و له ژیر بالی فریشته دا سه ما/ ده که م؟! «پانوراما_ مهاباد قه ره داغی_ ل_ ١۵».
میژوو کچیکی «خرپنه»/ دەیەها جار لەبەرچاوی خواکان‌دا رووت دەکریتەوە/ پیغەمبەرە رەشەکان مەمکی دەگوشن/ ئەسحابەکان کولم و لیوی هەلدەمژن/ خەلیفەکانی ئەم چاخە بی چاوو رووە،/ دە یانه وی گولی کچینی بژاکی بی ئه وه ی ئاره زووی لی بی «بیکه ن به ژن». ...
(له و چه ند دیره شیعریی یه دا ده کری به زه قی ئه و بوچوونه ده ست نیشان بکه ی که ژن وه ک شتیکی بی ده سه لات و مه وجوودیکی زه عیفه ده ناسی. میژوو کراوه ته کچیک که خواکان و پیغه مبه ره کان و ئه سحابه کانیان ئازاری جنسی دەدەن، بی ئەوەی خوی دەسەلاتیکی هەبی و بەرەنگاریان ببیتەوە. لە لایەکی‌ترەوە لاچونی پەردەیەک نیوی لی ده نری ژاکانی گولی کچیتی. ئه وه هه ر له و بوچوونه لاره وه سه رچاوه ی گرتووه که پیی وایه پەردە ی کچینی سه نه دی شه رافه تی کچه و نه مانی ئه و په رده یه، زور نه مانی دیکه شی له وانه یه به دوادا بیت.)
کچم دلم ره پیلکه یه و هه موو ساتی/ کوچی ماتی «دایکانی پرسه» داری شار./ «زایه له، ئه نوه ر قادر، ل_ ١۵».
هیشتا گویی تو/ به موسیقای لاوانه وه ی/ «دایکی روله جوانه مه رگا»/ رانه هاتوه/. «احمه د بازگر، پیشه نگ، ل_ ۴٠».
تاقه جاریک/ له گه ل هاتنه دنیای/ «کورپه یه کی باوک شه هید»/ ته زووت به له ش دا نه هاتوه/. «بازگر، پیشه نگ_ ژماره ١٢_ لاپه ره ی_ ۴٠».
خوین ده گه رایه روومه تی «کیژی شه رمیونی به ناز/ سوور هه لده گه را گولی سوور/ «ئاهه نگی ئازادی و ئه فین، کاکه، ل_ ٣۴».
ئه و بوچوونه ی که پیشتر سه باره ت به ژن له شیعردا باسی لیکرا له و کتیبانه ش دا به دی ده کریت: «مردن له ئاوینه دا، ل_ ٣٣، ٩٦، ١۴۵، ١۴٨»، «سەمای گولالە سوورە، حەمە سەعید، ل_ ۵٦، ٧١» «هەلبجە غەزەی خەمناکە، حه مه سه عید، ل_ ۴٠»، «ناله ی جودایی، هیمن، ل_ ١۴، ٣۴، ۴۵»، «عه شقی ئیمه، حه مه عه لی حه سه ن، ل_ ٣١، ٣٦، ٣٧».

لە پەیوەندی لەگەل جیگا و شوینی ژنان لە شیعردا دەکری مەسەلەی خوشەویستی بدریتە بە ر باس، چونکه ئه م خوشه ویستی یه زیاتر رووی له ژنانه له شیعری کوردی دا، به لام ئه وه ی مه به ستی ئه م نوسراوه یه، باس له سه ر چونیه تی ده ربرینی خوشه ویستی و ده ره جه ی مودیرنیه تی ئه و نه وعه له خوشه ویستی یه. عیشق مه فهومیکه که شیعری کوردی دەرگای ئالوگوری لی داخستوە و رەنگ و رووی ئەمروی زور کەم پیوەدیارە، واتە لانی کەم لە شیعری زوربەی شاعیران دا وایه. تا ئه مروش کچ و کور له که لین و قوژبنه کانی شیعر دا ده چنه ژوان، یان کور به دزی ده ست بو مه مکی کچ ده بات و کچ ئاره قی شه رمی لی ده تکی، ئه گه رچی ئه مرو کچ و کور داوای ئازادی په یوه ندی عیشقی و

جنسی ده که ن و له جیاتی کادین و بن دیوار و که له که به رد و ئاغه له مه ر، له پارک و باخی خوش دا ده یانه وی یه کتری ببینن؛ به بونی خوشی ئودکلون و ده سته گول، نه ک به بونی په ین و ته پاله و سه ر شانی کاگرتوه وه! یه کیک له باله کانی خوشه ویستی له شیعردا وه فادارییه، هه ر که یه کیک له دلداره کان سنوری وه فاداری به زاند، ده بیته شین و گریانی شاعیر به خاتری بی وه فایی؛ چونکه شاعیری سوننه تی پیی وایه که ئه مروش هه ر کام له دلداره کان بو خویان له‌یل و مه‌جنونیکن نه‌ک دوو ئینسانی عادی که تا ئه‌و کاته‌ی یه‌کتر ده‌رک ده‌که‌ن و خوشیان له‌یه‌ک دی به یه کتره وه ده بن و ئه گه ر به پیچه وانه ی ئه وه ش بی ساده و ساکار له یه کتری جیاد ه بنه وه و هیچ کامیشیان ته شوی هه لناگرن و هیچ بیستونیکی تر کون ناکه ن. هه رچی خوشه ویستی و دلدار هه یه له شیعردا به له یل و مه جنوون، لاس و خه زال، زین و مه م، خه ج و سیامه ند، شیرین و فه رهاد ده چویندرین. ئه م دووپاتکاری یه حاله تیکی ته قدیسی داوه به خوشه‌یستی له دنیای شیعردا که ته‌نیا بو بیره‌وه‌ری دانراوه و ته‌نانه‌ت سه‌رنجی توریستیکی ناشاره زای دنیای شیعریش راناکیشی. ئه‌وانه ئه‌مرو نه‌ته‌نیا ره‌مزی خوشه‌ویستی نین به‌لکو به‌پیی لیکدانه‌وه‌ی سایکولوژیانه، جه ماعه تیک نه خوشی رووحی و نه فسانی بوون که له پیناوی گه یشتن به دلدار دا، ئاماده بوون زور که س و زور شت له‌بین به‌رن. شاعیری ئه‌مرو که‌باس له خوشه‌ویستی ده‌کات، نابی ئاره‌قی شه‌رم و حه یای درویینه له روو به روو بوونه‌وه له‌گه‌ل دلداره‌که‌ی، له یه‌ک یه‌کی وشه‌کانی بتکی. شاعیر ده‌بی وینه‌یه‌کی ئه‌مرویی له په‌یوه‌ندی خوشه ویستی و جنسی به ده سته وه بدات، به جوریک که تینی له ئامیزگرتنی دلدار، وشه کانیش داغ بکات و گه رمای به خوینه‌ریش بگات! ناکامی و به یه‌ک نه‌گه‌یشتنی سومبوله عیشقی‌یه‌کان، کاریکی وای له شیعردا به‌سه‌ر خوشه ویستی هیناوه که هه ر دلداریک خوزگه ی تیداچوون و سه ردانان و بوون به کویله و به نده ی دلداره که ی دیکه ی له دل دایه و هه ر کامه یان به زنجیره ی «وه فا» ده به سترینه وه. هه رکاتیکیش ئه و زنجیره بپسی ناوی لی ده نری «کفر» و گوناهی که بیره!.

هه‌ر هه‌مان ده‌م و چاوه هه‌موومان ناومان «لاس»/ هه‌مووومان هه‌ر به‌شوین گوله‌که‌ی خه‌زال‌دا ئه‌گه‌راین./ «ده ربه ندی په پووله، ل_ ۵۷_ شیرکو بیکه س».

فه رهاد نیم به ته نها/ قولینگی پولایین له شان که م/ «مهاباد قه ره داغی، پانوراما، ل_ ۱۱۱».

خوکانیی لیوی «سیوه خان» ئاوینه بوو،/ هه ر به ته نیا وینه ی«حه مه» /... «ئه نوه ر قادر محه مه د، ل_ ۸، زایه له».

کام دلداره،/ ئه وه نده ی مه م، جوامیره؟/ «حه مه سه عید، هه له بجه غه زه ی خه مناکه، ل_ ۱۸»،

له ریی تو دا به فیرو چوو/ ره نجی دژواری فه رهادیم/ «هه مان سه رچاوه، ل_ ۴۸».

ئه و که سه ی «راوی نه نین لیره و له وی»،/ ئه و کوره ی ماچی کچانی ده ست که وی،/ «ناله ی جودایی، هیمن، ل_ ۱۴»،

کوانی ئه و په نجه که توندی ده گوشی مه مکی توند؟/ کوانی ئه و پی یه که بو «ژوانی ده چوو گونداو گوند»/ هه مان سه رچاوه ل ۴۵»

له کلیسه ی ئه وینتا «به نده یه کم» گوی رایه ل/ به ده م نویژه وه ده گریم/ «هاژه، حه مه سه عید، ل_ ۱۴».

یارت وه فادار ببوایه/ ده ستت له مل بکردایه/ «ئاهه نگی ئازادی و ئه فین، کاکه، ل_ ۳۸».

دلداری مه م و زین منم/ دل پیسی به کره شوفاری مه رگه وه ر توی!/ «ده نگ هه لبره، ریبوار، ل_ ۲۹».

«کفره لای» من له یار ره نجان/ پیی لی ئه نیم ئه ی زوهره ی جوان!/ «دیوانی گوران، ل_ ۳۹».

## (۳) وشه و حه‌یوان له شیعردا:

سروشتی شیعری کوردی، حه یوانی که م تیدا ده بینری. ئه وانه ش که سوننه ته ن له شیعردا جیگیربوون، به پیی بوچوونی

مه زهه بی و خورافی و به پیی بیر و رای قازانج په رستانه ی ده ورانی فیئودالی به چاک و خراپ و گلاو و پیس و پاک دابه ش کراون. له‌و فه‌رهه‌نگه شیعری‌یه سوننه‌تی‌یه دا به‌راز به گلاو و ناحه‌ز نیو ده بردری و هه ر شتیک و هه ر که سیکی نا شیرین و پیس و مون به به راز ده چویندری. هه ر به و پی یه سه گیش سه ره رای گلاو بوون چه ند سیفه تی دیکه وه ک خویری و به ره لا به خویه وه ده گری. ریوی ره مزی فیل و کلاو له سه رنانه؛ قشکه‌له و دالاش که لاک خور و حه رامن؛ قالاو رووره ش و نزمه؛ کوند ئاوازی ویرانی ده لیته وه؛ گورگ درنده و دزه؛ چه قه ل و سیخور جاسووسن؛ مانگا چلیس و مه ر گیژ و حوله. به لام پلنگ و شیر نیشانه ی ئازایه تی و مه زنین؛ باز نیشانه ی چاوتیژی و نه ترسی، هه لو ره‌مزی به‌رزه‌فری، بولبول نه‌غمه‌بیژ و ئاسک، ناسک و سرک و جوانه. هه‌ر وه‌ک پیشتر ئیشاره‌ی پیکرا ئه‌م دا به شکردنه ی حه یوانات به چاک و خراپ، له بیروړای مه زهه بی و فیئودالی یه وه سه‌رچاوه ی گرتووه. بو وینه حوشتر گه لیک له به راز ناحه زتره، به لام چونکه ئیسلام له عه ره بستانه وه سه رچاوه ی گرتووه و سروشتی ئه و ناوچه یه ته ئسیری له سه ر حوکمه ئیسلا می یه کان هه بووه و وشتریش له و ناوچه یه زوره، ته نانه ت خواردنیشی حه لال ده کری و به ناشیرین ناو نابری. به لام به راز دوای چه ند شه رتیک له ژیر باری ئه و حوکمانه ده رده چی! فیئودال و ملکداره گه وره کانیش ئه و حه یواناته ی زیانیان به مووچه و مه زراکانیان گه یاندووه، به نه حس و گلاو ناویان بردوون و دوو لیستی پاک و گلاویان بو دروست کردوون. ئه وه له کاتیکدایه که ته نانه ت پر زیان ترین حه یوانیش به راده ی فیئوداله کان و سه رمایه داره کان زیانی به ته بیعه ت نه گه یاندووه. که ره سه ی شیمیایی کارخانه کان، ریئاکتوره ئوتومیه کان، زبلدانی ئه تومی و شه ر و کیشه ی ئه وان هه زاران به رابه ر زیاتر زیان به ژینگه ی ئینسان و حه یوان ده گه یه نن. هه موو ئه و شه رانه ی که بورژوازی به‌ناوی میلله‌ت و مه‌زهه‌ب لیره و له‌وی هه‌لی‌ده‌گیرسینی و جگه له تیداچوونی ئینسانه کان، سروشت و حه یوانیش له‌ناو ده‌بات، له بیر ده‌چنه‌وه و سه‌رمایه‌داران وه‌ک عامیلی سه‌ره‌کی ئه‌و وه‌زعیه ته به گلاو و نه حس نازاندرین. شاعیریش له شیعره‌که‌ی‌دا دیت و که‌سی وه‌ک سه‌ددام حوسه‌ین و خومه‌ینی و نیرون و تاله بانی به گورگ و مار ده چوینی؛ بی خه به ر له وه ی که به و کاره مافی حه یوان پی شیل ده کا. هه رکام له و دیکتاتورانه ئه وه نده یان جه نایه ت له پیدایه که له ژماره نایه و یه کیک له جه نایه ته کانیشیان ده رحه ق به حه یواناته که وه ک به شیکی جیانه کراوه له چه‌رخه‌ی ژیان پیویستن بو سروشت و تا ئه‌مروش مه‌ترسی وایان بو ئینسان نه‌خولقاندوه؛ به‌پیچه‌وانه‌وه به‌هوی ره فتاری سودپه رستانه ی ئینسان ئه مرو تیره ی گه لیک له حه یوانات له حالی تیداچوون دایه. به پیی ئه م لیکدانه وه یه شیعری کوردی پره له وشه ی دژ به حه یوانات:

چه قه ل جاری حه ق ئه دات و/ گورگ فه توای حه لال بوونی خوینی مروف/ ریوی بو ئه م ژیانه پاکانه ئه کا./ «عه شقی ئیمه، حه مه عه لی حه سه ن، ل_ ۳۱».

ئازیزان ئه وان گه له گورگن/ تینویتیان به خوین ئه شکی .../ «هه مان سه رچاوه، ل_ ۵۷».

بزه ی هه رگیز نه بینرابوو له سه ر لیو/ ده غه زری وه ک یه کانه و بره کی کیو/ «ناله ی جودایی، هیمن، ل_ ۵۳».

که داگیرکه ران ئه بینن/.../ سلاو مه که ن/ وا بزانن، ئه وانه سه گن، پشیله ن، مشکن، کولله ن/ «سه مای گولاله سوره، حه مه سه عید حه سه ن، ل_۱۴،۱۵».

ئه م... شیعری کردوته پلنگ و له م بیشه ی ترسه دا،/... «ده ربه ندی په پووله، شیرکو بیکه س، ل_ ۲۵».

## (۴) وشه‌ی مه‌زهه‌بی و خورافی له شیعر دا:

بی هیزی و بی ده‌سه‌لاتی ئینسانه سه‌ره‌تایی‌یه‌کان له به‌رامبه‌ر رووداوه سروشتیه‌کان‌دا و ناکام مانه‌وه‌یان له به جی گه یاندنی نیازه ما دی یه کانیان و خه و بینین وه ک شتیکی سه رسورهینه ر، بنه‌ما ئه ساسیی یه کانی مه زهه بیان پیک هینا. ئینسانی دا هینراو له به را مبه ر سروشتی سه رکه ش، له دنیای خه یالاتی خوی دا، خوای خولقاند و به ره

بەرە ژمارەی خوا دەسکردەکانی ئینسان چووە سەری، بەچەشنیک کە پاشان هەر قە وم و عە شیرە یە ک کومە لیک خودای تایبە ت بە خوی هە بوو. لە و کاتە وە کە شە ر و کیشە لە پیناو قازانجی زیاتر لە نیوان عە شیرە تە کان دا دە ستی پیکرد، خواکانیش ئالوگوری دایمیان بەسەردا هاتووە. خواکانی عەشیرەی مەغلوب تیکدەشکان و ئەندامانی عەشیرەی مەغلوب ناچاردەکران کە خودای عەشیرەتی سەرکەوتوو بپەرستن. کاتیک مەزهەب بوو بە ئامرازیک لەدەستی سەروک عەشیرەتەکان‌دا وەک «سیبەر و نوینەری خوا» بو چەوسانەوەی زوربەی زوری خەلک، ئینسانە کانیش ناچار کران کە چوک دادە ن و بپارینە وە و قوربانی بدە ن بو ئە وە ی روحم و بە زە یی خواکان بجوولینن و ئارە زوە کانیان وە دی بینن. نوینە رانی خوا بە خە لکیان را دە گە یاند کە خواکان خویان پیش دا لە سە ر زە وی کشت وکالیان کردووە، بە لام لە بە ر تاقە ت پرووکین بوونی ئە و کارە، کە وتوونە فکری خولقاندنی ئینسان بو ئە وە ی ئە و ئە رکە کە ی ئە وان وە ئە ستو بگریت. بە وجورە پیشە وا مە زهە بیە چە وسینە رە کان کە لە سە رە تادا بریتی‌بوون لە سە روک عە شیرە تە کان و دواییش راهیب و ئاخوند و کە شیش، وایان بە خە لک راگە یاند کە ئە و مە ینە ت و روژ رە شی یە ی ئە وان لە دایرە ی قە زاو قە دە ری خوادا بویان داندراوە و ناشوکریش بە بە شی خوا کوفرە و غە زە بی دژواری بەدواوە یە. جە هالە ت ونە داری خە لک دو سە رچاوە ی سە رە کی بوون کە مە زهە ب بە پشت بە ستن پییانە وە تا بە ئە مرو کە لکی لیوە رگرتوون. ئە مروش ئینسانی زە عیف و لاواز لە بە رامبە ر هیزە دە سە لاتدارە مادی یە کان و بە گشتی لە بە رامبە ر بە جی نە گە یشتنی نیازە سە رە تایی یە کانی ژیانی دا، روودە کاتە خوا و مە زهە ب. ئە گە رچی ئە مرو بە شە ر تا را دە یە کی زور بە سە ر سروشت دا زالە و هە ندیک لە دیاردە سروشتیە کانیش لە ژیر کونترولی دان، بە لام بە هوی نە داری و جە هل، مە زهە ب تائیستاش دریژە بە عومری نە گریسی خوی دە دا و بە ر لە پشکوتن، میشکە کان دە رزینی.

بەلام مەزهەب هەر خورافات و خەیالاتی ئاسمانی نیە و مەوجودییەتیکی ئەرزی و مادیشی هە یە. سە دان سالە مەزهەب، ئینسانەکان لە کوورەی جەهالەت‌دا دەسووتینی و دەیانکاتە سوتمانی قین و رقی خورافی و گە وجانە. مە زهە ب بە کە لک وە رگرتن لە و ئیمکاناتە پان و بە رینە ی کە هە یبووە و هە یە تی و بە زە بر و زە نگ، خزاوە تە نیو کەلینی ورد و درشتی ژیانی ئینسانەکان. هەر لە ئەفسانەکانەوە بگرە تا حکایەت و لایە لایەی منالان، تا بە رهە می هونە ری و ئە دە بی و هە تا شیعر و قانوونی ولاتە کان و تا قسە کردنی روژانە ی ئینسانە کان «بە بە شی بی مە زهە بیشە وە»، هە موویان بە جوریک کارتیکردن و جی دە ستی مە زهە بیان پیوە دیارە. شیعری کوردی کلاسیک و نوی پرە لە وشەی کونەپەرستانەی مەزهەبی. سەیر ئەوەیە کە شاعیرانی بی مەزهەبیش بە دەیان و سەدان جار لە شیعرەکانیان‌دا کەلک لەو وشانە وەردەگرن، وەک ئەوەی کە هیچ شتیکی نائاسایی رووی نەدابیت. شاعیریکی بی‌مەزهەب کاتیک کە دەبینی دەسەلاتدارانی کونەپەرستی مەزهەبی نا هیلن دیوانی شیعرەکەی بلاوبکریتەوە، کاتیک کە حوکمی تیروری شاعیران و گرتن و ئازاردانیان دەدری، چون حالی تیک ناچی کاتیک وشە ی تاوانباری مە زهە بی سە دپات و هە زارپات دە کاتە وە؟! ئایا ئە وە نیشانە ی نە بوونی فە رهە نگیکی سیکولار و ئینسانی یە، یان نیشانە ی کارتیکردنی مە زهە ب و خورافە یە؟ ئیستاش شاعیر کاتیک دە یە وی باس لە خوشە ویستی بکا، دلدارە کە ی دە کا بە خوا و قیبلە و کە عبە، خویشی دە کا بە عە بد و نویژی بو دە خوینی و «چوکی» بو دادە دا و بە رمال رادە خا و هتد...

پە رستشی خوا و دلدار بە یە ک ئە ندازە مە زهە بین. ئە مە خوی لە خوی دا یانی تەسلیم بوون و رە زایە تی بی ئە م لاو ئە ولای ئینسانیک، «عابد»، لە بە رامبە ر مە وجوودیکی بان تر لە خوی «مە عبود»، کە ژیانی عابد دیاری دە کات و ری و شوینی پی نیشان دە دات. بروانە شیعرە کوردی یە کان کە چون شاعیر تە کیە و حوجرە ی بە وشە کانی هە لچنیوە و فە قی و مە لا و شیخی تیدا داناون. ئە وە ی کە ئاشکرایە، ئە وە یە کە زوربە ی ئە و شاعیرانە ی ئە م وشانە یان هیناوە تە ناو شیعرە وە، بە روالە تیش بی، مە زهە بی نین. لە کوردستان مە زهە ب زیاتر حالە تی سوننە تی هە یە تا ریشە داربوون. خەلک مەزهەبیان وەک کومەلیک داب و نەریت بەسەردا داسەپیندراوە، هەر بویە تە نانە ت ئە و کە سانە ی کە

ئیدیعای غەیرە مەزهەب بوونیش دەکەن بە ئاشکرا تەئسیری فە رهە نگی مە زهەبیان بە کردار و گوفتارە وە دیارە. هە روە ها تاویک لە نفوزی سە رسورهینە ری ئە و وشە مە زهە بیانە وردوە بن کە چون شاعیرانی سیکولار و روشن بینیشیان شەوارە کردووە. بو وینە وشەی فریشتە لەنەزەربگرن کە بوتە ئورژانسی شیعر. لە هەر شوینیک گرفتیک، مە ترسیە ک هاتە پیش، فریشتە لە شیعردا قوت دە بیتە وە. لای هە موان ئاشکرایە کە فریشتە لە فە رهە نگی مە زهەبی یە وە سە رچاوە ی گرتوە و بەندەی خوا و راتبی نیوان خوا و پیغەمبەران بووە. شیعر گەنمیکە کە بوجار ناکری، چونکە تایبە تمە ندیی یە کانی خوی لە دە ست دە دا، بە لام دە کری پیشە کی کوور لە و گە نمە بدە ی چونکە زیانیک بە گە نمە کە ناگات و لە لایە کی دیکە شە وە کویرووی وشە ی مە زهە بی لە بە ین دە با!

شە بە قی «بە رە دا»ی «موریدی» کاکول سە وز،/ بە دزیی «منارە ی» ئە مە وی شامە وە، لە دە فری/ سوزیکدا شە پولی نوریکی «یە زدانیی» هە ل ئە گری و/... «دە ربە ندی پە پولە، ل_ ۲۱»،

تو «زە ردە شتیکی» سووتاوی/ ئە وە تە ی هە ی هە ر گر ئە تخوات و هە ر گر ئە گری/ «هە مان سە رچاوە، ل_۷۳».

دایکم «کراسی فریشتە یە کی» پوشیوە و/ «سە د فە رزە» «نویژ» دە کات/ دایکم سە رپوشی «خوای» لە سە ر ناوە و/ پرچە دریژە سال ئاساکانی پی شاردوتە وە/ «پانوراما، مهاباد قە رە داغی،هە مان سە رچاوە، ل_ ۱۴»،

لە «گومە زی» باوە رە وە بانگی دە دە م/ هە تا دە نگم بگاتە سنوری داد و.../ «هە مان سە رچاوە، ل_ ۱۳۰»،

«قامە تی نویژیکی» پاک دە گرم بو ناوت/ تە یە موم بە خولی ریگاکە ی تو دە کە م/ «هە مان سە رچاوە، ل_ ۱۰۳».

رەنگە بلیی: بەناوەختی، ئیوارانی،/ وەک «دەرویشی» عەشق کەمەن کیشی کردبی،/ «زایەلە، ئەنوەر قادر محە مە د،، ل_ ۴۰».

«بیلال و بانگین»/ قورگ و هاوارین/ «سە مای گولالە سورە، حە مە سە عید حە سە ن_ ل_ ۳۷»،

شاعیر چی یە؟/ ..../ یان دوا «پیغە مبە ری خوایە»؟/ «هە لە بجە غە زە ی خە مناکە، حە مە سە عید، ل_ ۳۷»،

لە کلیسە ی ئە وینتا بە ندە یە کم گورایە ل/ بە دە م نویژە وە دە گریم/ «هاژە، ل_ ۱۴».

وە رە ئە ی «بت» هە تاکو بتپە رستم:/ وە رە مە مکولە کە ت بگرم لە مستم!/ «نالە ی جودای، هیمن، ل_ ۴۲».

پیشە نگی چوار وە رزی سال، بە هاری تازە زاوە/ بە «نە فسی مە سیحای»، گول و مە ل دینە پاوە/ «ئاهە نگی ئازادی، کاکە، ل۴۰»،

مە لی هە ستم شاباڵ کیشاو، دە هات، دە چوو بە ویرە ویر/ بو هە ر گولی «سوجدە ی» دە برد، بە یادی سوور گولی بی پیر./ «هە مان سە رچاوە، ل_۳۵».

## (٥) وشەکان و شوینەواری فەرهەنگی پاشایەتی:

لە گە ل سە قام گیربوونی سە رمایە داری عومری زوریک لە پاشایە تی یە کانیش کوتایی پی هات و ئەمرو دە ورە ی حکوومە تە سە رمایە داریە کانە. ئە و شاعیرانە ی لە کاتی حاکمیە تی پاشاکان دا ژیاون، کاتی بلاوکردنە وە ی شیعریکی سەرکەش، لە لایەن گەزمە و داروغەوە گیراون و سولتان سزای داون بەلام شاعیری ئەمرو بەرەورووی پولیس و ژاندرمە و دادگا دە بیتە وە. ئە ی ئە م ئاوردانە وە زە مانی یە بوچی یە و بە چ مە بستیکە وە یە؟ مە گە ر جیا لە وە یە کە ئەم جەعلی زەمانە لەبەر ئەوەدەکری کە سولتان و پاشا عومریکی زیاتریان هە یە لە پولیس و دیکتاتور لە ناو شیعردا و بە شیک لە سوننە تی شیعرین! زور وشە هە ن کە پیشگر یان پا شگری «شا» یان پیوە نوساوە و من و توی یەکسانیخواز و بیزار لە هەرچی سەلتەنەت و پاشایەتیش روژانە لەناو قسەکانماندا چەند پاتیان دەکەینەوە. سە رنجیکی ئە م شیعرە بدە ن:

«شا دە ماری» خە مت تە قی و جامی پرسیارت لیی رژا./ «مە شخە ل، هانای ژ_ ۵، ل_ ۲۵».

به م جوره ده ماریک که له ویوه خوین ده رژیته ناو دانه دانه ی سلوله کانی له شی ئینسان و ده رفه تی زه رده خه نه یه کی کالیشی لی ده بری، ده بی به شاده مار یان نیو ده نری شاده مار! ئه و په ر و باله ی که روح هه لفرینن ده بنه شاپه ر و شابال؛ جوانترین ئافره ت ده بیته شاجوان و شا ژن؛ ئه وپه ری ناسک و ره نگ و بونی گول به وشه ی شاپه سند ده درکینری و زورن وشه ی دیکه ی له م بابه ته: "شا"ری، شابوق، شاچرا، شاسوار، شانشین، شاپری و هتد... به م جوره کاتیک باسی جوانی گول و ئافره ت ده کری، ده لین شاپه سند، وه کو ئه وه ی که ئینسانه کانی دیکه شعووری ئه وه یان نه بی که ئه و جوانیانه ببینن و ئه و کاره هه ر له ده ست «شا» بی و نه ک که سی دی؛ چونکه «شا» له بان سه ری هه موو خه لکه وه یه. ئایا جگه له وه یه که ئه م وشانه له فه رهه نگی غه یری ئینسانی پاشایه تی یه وه سه رچاوه یان گرتووه؟، چونکه له روانگه ی ئه و فه رهه نگه وه «شا» سیبه ری خوایه و هه موو کاریک له سه ر زه وی به فه رمان و ئه مری ئه و ده کری، ته نیا ئه ویش هه ست به هه موو چه شنه جوانی و چاکه یه ک ده کا. ئایا به رووخان و گورکران و لیک هه لوه شانی زوربه ی پاشایه تی یه کان، کاتی ئه وه نه هاتوه که ئاساوا ری وشه کانی تایبه ت به و سیسته مه ش له زمان و ئه ده بیات و شیعری به شی پیشره وی کومه لگاش ده رهاویژری؟

«شاملو» له بابه ت بی ئه رزش کردن و گالته پیکردن به موقه ده ساتی پاشایه تیه وه، له شیعریکدا ئاوا ده لی :

خوش ویستنی جوقه ی پاشا له کاتیک دا توزی که وشی پی بسترن و/ کولاوخود په روی تیدا بشون.

به راستی دیارده کان و پاشماوه کانی فه رهه نگی پاشایه تی هه ر شیاوی ئه وه ن که به و شیوه یه به رخوردیان له گه ل بکه ی، نه ک ئه وه ی که بو هه ر شتیکی جوان و پاک و ناسک، وشه ی حازری «تاج» و «شا» مان له ده ست دابی و به دل ئاواله بیه وه دابه شیان بکه ین!

تاقیکم بو لیده ن/ شیاوی «شای» خه م بی و ئه م «تاجی» غوربه ته/... «ده ربه ندی په پوله، شیرکو بیکه س، ل_ ٨»،

قسه کانی، «شا»گولیکیان ئه کاته وه و ئه یخاته به ر/ «ده ربه ندی په پوله، شیرکو بیکه س، ل_ ٢١١».

ئه گه ر چی پاچی وشه یه کت/ «کوشکی» ئاواتی رووخاندم/ «پانوراما، مهاباد قه ره داغی، ل_ ٩١»،

دیوجامه ی شا«روژه کانی»/ ئه م ته مه نه م/یادگاری دزیوی خه می ئیستاکه من/ هه مان سه رچاوه، ل_ ١٥٠».

ئه و لای لایه شیرینه ی تو.. شا شیعری هه موو دنیایه،/ «زایه له، ئه نوه ر قادر محه مه د، ل_ ٢١»،

هو ته نگیسه ر/ توش قه رزاری_ «شاسواریکی»/ ناوت به حه رفی ئاگرین.../ «سه ما ی گولاله سوره، حه مه سه عید، ل_ ٢٣».

وه ره ئه ی «شا په ری» بالی خه یالم!/ وه ره ئه ی شه و چرای روناکی مالم!/ «ناله یی جودای، هیمن، ل_ ٤٢» .

مه لی هه ستم «شابال» کیشاو، ده هات، ده چوو به ویره ویر/ «ئاهه نگی ئازادی و ئه فین، کاکه، ل_ ٣٥».

ئه گه ر ساردیت لی ببینی_/ ئه دا له شه قه ی «شابال» و/ ئه روا .../ «ده نگ هه لبره، ریبوار، ل_ ٣٩».

که بویته با هوزی رق و نا ره زایی/ له سولتانی له خوبایی .../ «عه شقی ئیمه، حه مه عه لی حه سه ن، ل_ ٢٧»،

ژنه گه وهه ری سه ر «تاجی» ئیحترامه، ژنه:/ ... «دیوانی گوران، ل_ ٧٤».

کاتیک ده لیین شیعر له کاری تازه کردنه وه ی ژیان دایه و ژیانیش کارتیکردنی راسته و خوی له سه ر شیعر هه یه، ئه و کارتیکردنه هه موو لایه نه کانی ژیان ده گریته وه. ئینسان جاری وا هه یه خه م هینده دای ده گری که پیکه نین و شادی ناناسیته وه. جاری وایه ناهومیدی گه روی هومیدی ده گوشی، جاری واشه هاژه ی ئاوهه لدیری قاقاکانی، خه م ده تاسینی و ده یره وینی. به م جوره کارتیکردنی ئه وانه و ژیانی خوشه ویستی و کومه لایه تی و فکریه تی سیاسی و ته نانه ت زور جاریش رووداوی گه لیک ئاسایی ته ئسیر له شیعری شاعیر ده که ن و هیچ جیگای سه رسورمانیش نیه. کاتیک چاویک به شیعره کانی هانادا ده خشینین، هه ندیک جار شیعره کان زوربه یان له په یوه ندی له گه ل رووداوه سیاسی یه کان دان و

مه وزووعاتی شیعری که م ره نگ ده بنه وه. راسته که ئه مرو سه رمایه داری ، مه زهه ب و ناسیونالیزم جه نایه ت له سه ر جه‌نایه‌ت ده‌رحه‌ق به به‌شه‌رییه‌تی چه‌وساوه ده‌خولقینن و له وه‌حشیگه‌ری نیسبه ت به ئینسان له هه موو کاتیک روو هه لمالاوترن؛ راسته که ئه و جه نایه ت و وه حشیگه ریه هه ستی شاعیر ده جوولینن و ده‌ی شیوینن، به لام له هه مان کات‌دا زور رووداو و دیارده‌ی ئاساییش هه‌ن که ته‌له‌کانی هه‌ستی شاعیر ده‌بزوینن و وه‌ده‌نگی دینن که ئه‌و ده نگانه ش پیویسته ببیسرین و بگه نه گویی هه موان.

له کوتایی دا پیویسته بلیم که جیگاو شوینی وشه کان و ده ورو نه خشیان له راگه یاندنی په یامی شاعیر، له دارشتنی قالبیکی نوی و له پیک‌هینانی موسیقای ده‌روونی شیعر و له به‌ده‌سته‌وه‌دانی شیعریکی ئه‌مروویی‌دا، یه‌جگار گرینگه. شیعریک که له وشه ی گونجاو له گه ل زه مانی خوی بی به ش بیت، چاره نووسی که سیکی به سه ردیت که ده چیته ولاتیکی تر و زمان نازانی و هه رچه ند حه ول ده دا به ده ست و سه ر و چاو ناتوانی مه‌به سته که ی له و خه لکه تازه یه بگه یه نی. شیعریش ئه گه ر به زمانی «ئه مرو» بدوی، له ولاتی تازه ی میشکی خوینه ردا جیگای خوی ده گری و په یامی خوی راده گه یه نی و به رهه می زیندوو و ده خاله تگه ر هه ر به و شیوه یه ده خولقی.

***

هەواڵنامەی کتێب

# شەر و لەش

وه رگيرانى ئاسو

له سه ره تاى مانگى ئايارى ١٩٩٧دا، به شى كولتووريى روژنامه ى «Aftonbladet»؛ كه گه وره ترين روژنامه ى ئيوارانه‌ى سويده، سه‌ردانيكيان كرد بو شارى "ساراييفو". ئه‌نجامى سه‌ردانه كه بريتى بوو له ١٢ ريپورتاژى هه مه ره‌نگ له‌سه‌ر كاروبارى هونه‌رى و ئه‌ده‌بى هونه‌رمه‌ندانى ئه‌و شاره له ژير ئاسمانى جه نگى "بوسنى" دا، كه خودى شارى "ساراييفو" بو ماوه ى ٣ سال له ژير ئابلوقه ى بومبارانى هيزه كانى «سه رب» دا بوو.
ئه م وتاره ى ليره دا ده يخويننه وه، وه رگيردراوى ووتاريكى «ئورزين كيبو» روژنامه نووسى "بوسنى" يه كه خاوه نى كتيبى به ناوبانگى "به خيربين بو ساراييفو؛ بو دوزه خ" ه.
"كيبو" له‌م وتاره‌دا، له گوشه‌نيگايه‌كى تره‌وه، كاركرده سايكولوجيه‌كانى جه‌نگ ده‌خاته روو. ئه‌ويش له ريگه‌ى دوزينه‌وه‌ى ئه‌و هاوكيشه نه‌نووسراوانه‌ى كه له‌شى ئينسان خودبه‌خود ملكه‌چيان ده‌بيت و ئال‌وگوريكى تازه له ئه ندامه كانى له ش دا دروست ده كات.
ده قى سويدى نووسراوه كه، له روژى ١٢ى ئايارى ١٩٩٧ دا له روژنامه ى ناوبراو له سه ره وه دا بلاوكراوه ته وه.

* منالى سه رسپى؛ له روژانى ئاشتى دا نه ده بينرا. به لام له ژير ئاسمانى جه نگ دا هه موو شتيك ده كرى رووبدات؛ زور خيراو كتوپر. مناليك كه بومباران يان ده‌رگيريه‌كى سه‌ربازى به چاوى خوى ده‌بينى؛ خوشك يان دايكى به به رچاويه وه ده ستدريژى سيكسى بو ده كريت؛ ياخود خوى قه مه يه كى به رده كه وى، بو به يانى روژى داهاتوو، ره نگى قژى سپى ده بى.

* ئينسان وه‌كو كيسه‌ل ره‌فتار ده‌كات. كاتيك ئه‌و هه‌ست به‌مه‌ترسى ده‌كات، به تايبه ت ساتى ده ست پيكردنى بومباران، ئه وا ملى خوى ده كيشيته وه نيو شانه كانى. تاكه جياوازييه ك كه له نيوان ئينسان و كيسه ل دا هه يه ئه وه يه: كه ئينسان به رگيكى ره قى وه كو كيسه ل داينه پوشيوه.

* هيچ كه‌سيك له‌مردن ناترسى. هه‌موو له نوقسان بوون و له له‌كاركه‌وتنى يه‌كيك له ئه‌ندامه‌كانى له‌شيان ده ترسن. له هه لبژاردنى نيوان مه رگ و له ده ستدانى ئه نداميكى له ش دا؛ ئه گه ر ئه وه له به ر چاو بگرين كه هه لبژاردنى وا له توانا دابى، ئه وا زور به دلنياييه وه مردن هه لده بژيردرى.

* له سالى ١٩٩٢بو يه‌كه‌مين جار له‌شى خوم كاردانه‌وه‌ى سه‌رنجدانيكى پر ماناى له‌لا دروست‌كردم. كاتيك پارچه‌ى گولله‌توپيك قاچمى پيكا، گه‌ياندميانه خه‌سته‌خانه. ئه‌وكاته هه‌موو شار له‌ژير مه‌ترسى خه‌ستترين توپ باران دا بوو. له ماوه ى كاتژميريك دا په نجا كه س ده هينرايه خه سته خانه. دكتوره كان به بى وه ستان كاريان ده كرد و هيچ ده‌رفه‌تيكيان نه‌بوو كه نه‌شته‌رگه‌رى هه‌موان بكه‌ن. بويه ئينسان برياری «كى له پيشتره » ى ده دا. ئه گه ر كه سيك له سه روى ٣٠ ساله وه بوايه، قاچى يان ده ستيان ده برييه وه. كات نه بوو كه رزگار بكرين. ئه گه ر كه سيك گه نجتر بوايه، كاريكيان ده كرد يارمه تى بده ن. پيره ژنيك كه له دواساته كانى ژيان دابوو، له ته نيشت قه ره ويله كه ى منه وه راكيشرابوو، داواى يارمه تى ده كرد. به لام دكتوره كه له وه لام دا ووتى: زور به داخه وه ين، به لام ئه ها؛ ئه و كچه له پيشتره بو چاره سه ر، ئه و گه نجتره.

* له لایه ن "مارکو فیسوفیچ"ه وه تومارکراوه:
کوت وپر دوای بومبارانیک، شوفیریک که به سنگه خشکی خوی راده کیشا، خوی له ناو بریندراه کان دا بینییه وه. کاتیک چاوی به کیژوله یه ک ده که وی که له خوینی خوی دا گه وزاوه؛ هه لی ده گریت و ده یخاته ناوماشینه که ی. کیژوله که هه ر ده گری: «مامه گیان، ئاخر تو له بیرت چوو، قوله په ریوه که م بهینی.»

* له لایه ن "مارکو فیسوفیچ"ه وه تومارکراوه:
پیاویکی بریندار، له دوای بومبارانیکی سه خت خوی ده گه یینیته تاکسی یه ک و به ده ستی چه پی قولی په ریوی راستی خوی هه لده گری. پیاوه که داوای لیبوردن له شوفیره که ده کات: «بمبووره! ده ترسم ماشینه که ت به خوین پیس که م.»

* کومه لیک ئینسانی نوقسان _ په ککه وته _ له شه قامیک دا له سه ر کورسیه چه رخداره کانیان دانیشتوون. زوربه یان قاچیک یان هه ر دووکیان نه ماوه. مندالیک له یه کیکیان نزیک ده بیته وه و به سته نییه کی ده داتی. پیاوه که ده داته پرمه ی گریان.

* که بومباران ده ست پیده کات، چ برسیتی و چ سه رما له یادی که س دا نامینی.
* له برسیتی دا ئینسان ده توانی زیاتر خوی رابگری، وه ک له سه رمادا.
* له سه رمادا ئینسان ۳٪ له باری ستوونییه وه ده چیته یه ک. ۲٪ له باری ئاسوییه وه و ۵۰٪ له باری روحییه وه.

* هه موو روژیک خه لک به خویان و سه تلی ئاوهینانه که یانه وه له سوورانه وه دان. کچیک که من ده ینانسم، ده ترسی له دوای جه نگیش قوله کانی وه کو قولی مه یموون هه روا به دریژی بمینیته وه.

* بو ئافره تیکی به ته مه ن هه روا ئاسان نیه. ئه و هه موو روژیک چه ند کیلومه تریک سه تلی ئاوهینانه که ی هه لده گری. روژی چه ند کاتژمیریک دار ده بری. به لام له شی هه ر له باری ئاسایی خوی دایه. کاتیکیش کاره با دیته وه؛ ئیتر ئاوهینان و داربرین کوتایی دیت. بویه له شی ده حه ویته وه و به ره به ره هه ست به لاوازبوون ده کات، پاشانیش نه خوش ده که وی٠ به لام هه رهینده ی کاره با ده بریته وه؛ ئیتر ناچاره له کوششی ئاوهینان و داربرینه وه دا بیت. که چی ئه و روحیه ته پیرانه یه ی دووباره ده بوژیته وه.

* ئه مه هیچ یاسایه کی گشتی نیه. به لام له سایه ی جه نگ دا رووده دات. ئه و که سانه ی نه خوشن، چاک ده بنه وه؛ ئه وانه یشی له ش ساغن، نه خوش ده که ون. کابرایه ک ده ناسم به ر له جه نگ دوو جار نه شته رگه ری دل کرابوو و به زه حمه ت ده یتوانی خوی بجوولینی. به لام کاتیک یه که مین ده ستریژ ده ستی پیکرد؛ ده ستی دایه تفه نگیک و به دریژایی چوارسالی شه ر، هیچ که س له توانا و له ش ساغی ئه ودا نه بوو.

* ئینسانیکی زورخور: «ئاخ ئه گه ر بمتوانیایه یه ک که ره ت تا ده متوانی بمخواردبایه، ئه وسا ئیتر ئاماده بووم زور به خته وه رانه بمرم.»
* که سیکی پوشته و په رداخ: «ئه گه ر بمتوانیایه وا خوم بشوردایه که خوم ده مویست؛ دواتر به ر گولله تویپش بکه وتمایه گرنگ نه بوو.»

* له ده‌فته‌ری که‌سیکی ئاره‌زوومه‌ندی سیکس: «ئه‌گه‌ر بوم کرابایه هه‌ر بو یه‌ک که‌ره‌ت له‌گه‌ل « ئادیلا» رامبواردایه؛ زور به کامه رانیه وه ئاماده بووم بو یه ک هه فته نانم نه بی.»

* گویچکه‌کانمان زور هه‌ستیار بوونه. بی کاره‌با، به‌بی رادیو، به‌بی تومار و ته له فیزیون، گویمان تا بی سووکتر ده بی. ئه گه ر هه ر توزیک گوی هه لخه م، ده توانم له دووری کیلومه تر و نیویکه وه گویم له ده نگی که له شیریک بیت که ده خوینی.

* له دوای جه‌نگ ژماره‌یه‌کی بی شوماری نه‌خوشی زیاد ده‌کات. ده‌وله‌ت هه‌ر له ئیستاوه زه‌نده‌قی له‌و خیرا بلاوبوونه وه ی نه خوشی شیرپه نجه چووه، که له ماوه ی دوو هه فته دا ئاسه واری بوونی ئینسان ناهیلیته وه. پسپوران له و بروایه دان که جه نگ جوریک له به رگری تایبه تی له له ش دا دروست ده کات. به لام هه رکاتیک جه نگ کوتایی هات؛ له شی ئینسان ورده ورده به ره و حه وانه وه و ئارام بوونه وه ده روات. میکروبیش خانه خوی یه کی ئازاد و بی به رهه لستی له چاوه روانی دایه.

***

هه‌والنامه‌ی کتێب

# کورپەم گیانی

بورهان هه ژار

١٤/ ٦/ ١٩٩٧  گویتنگن_ ئه لمانیا

که تو هاتی به کول گریام..!
یه که م جار بوو،
گریانی وا!!
فرمیسکی شادیم بنوشی...
که ده نگی گریانت هاته گویم،
ئه وسا زانیم،
«باوان» سوزی
جه رگ ئه پوشی..!

* * *

پی ی خیر بینیت له گه ل خوتا،
وه رزی باران،
بو ته مه نت به ره که ت بی
له سایه تا...

* * *

له گیانی من،
جووتی چاوی گه ش و ناسک
له ولاتی غه ریبی دا،
گیانی بو ناو،
ژیان هانی..
بو یادگاری روژانی من..
باوانه که م، «پی بزانی یا نه زانی»
کورپه ی نازداری ئه زه لم، به و چاوانه ت
له ئاینده ئاهی هه ناسه م
ده زانی...!

* * *

٤ی ٦ی/ ٩٧ بوو
شه و دره نگان،
که چاوه کانت هه لهینا..
هه ر ئه و ساته،
یه که م مومی گه شاوه تم
تیا داگیرسان..!

هەواڵنامەی کتێب

به بزه وه،
هون، هون فرمیسکم ده باران..
توی فریشته ش به تاسه وه
مژده ی گه شی،
باوکایه تیت بو من هینا..
تا ژانی پیروزی دایکت،
له بیری من نه چیته وه
بویه ناوی،
«گیانی» م لیتنا...!

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# چەند پوستەریک

ئە حمە د حسین ئە حمە د "پیزان"

١_

دابە ستە کان قریوە یان دی..

شوین سیبە ری خویان کە وتوون

لە دوو تویی پیشانگایە ک دا

لە دوو بە رگا خو دە نوینن..

تابلوی یە کە م، لە خو گورە و

عە شقی شاخی فری داوە..

تابلوی دووە م ئە و کە سە یە،

کە هاتوتە سە ر حازری و

روژیک رە نجی نە کیشاوە..

٢_

چولە کە کان دە جروینن..

نە ک خویندنیکی ئاسایی

چونکە لیرە، کە م مە ل تیرە

گە روو وشکن..

ریگە ی بژیوو خوراکیان

لە بە ر دە ستی دال و ریوی..

هە ندیک دە لین:

ئاخنراوی قورگی شیرە..

٣_

تو لیم گە ری..

گریکی وام تیبە ر بووە..

کوژاندنە وە ی ئاسان نیە،

لە ئیستاوە من گە ش مردە م

ریبواریکم خوینی خومم تال کردووە..

تفم کردوتە نیو چاوی

بازرگانە دە ست نووقاوە خوین مژە کان

لی پرسراوە کوردکوژە کان..

ریسوام کردوون و ئامادە ن

چینیک نە وت دە کە ن بە لە شماو

چینیک گرم بو هە ل دە دە ن..

هەواڵنامەی کتێب

# خەون

مه شخه ل ⁄ که نه دا.

«له یادی خه باتی پر له شانازی یه کیتی بیکاران له کوردستان»

چوار جار خه ونم پیته وه دی.

جاری یه که م:

وه کو چه ند سالی پیش ئیستا..

له ژووره بی کاره باکه م،

له ژیر چه تری پرته پرتی فانوسیکا،

سه رووتاری (١)، ده ستی له یه خه ی قه له مم گیر کردبوو!

جاری دووه م: بنکه (٢) له هه لسوراوانی گیان له سه ر ده ست،

جمه ی ده هات.

ئا کسیونی، وه ک ١٩⁄٦ (٣) به ریوه بوو.

ئاماده باش له پیشوازی شه ریک دا بووین.

جاری سی هه م: پینجه م سالی دامه زراندنی بیکاران بوو.

میدیا...(٤) ببوه گوره پانی بو بیکاران.

بانگه وازمان گوی ی زه رد و سه وزی که ر ئه کرد!

جاری چواره م:

دوور له بنکه...

دوور له گیانی هه لسوراوان

دوور له رروحی هه ناسه ی ماندووی بیکاران

له شکری ره ش و زه رد هاتن.

به به ر چاوی هه موانه وه، ده ستیان نایه بیناقاقای،

پیکه نین و زه رده خه نه!.

به به ر چاوی هه موانه وه، بی وه ی خه جاله ت بکیشن،

ده ستی ره شی دژ به ئازادی ئینسانیان

نا له خه نه!.

١٩٩٧ ⁄٨⁄٢٣

ژیرنووس:

١ــ مه به ست له و کاته یه که سه رنووسه ری روژنامه ی «ده نگی بیکاران» بووم.

٢ــ مه به ست بنکه ی یه کیتی بیکاران له کوردستانه.

٣ـ ١٩/٦ وه ک یه ک روژی میژوویی له ژیانی «ی ب ک» که بریار بوو ئاکسیونیک له و روژه دا به ر پاکری بو داخوازی یه به رهه قه کانی بیکارانی کوردستان. «ی ب ک» ئاماده باش بوو و حکومه تی هه ریمی کوردستان له ١٩/٦/١٩٩٣ دا حاله تی طواری راگه یاند له شاره کانی هه ولیر و سلیمانی.

٤ـ میدیا مه به ست له هولی میدیایه له شاری هه ولیر که زوربه ی مه راسیمه کریکاری یه کانی تیا ئه گیرا.

***

هەواڵنامەی کتێب

# دژ به ژن بون و فەرهەنگی ئەسیلی ئیرانی

نووسه ر: اعظم کم گویان

وه رگیر: سمکو ئه حمه د

ئه وه ی که وه ک فه رهه نگی ئیرانی یا فه رهه نگی ئه سیلی ئیرانی نیوی لیده بردری، له چه ند سه ده ی رابردودا که مترین ته ئسیری له پیش که وتن و گورانکاری له کومه لگاکانی به شه ری به خویه وه گرتووه و له شکلی جوراوجوردا هه روا کون و « ئه سیل » ماوه ته وه . گرینگترین عونسوره کان و کاکلی ئه م فه رهه نگه که به تایبه ت له داب‌ونه ریته کان، ئه ده بیات و هونه ر ره نگ به خویه وه ده گری، گه رانه وه یه بو رابردوو، دژی مودیرنیسم بوون، دژی ژن بوون و پیاوسالاری و ترس له گورانکاری و پیشکه وتنه .

« دژ به ئه مپریالیسم» له راستی دا کونه په رستی، ته نگ نه زه ری و هه ستی حه قاره تی نه ته وایه تی و پاراستنی قازانجی «خومالی» له به رامبه ر «بیگانه» دایه . ئه م بوچوونه بوته هوی ئه وه که نه ته نیا لایه نگری له مافی تاکه که سی و کومه لایه تی ئینسان، جیاوازی مه زهه ب له ده وله ت و ئازادی و مافی به رابه ری ژنان، وه کو ئه رزشه کان، یاساکان و مه رامه کان که له غه ربه وه سه رچاوه یان گرتووه و له زوربه ی ولاتانی غه ربی دا باون، نه توانن له بارودوخی سیاسی و کومه لایه تی ئیران دا سه قامگیربن و په ره سه ندنیان له گه ل دژواری و به رهه لست روبه‌رو بیت. پاراستنی بایه خه کانی نه‌ته‌وایه‌تی، سوننه‌تی و دژ به مودیرنیسم، واته « دژی غه‌رب زه ده گی»، هه میشه له به رامبه ر په ره سه ندنی مافی تاکه که سی و کومه لایه تی ژنان و ئارمانی به رابه ری ژن و پیاو راوه ستاون و هه ر بویه ش فه رهه نگی ئیرانی هه میشه فه رهه نگیکی دژ به ژن و پیاوسالار بووه و داب ونه ریتی ئیرانی، به تایبه ت کاتیک که شوین و پله ی کومه لایه تی ژن له ئارادا بووه، جگه له ته وهین، حه قاره ت و ژیرده ستی هیچ شتیکی تری بو ژنان نه بووه.

قه بوول کردنی مافی ژنان له فه رهه نگی نه ته وایه تی ــ ئیسلامی دا، به بی غیره تی و نیوی ده بردری و ناموس په رستی و غیره تی پیاوان ، با یه خیکی فه رهه نگی یه که ژنانی پی تاقی ده که نه وه. چاوپیداخشاندنیکی کورت به سه ر ئه وه ی که مایه ی شانازی ئیرانی گه ری و ناسیونالیسمی ئیرانی ئه مرویه ه ، ئه م راستی یه به باشی روون ده کاته وه.

مه‌سه‌له ئه‌وه نیه که چاوه‌روانی ئه‌وه‌مان له "شانامه‌ی فیرده‌وسی"، "بوستان و گلستان"ی سعدی، "سه‌فه‌رنامه‌ی ناصرخسرو"، به‌رهه‌مه‌کانی "جامی" یان "شیخ رشیدالدین فضل‌الله" و ... (که کەم تاکورت هاوکات له گه ل ده وره ی عه‌تیق تا سه ده کانی ناوه راست بوون)، هه بی که لایه نگری مافه کانی تاکه که سی و کومه لایه تی ئینسان به گشتی و مافی ژنان به تایبه تی بن. مه سه له که به ته واوی له سه ر ئه وه یه که له کوتایی سه ده ی بیسته م و سه ره تای سه ده ی داهاتودا، کاتیک که چه‌ند سه‌ده له وجوودی ئیده‌کانی تایبه‌ت به مافی تاکه‌که‌سی و کومه‌لایه‌تی ئینسان له کومه لگای ئه مرو تیپه ر بووه؛ له کاتیک دا که بزوتنه وه کانی لایه نگری له مافی ژنان (و به تایبه ت مارکسیسم و ته‌جره‌به‌ی شورشه‌کانی کریکاری) زور هه‌نگاوی گرینگیان له داسه‌پاندنی مافه‌کانی مروف و به‌تایبه‌ت مافی تاکه‌که‌سی و کومه‌لایه‌تی ژنان هه‌لیناوه؛ ئا له‌م کاته‌دا ناسیونالیسمی ئیرانی فه رهه نگه حه نتیک و ئه سیل و کونه په رستانه که ی وه کوو فه رهه نگ و که سایه تی ده ره جه یه کی کومه لگای ئیران له قه له م ده دات.

له م فه رهه نگه دا که ژیرده سته بوونی ژن تییدا شتیکی حاشا هه لنه گره، بو شاردنه وه ی ئه م نابه رابه ری و حه قاره ته، بی شه رمانه وینه یه کی درووینه له هه ندیک خصوصیات و تایبه تمه ندی به رز و به نرخی ژن زەق ده که نه وه. له لایه که وه باسی هه ستی خوشه ویستی و له خوبوردوویی له راده به ده ری ژنان و دایکان ده کری که بو پاریزگاری له هاوسه ران و بارهینانی منداله‌کانیان له هیچ ناپرینگینه‌وه. له ولام به‌م عیشق و گیانبازی‌یه ش دا (که به ژنان به خشراوه)، بو

هەواڵنامەی کتێب

فریودانیان "بەهەشت" دەخەنە ژێر پێ یان تا ڕاحەت تر لە مەتبەخەکان دا کاریان لێ بکێشن و لە بەشداربوون و هەلسوورانی کومەلایەتی دووریا بخەنەوە و لە کومەلگادا بە بی مافی بیانهێلینەوە.

ئەوەی کە لەلایەکەی ترەوە دەیبینین، وینەی حاکم و باو لە ژنان لە کومەلگا دایە بە و ئەرزشانەی کە ژنیان پی دەناسریتەوە، (وەکوو مار، ئەژدیها، شەیتان دروستبوون لە کەلەکەی چەپی پیاو، بی عەقلی، فریوکاری، وەسوەسەگەری و ... کە کەرەسەی پاراستنی نامووسی پیاوان بووە. بەکارهێنانی وشەی بی بایەخ وەکوو «عورت»، « زەعیفە » و «مال» لە ئەدەبیات و میژووی رابردووی ئیرانیدا باو بووە و ئەم وینەیە لە لایەن ناسیونالیسمی ئیرانی یەوە وەکوو فەرهەنگی مودیرنی ئیرانی ناسراوە. ئەوەی کە ناسیونالیسمی ئیرانی، بە فەرهەنگی پر لە شانازی و ئیفتخاری خوی دەزانی و لە بەرهەمی شاعیران، میژوونووسان و نووسەرانی وەک فیردەوسی، سعدی، ناصرخسرو و جامی و نظامی و... دا ئیشارەی پیدەکا و لە سەر قەلاندوشی دادەنی، دژ بە ژن و دژی ئینسانی یە و تەنیا دەکری وەک ئاگاداری و بو دەرس وەرگرتن لە رابردوو، لە کتیبخانەکان و موزەکان دا رابگیرین.

## «رووداوەکانی فکری- فەرهەنگی و بیرکردنەوە دەربارەی ژن»

لە سەدەکانی کونەوە تا ئیستا، لە شورشی مشروطە و دوای ئەویش ئەم بیرە کونەپەرستانە یە و ژیردەستی ژنان هەروا بەردەوام بووە و ژیانی ژنان وەکو «زەعیفە» و «مال» لە پشت پەردەی حیجابەوە دریژەی بووە. هەرحەرەکەت و هەنگاویک بو وەدیهێنانی مافی سەرەکی و ئینسانی ژنان، شەق تیهەلدان لە غیرەت و نامووسی نەتەوایەتی و مەزهەبی لەقەلەم دەدری و سەرکوت دەکری. سەبارەت بە موناسبات و پەیوەندی کومەلایەتیش، دابونەریتی زور کونەپەرستانە و دواکەوتووە وەکوو "خوازبینی"، "شیرنی خواردن"، "شەوی زەفاف و حجلە" و ... زال بووە بەسەر ژیانی ژنان. ئەم دابونەریتانە تا ئیستاش دریژەیان هەیە، بەشیکی گرینگ لە و فەرهەنگە «ئەسیل»ە ئیرانی یە دەگریتە بەر.

بەهوی پیشکەوتنی فکر و بزووتنەوەکانی پیشکەوتنخواز لە روژاوادا، جارجار لە میژووی هونەر و ئەدەبیاتی ئیران هەندیک هەنگاو بو پاک کردنەوەی ئەرزشە کونەپەرستانەکان سەبارەت بە ژن و پەیوەندی ژن و پیاو هەلگیراوە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەملاوە، دەنگی ئازادیخوازانەی ژنان بەهوی هەلسوورانی مەحفەل و کور و کومەلی مارکسیستی و پیشکەوتوو کە داواکاری مافی بەرابەری ژنان بوون، لە ئەدەبیات و فەرهەنگی ئەم دەورەیەدا رەنگی داوەتەوە. روژنامەکان و ئینتیشاراتی مارکسیستی و پیشرەو وەکوو «پیک سعادت نسوان» و «بیداری ما» ... ئیسلام، کونەپەرستی و دابونەریتی کونەپەرستانە و دژ بە ژنیان بە توندی دایە بەر رەخنە و پی یان لە سەر مافی ئینسانی و بەرابەری ژن و پیاو دادەگرت . ئەم ئینتیشارات و ئەدەبیاتە، ئەلبەتە هیچکات لە لایەن ناسیونالیسم و فەرهەنگی ئەسیلی ئیرانی یەوە باسی لی نەکرا و لە میژووی رەسمی ئەوان دا نەنووسرا.

جگە لە روژنامە و جوولانەوەکانی فەرهەنگی و سیاسی ئەم کور و کومەلانە، شاعیران و نووسەرانی پیشکەوتوی سەردەم وەکو "علی اکبر صابر"، "دهخدا"، "عارف قزوینی"... حیجاب، مافی چەند ژن هێنان، شووینیسمی پیاوانە و جەهالەت و تەعەسوباتی دواکەوتو دەرحەق بە ژنانیان خستە بەر هیرشی خویان. "میرزادە عشقی"، "لاهوتی" و "پروین اعتصامی" مەسەلەی ئازادی و مافی ژنانیان لە شیعر و نوسراوەکانیان دا باس کردووە و لەم ئازادی یانە لایەنگری یان کردووە. جگە لە و سەردە مە کورتە و هیندیک کاتی دابر دابر، ئارمان و باوەری رابردووپەرستانە و دژ بە مودیرنیسم، ئاسوی حاکم بووە لە نیو کومەلگای فەرهەنگی و رووناکبیری ئیران تا بە ئەمرو.

سیکولاریسم و لایەنگری لە جودایی مەزهەب لە دەولەت و کورت کردنی دەستی مەزهەب لە سەر ژیانی کومەلایەتی خەلک، لە کارکردن لە سەر بارودوخی سیاسی و کومەلایەتی ئیران و ئاسوی فکری رووناکبیران دا جەریانیکی لاواز

بووه. ١"حمد کسر وی" یه کیک بوو له و رووناکبیر و نوسه رانه که ره سمه ن له جودایی مه زهه ب له ده وله ت لایه نگری کرد. "که سره وی" سه ره رای ئه وه ی دژی حیجاب و مافی چه ن ژن هینان بوو و لایه نگری له جودایی مه زهه ب له ده وله ت ده کرد، له سه ر ئه م باوه ره بوو که خوا ژنی بو هیندیک کاری دیاریکراو خولقاندووه و بویه ش ژنان به هوی لاوازییان هه تا له به ریوه بردنی کاری کومه لگا دووربن، بو کومه لگا به که لکترن. که سره وی تیکه لاوی ژن و پیاو له شوینه کانی ئیش وکار به سه رچاوه ی فه ساد و به دبه ختی کومه لگا ده زانی. ئه و دژی سه ربه خویی ژنان له پیاو (برا، باوک و هاوسه ر) بوو و به شداری ژنان له کاری "پیاوانه" وه کو فه لسه فه، موهه ندیسی و حقوق به توندی ئه خاته ژیر ره خنه. ئه و تایبه ته ن به توندی دژایه تی هه بوو له گه ل ئازادی ژنان له مه سائیلی مه ربووت به عیشق و ئیزدواج. ئه و له هه مان کات دا که دژی تیکه لاوی مه زهه ب و ده وله ت بوو، لایه نگری له ئه رزشه کانی نه ته وایه تی، سوننه تی و مه زهه بی ده رحه ق به ژنانیش ده کرد.(کسروی، خواهران و دختران ما ، ١٣٢٣)

"جلال آل احمد" زیاتر له هه موان له ئاسوی فکری کومه لگا و رووناکبیران و هونه رمه ندانی ئیرانی دا کارتیکردنی بووه. "آل احمد" به هوی نفره ت و دژایه تی یه که ی سه باره ت به مودیرنیسم، وشه ی "غربزدگی" (واته که سیک یا شتیک که غه رب کاری تیکردووه) به کارهینا و « دژی غه ربزه ده گی» بوو به ئارمانی حاکم له نیو کومه لگای هونه ری و رووناکبیری ئیران دا.

هویه کانی کومه لایه تی و سیاسی سه رهه لدانی ئه م ئاسویه، پاراستنی قازانجی «خومالی» و « نه ته وایه تی» سه رمایه داری، دژایه تی له گه ل مودیرنیسم و ماشین که نه ئی « خومان»، به لکو ئی « بیگانه » یه، بوو. له دژایه تی له گه ل ئه م مودیرنیسمه و ئاکامه کانی به سه ر ژیانی کریکاران، که به ده ست سه رمایه داران ده چه وسانه وه و بویان فه رقی نه ده کرد که به ده ست «خومالی» یا «بیگانه » ده چه وسینه وه، بورژوازی «خومالی» له گوره پانی مافی ئینسانی و ئه رزشه کانی کومه لایه تی، ئالای گه رانه وه بو رابردوو و گه رانه وه بو بناغه کانی خومالیانه ی به رز کرده وه. « دژی غه ربزه ده گی» ره نگدانه وه ی ئه م ئارمانه بوو.

ئه م گه رانه وه یه بو رابردوو، به خودی خوی زامنی پاراستنی سه رسه ختانه ی ئه رزشه کونه په رستانه کان ده رحه ق به ژنان بوو: بو نمونه، ژنان هه لگر و پاریزه ری خوین و نه سل و داب ونه ریت و غیره تی نه ته وایه‌تین. هه ربویه ش هه ر چه شنه داخوازی و مه یلی پیشکه وتوانه له لایه ن ژنان و پیاوان بو وه ده ست هینانی مافی به رابه ر و ئینسانی ژن له کومه لگا دا له گه ل رق و تووره یی ئه م ئارمانه کونه په رستانه یه به ره وروو ده بوو. سه رکوتی ژنان و مه یل و خواستیان بو وه ده ست هینان و په ره پیدانی مافه کانی تاکه که سی و کومه لایه تی یان، له و جوولانه وه دواکه وتوو و رابردووپه رستانه یه دا، جیگایه کی تایبه تی په یداکرد.

"جلال آل احمد" به شیوه یه کی ره زیلانه ژنانی مودیرن و داواکاری مافی ئینسان ی له ئیران دا، ته حقیر ده کرد. به بروای ئه و ئه م ژنانه که سایه تی خویان به بیگانه فروشتووه. سه باره ت به ژنان له و ده وره یه دا ده لی : «ئیمه به ژن ته نیا ئیجازه ی خونیشاندان له کومه لگامان داوه . ته نیا ته زاهور یانی خونیشاندان، یانی ژن که پاریزه ری سوننه ت و خانه واده و نه سله به لاری دا کیشراوه . کیشاومانه ته ناو کولانه کان. ناچارمان کردووه به خونیشاندان و بی به ندوباری تا سه ر و رووی جوان بکات و هه موو روژی مودیکی نوی به خوی بگری و بخولیته وه.»( غربزدگی، انتشارات فردوسی)

هه ربویه ش "جلال آل احمد" پیاوانی پیشکه وتنخواز و مودیرن و لایه نگری مافی ژن، به قرتی، فکلی و ژن سفه ت داده نی. ئه م زمانه خوار و تال و دژبه ژنه له ته واوی به رهه مه کانی دا: "مدیر مدر سه"، "نون و القلم"، "در خدمت و خیانت روشنفکران"، "خسی در میقات" و ... زه ق و به رچاوه. "جلال آل احمد" له دژایه تی له گه ل مافی ژنان و مودیرنیسم دا، بو له ده ست چوونی ده سه لاتی مه زهه ب له ناو کومه لگا و به تایبه ت له ده وله تدا داخی ده خوارد. ئه و لومه ی مه لاکانی ده کرد که له جیاتی به ره نگاری له گه ل ئه رزشه نوی یه کان دا(به قه ولی خوی شه پولی غه ربزه ده گی)، له جیاتی ئه وه ی که وه کو "واتیکان" ده سه لاتی سیاسی بگرنه ده ست، له داوی دودلی و سی و

دو لیکردنی کیشه ی حه لال و حه رام و گلاو و پاک دا، گیریان کردووه.
به‌دوای جلال آل احمد" تا به ئه مروش، "ئالی ئه حمه دیسم" و «دژایه تی له گه ل غه رب» به سه ر کومه لگای رووناکبیران و هونه‌رمه‌ندانی ئیرانی‌دا زال بووه. شوینی سروشتی شین‌بوونه‌وه و سه‌رهه‌لدان و خوپیشان دانی ئه م فه رهه نگه (و ئه‌وه‌ی که پیشکه‌شی کومه‌لگای ده‌کات) نه شار و په‌یوه‌ندییه‌کانی مودیرن و چوله پیچی شارستانیه تی، به لکو دیهات و ته پاله و جه نجه ر و گاسن و دواکه وتوویی یه. عونسوری سه ره کی ئه م فه رهه نگه کریکار و ئه و چینه ی که دواروژ ئی ئه وه، نیه؛ به لکوو تویژی ده ره وه ی شار، تویژی روو له فه نای ئه و فه لایانه یه که نه یان توانیوه هیزی کاریان له شاره کان بفروشن و هه ر بویه ش له ده وری گونده کان کوبونه ته وه. له م فه رهه نگه دا، نه داری و برسیتی باشتره له پیشکه‌وتوویی و ئاسایش. له‌م فه‌رهه‌نگه‌دا، دواکه‌وتویی ده‌په‌ره‌ستن و ژن به په ست ترین شیوه هه روا له ناو به ندی زنجیره کانی غیره ت و ناموس و مه زهه ب خول ئه خواته وه. به رهه مه کانی "غلام حسین ساعدی" و "محموددولت ابادی" و به شیکی زور له نووسه ران و رووناکبیرانی ئه مروی ئیران، و هه روه ها به شیکی گه وره له‌و فیلم و "شانو"یانه که له م ده وره دا هاتوونه کایه وه، هه ندیک لایه نی روون و ئاشکرای ئه م فه رهه نگه به ره ودواوه چووه نیشان ئه ده ن.
لیکولینه وه ی سوننه ت گه رایی و پله و مه قامی ژن له ئه ده بیات و هونه ری ئه مرو له ئیران دا، شتیکی گرینگه که له حه وسه له و توانایی ئه م نووسراوه یه دانیه و نووسراوه ی تر و فرسه تی تری پیویسته.
فه رهه نگی ئیرانی یا فه رهه نگی ئه سیلی ئیرانی و به واته ی تر ئه وه ی که ناسیونالیسمی ئیرانی پیی له سه ر داده گری، جگه له چه ند سه رده می کورتی دابر دابر، هه میشه هه لگری بایه خی کونه په رستانه و رابردووپه رست و به تایبه تی دژ به ژن بووه و ئیرانی‌گه‌ری له په‌نا ئیسلام و مه‌زهه‌ب، که‌ره‌سه‌یه‌کی گرینگ بووه بو پاراستنی بی مافی ژنان و ده سه لاتداری ئه رزشه کونه په رستانه کان سه باره ت به ژنان.
ده میکه که پیویستی به ره نگاری فه رهه نگی و کومه لایه تی دژی "ژن دژی" و خورافاتی ناسیونالیستی و مه زهه بی، که ریگه ی هه ناسه هه لکیشان یان له فه زای فه رهه نگی و فکری کومه لگای ئیران گرتووه، زور به ئاشکرایی، خوپیشان ده دا. ده سه لاتداریه تی جمهوری ئیسلامی ودیکتاتوری مه زهه بی، بی گومان لایه نیکی گرینگه له مانه وه و دریژه پیداربوونی ئه م فه رهه نگه کونه په رستانه نه ته وایه تی ــ ئیسلامی یه .

روخاندنی جمهوری ئیسلامی، دامه زراندنی نیزامیکی سیکولار، کورت کردنی ده ستی خورافاتی سه رکوتگه رانه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی و مه‌زهه‌بی له‌سه‌ر ژیانی سیاسی و کومه‌لایه‌تی خه‌لک به‌تایبه‌ت ژنان، په‌ره پیدانی فه‌رهه‌نگیکی پیشره‌و و به‌رابه‌ری‌خواز و خه‌باتی کولنه‌ده‌رانه دژی پیاوسالاری و مه‌زهه‌ب له فه رهه نگ و سیستمی په روه رده و بارهینانی ناوکومه‌لگا دا، ده‌توانی ئه‌م فه‌رهه‌نگه کونه دادری و ریگا بو په‌یوه‌ندیی ئینسانی و به‌رابه‌ر له کومه لگا دا خوش بکات.

***

# ئەلفرید نوبل ١٨٣٣/ ١٨٩٦

کاروان عبدالله ستوکهولم

زانا و داهینه ر و بلیمه تی سویدی ئه لفرید نوبل له سالی ١٨٣٣ له ستوکهولم له دایک بووه. باوکی نوبل داهینه ریکی زیره ک و بەتوانا بووه و خاوەنی ورشه یەکی میکانیکی بووە؛ هەروەکو ئەلین باوکی نوبل به ده ست ئه م ورشه یه وه شکستی خواردوه و هەر لیرەشەوه بو خیزانەکەیان زور زەحمەت بووه بکەونەوه سه ر پیی خویان؛ بویه ئه لفرید له ته مه نی زور مندالی دا بو زامن کردنی ئه و ژیانه ده نکه شقارته ی فروشتووه. که م ده رامه تی و قورسی ئه و ژیانه ی که باسمان کرد، باوکی ئه لفرید ناچار ئه کا که به خاو و خیزانه وه به ره و شاری "پیتر بورگ"ی روسیا سه فه ر بکات به و هیوایه ی له وی گوزه رانیان روو له باشی بکا. شایه نی باسه ئه لفرید ئه و کاته ته مه نی نو سال ئه بیت. له شاری ناوبراو باوک و سی کورەکەی‌تر (واته خاوەنی چوار منال بوه که هەر هەمووشیان کور بوون) کارگه یه ک دروست ئه که ن. باوکیان له م کارگه یه دا بوو که ده ست ئه کاته لوغم دروست کردن. به هوی ئه م کاره_نامروفایه تیه وه پاره یه کی باش کوئەکاتەوە؛ چونکه ئەو کاته روسیا لەشەر دائەبی و هەر لیرەشەوه ئەلفرید و براکانی تری ئەتوانن بخوینن و شه هاده ی باشیش به ده ست بینن. به لام کاتی که شه ر ته واو ئه بی رزقی باوکیان ئه بری وکارگه که ناچاری داخستن ئه بیت؛ واته دووباره هه ژاري و نه داري رووله خیزانه که یان ئه کاته وه و ناچاریان ئه کا به ره و سوید بگه رینه وه. به لام ته نها باوک و دایک و برا بچکوله که ی ئه گه رینه وه که ناوی Emil ئه بیت. ئه لفرید و دوو براکه ی تری هه ر له روسیا ئه میننه وه. کاتیک ئه گه نه وه ستوکهولم، باوکیان به و پاره یه ی که پیی ماوه لابوریکی "مختبر"ی بچکوله ئه کری. دوو سالی‌تر تی‌ئەپەریت و نوبلیش بەرەو ستوکهولم بو لای دایک‌و باوکی ئەگەریتەوە. پاش گه رانه وه ی یه کسه ر له لابوره بچکولەکەی باوکی‌دا کار وەرئەگری و ئەکەویتە کاری کیمیاگەری چونکه زوری حەز لی‌بووە. بەلام دوو براگه وره که ی که له روسیا ماونه ته وه له باکوی پایته ختی ئازربایجان نه وت ئه دوزنه وه و هه ر له ویش شه ریکه یه کی گه وره ی نه وت دروست ئه که ن. هه ر له م کاته دا ده بیت سوید سه رقالی دروست کردنی ریگای ئاسن و جاده و ریگای جوراوجوری تره و به دوای ماددە یه ک دا ئه گه رین که بته قیته وه و شاخ و گابه رده کانیان بو کون و له ت کا و جاده و تونیلی لی دروست که ن. شایه نی باسه که له وه و پیش سویدیه کان بو ده رهینانی کان و میتاله کانی تر پیویستیان به ماددە یه کی ته قینه ره وه ی به هیز هه بووه که له وه وپیش باروتیکی ره شی به هیزیان به کارهیناوه. هه ر له و کاته ش دا ماددەیەکی کیمیاوی تر هەبووە بە ناوی Nytroglicerin "نیتروگلیسرین" که ته قه مه نیه کی باش بووه، به لام لەهەمان‌کات‌دا زور جیگای مەترسی بووه، چونکه لەژیر فشار و پالەپەستودا تەقیوەتەوه و رووداو و کارەساتی جه رگبری ئه نجام داوه. هه ر له و لابوره بچکوله یه دا، سی قولی هه ر دوو کور و باوک، روژانه خه ریکی تاقی کردنه وه ئه بن، تاکوو شیوه یان ریبازیک بدوزنه وه که مه ترسی ماددە ی نیتروگلیسرینه که نه هیلن. به لام ئای له و به لایه ی که بەسەریان‌دا دیت. خەلکی ستوکهولم هەر ئەوەندە ئەزانن که زرمەیەکی زور گه وره دی! تومه ست ئه مه زرمه ی لابوره بچکولەکەی باوکی نوبلە که لە ئەنجامی تاقی کردنه وه یه ک دا نیتروگلیسرینه که ئه ته قیته وه و پینج که سیش له گه ل خوی دا ئه کاته قوربانی که یه کیکیان برا بچکوله که ی نوبل ئه بیت به ناوی Emil . نوبلیش خوی له م رووداوه دا سه ری بریندار ئه بی و باوکیشی له ئه نجامی ئه م کاره دل ته زینه دا به خه فه ت و مه راقه وه سه رته خته ی مه رگی لی ئه گری. ئیتر دوای ئه م کاره ساته خیزانی ناوبراو بی لابور ئه میننه وه؛ به لام نوبل کول نادا و ئه مجاره یان به ته نیا

هه‌ر خوی قه‌راغ شاری لی‌ئه‌گری. له‌"میلارین" **Mälaren** له نزیک ستوکهولم له ناو به له میکی کون دا لابوریک دروست ئه‌کا و هه‌ر له‌ویش دیسانه‌وه ئه‌که‌ویته زورانبازی له‌گه‌ل نیتروگلیسرینه‌که‌دا؛ به‌و هیوایه‌ی بتوانی مه ترسیه که ی نه هیلی و به رگه ترسناکه که ی له به ر داکه نی. به لام به داخه وه هه ر بی ئه نجام ئه بیت. که چی له گه ل ئه وه ش دا هه ر به رده وام ئه بی و تاقی کردنه وه دوای تاقی کردنه وه له خه بات د ا ئه بیت. ئه مجاره یان مادده یه کی تر ئه دوزیته وه که به چه ند وولاتیکی ئه فروشی، به لام ئه میشیان هه ر مه ترسی دار ئه بیت چونکه له کاتی راگواستنه وه و ئیش پیکردنی له کارگه کان دا، چه ند رووداویکی ناخوش به ئه نجام ئه گه یه نی.

بیگومان ئه لفرید نوبل وه کو باسی ئه که ن به م هه وال و ئه نجامانه رازی نه بووه و بگره زوریش ناره حه ت بووه. ئه و کاتانه ی که له ئه لمانیا بووه به ریکه وت جوره لمیک ئه دوزیته وه که کاتیک له گه ل ئه م مادده یه ی دوایی دا تیکه لی ئه کا ئه بینی جوره هه ویریکی لی دروست ئه بی که ئه توانی به ئاسانی ئیشی له گه ل دا بکا و مه ترسیشی نه بی. هه ر ئه م مادده یه ش ناو ئه نی هه ویری دینامیت.

له سالی ۱۸٦۷ که ته مه نی ۳۴ سال ئه بیت موله تی ئه م ئیشه ی ئه ده نی، واته له لایه ن ده وله ته وه سه رپشک ئه کری که دینامیت دروست بکات. ئیتر هه‌ر ئه‌م دینامیته بازیکی گه‌وره به شارستانیه‌ت ئه‌دات و به و هویه وه چه نده ها پروژه ی ئاوه دانی لیره و له وی پیی دروست ئه که ن که گرنگترینیان ته قاندنه وه ی ناوچه سه خت و شاخاویی یه کانه بو جاده و تونیل و چه نده ها کاری تر. نوبل له گه ل ئه وه ش دا که دوزه ره وه و داهینه ر بووه له هه مان کات دا بازرگانیکی به‌تواناش بووه؛ واته زانیویه‌تی چون ده‌رامه‌تی ماددی خوی بره‌و پی‌بدات. بویه هه ر له دوای ئه وه ی که دینامیت ئه‌دوزیته‌وه به‌خیرایی ئه‌که‌ویته دروست کردنی چه‌ند کارگه‌یه‌ک له ولاتانی‌تر و کاتیک که ئه گاته فه ره نسا زور ده وله مه ند ده بیت. به لام له هه مووی ناخوشتر ئه وه بووه که یه کسه ر زانیویه تی روژیک دیت که سانی تر ئه م دینامیته بو کاری نامروفانه و شه ر و کوشتار به کار ده هینن و زوریش بو ئه م مه سه له یه ناره حه ت و سه غله ت بووه؛ به لام به داخه وه نه یتوانیوه کاریک ئه نجام بدات که دینامیت زیان نه گه یه نی، چونکه تازه دوزراوه ته وه و چه نده ها کارگه شی له پیناودا دروست کراوه.

ئه‌لفرید نوبل بیجگه له دینامیت له چه‌ند کاری جوراوجوری تریش‌دا کارمه‌ند بووه وه ک "تورنه چیتی"، "که تانی ده‌ستکرد"، "ماتوری گازی" و هه‌روه‌ها ئه‌و ئامیرانه‌ی که بو گواستنه‌وه‌ی خوین به‌کار هاتوون. وه‌کوو له ژیاننامه که ی دا نووسراوه ئه لین موله تی کارکردنی ۳۵۵ داهینانی دراوه تی که خوی هه ر هه‌موویانی دوزیوه ته وه. نوبل سه فه ری زوری کردووه و زوری ژیانی له ده ره وه ی سوید به سه ر بردووه؛ بویه توانیویه تی بیجگه له سویدی به فه ره نسی و ئینگلیزی و ئه لمانی و ئیتالی و هه روه ها رووسیش قسه بکات.

کاتیک که له ۱۰ی دیسه مبه ری ۱۸۹٦دا له "سان ریمو"ی ئیتالیا ئه مریت ده وله مه ندترین که سی ئه ورووپا ئه بیت که خاوه‌نی ۳۳ ملیون کرون بووه. ئه‌لفرید سالیک پیشتر وه‌سیه‌ت نامه‌که‌ی خوی نووسیبوو. به هوی ئه وه ی که ژنی نه‌هینابوو و خاوه‌نی مندال نه‌بوو، ئه‌نووسیت که پاره‌که‌ی هه‌ر له سوید بمینیته‌وه و قازانجه‌که‌ی سالانه بکریته خه لات و بدریته ئه و که سانه ی که له بواره کانی فیزیا، کیمیا، ده رمان، ئه ده ب و پروسه ی ئاشتی دا خزمه تی مروف ده که ن.

له سالی ۱۹۰۱دا بو یه‌که‌م جار ئه‌و خه‌لاتانه دابه‌ش کران. له‌و ساله به‌دواوه هه موو سالیک له ریکه وتی روژی مردنه‌که‌ی‌دا( ۱۰ی دیسامبه‌ر) ئه‌و خه‌لاتانه دابه‌ش ئه‌کرین. ئه‌م هه‌لبژاردنه‌ش له لایه‌ن "ئاکادیمیای سوید" Svenska Akademien ئه نجام ئه دری.

بو خه‌لاتی ئه‌ده‌بی نوبل سالانه نزیکه‌ی ۱۰۰_۱۵۰ نووسه‌ر و شاعیری جیهانی له لایه‌ن ئه‌ندامانی ئه‌م ئه کادیمیه وه ئه که ونه به ر باس و لیکولینه وه. بیگومان ئه م نووسه ر و شاعیرانه پیشتر کتیب و بلاوکراوه کانیان له لایه ن ئه کادیمیای ناوبراوه وه کردراوه و له کتیبخانه ی نوبل دا له "گه ملیستان" Gamlastan له ستوکهولم دانراوه که

بەگەورەترین کتیبخانە لە ئەوروپای باکوور دائە نری . هە روە ها دە بی لە کوتایی مانگی ئوکتوبە ردا خە لاتی نوبل لە هە لبژاردنی بووبیتە وە و تە واو ئامادە بیت، واتە لە لایە ن ئە کادیمیای ناوبراوە وە بریاری لە سە ر درابی کە بدری بە کی؟ راگە یاندنی ئە م بریارە ش لە لایە ن سکرتیری ئە کادیمیاکە وە ئە بیت کە لە روژیکی پینج شە ممە دا لە بە ردە م ژمارە یە کی زور لە روژنامە نووسانی جیهانە وە رائە گە یە نری. بو خە لاتە کانی فیزیا، کیمیا، دە رمان، بە شە جیاجیاکانی ئە کادیمیا بریار ئە دە ن کە خە لاتە کان بو کی بن. تە نیا خە لاتی ئاشتی نە بی کە لە "ئوسلو" پایتە ختی نە رویج ئە نجام ئە دری. (دیارە دەسەلاتدارانی نەرویج ئەو کەسە بو ئەم خەلاتە هەلئەبژیرن) هوی بە خشینی ئەم خەلاتەش لەلایەن نە رویجە وە ئە و کونفیدرالیە یە کە کاتی خوی لە نیوان سوید و نە رویج دا هە بووە.

ئە مە ش ناوی ئە و شاعیر و نووسە رانە یە کە لە سالە کانی هە شتادا خە لاتی ئە دە بی نوبل یان پی براوە Czeslaw Milosz کە پولونی یە و لە ئە مریکا ئە ژی. Elias Canetti کە لە بولگاریا لە دایک بووە و لە بریتانیا ئە ژی. Gabril Garcia Marguez لە کولومبیا، William Goldin لە بریتانیا، Jaroslav Seifert لە چیکوسلوفاکیا، Claude Simon لە فە رە نسا، Wole Soyinka لە نیجیریا، Joseph Brodsky کە رووسی یە و لە ئە مریکا ئە ژی؛ هە روە ها نجیب محفوظ لە میصر.

شایەنی باسە کە لەسالی ١٩٨٩دا Kerstin Ekman و Lars Gyllensten هەروەها **Werner Aspenström** سی ئە ندامی "ئە کادیمیای سوید" کورسیە کانی خویان لە ئە کادیمیای ناوبراو بەجی هیشت و وازیان هینا، لە دژی ئەوەی کە ئەکادیمیای ناوبراو، بە پشتیوانی لە سلمان رشدی هەلنەستا و دژی فەتوای حکومەتی ئیسلامی ئیران هە لویستی نە گرت.

ئە م باسە لە م دوو سە رچاوە سویدیە وە کراوە تە کوردی:

1_ Alfred Nobel och hans dynamitgubbar
2_ Ur Kungens hand

❊❊❊

رانانی کتیب:

# پیاوه سپییه‌که؛ پاپالانگی؛

## ئاسو

**« له یه ر ئه وه ی له شی ئاقره تان و کچان ته واو داپوشراون، پیاوان و لاوان زور یه تاسه وه ن یو ئه وه ی ییبینن، ئه مه یش شتیکی سروشتییه. ئه وان شه و و روژ بیر له وه ده که نه وه و زور له یاره ی فورمی له شی ئاقره تان و کچانه وه ده په یفن. هه میشه ش وه ک ئه وه ی ئه وی جوان و سروشتییه گوناهیکی گه وره ین و ته نی له تاریکترین سییه ره کاندا هه ین، تیده فکرن. ئه گه ر ئه وان ئاشکراو سه ریه ست ئه و گوشته یان ییبینیایه، ئه وا ده یانتوانتی یه شیکی زور له بیرکردنه وه کانیان یو شتی دی ته رخان یکه ن، قه تیش په یفی ناجور و ناشیرین یه ده میانا نه هاتایه، کاتیک یه کچیک ده گه یشتن.»**

"تویافی" ــ سه روکی خیله کانی ده ریای باشوور

"تویافی" له سه ره تای سه ده ی بیست دا گه شتیک بو ئه وروپا ده کات. له کاتی گه رانه وه ی دا، تیبینی یه کانی خوی بو هاووڵاتیه کانی ئه و کو دورگه یه ی که خوی سه ره ک خیلیان بوو، ده گیریته وه.

وته کانی "تویافی" یه که م جار له لایه ن « ئیریش شیورمان»ه وه وه رده گیردریته سه ر زمانی ئه لمانی و پاشان بو چه نده ها زمانی زیندووی تری جیهانی.

مارکس سه باره ت به نووسینی سه رمایه ده نووسی: « ئامانجی من له نووسینی ئه م کتیبه، بریتی یه له دوزینه وه ی یاسا ئابووریه کانی کومه لگای سه رده م.»

"تویافی" له گه شته که ی دا، کاریگه ری ئه و یاسایانه له سه ر ژیانی ئینسانه کانی ئه وروپا هه ست پی ده کا و ئه فسانه ی گورینی په یوه ندیی یه کومه لایه تیه کانی ئه وروپا، له چاوی ئینسانیکی کومه لگای سه ره تاییه وه شی ده کاته وه.

"تویافی" به چاوه ره ش و به قولا چووه کانیه وه که دوو ئه بروی ئه ستوور ده وره یان دابوو وینه یه کی زور ساده ی ژیانی سه رمایه داری ئه وروپا ده کیشیت.

« کاتیک موژده ده ره کان (میسیونه ره کان) هاتن؛ ته نها ئینجیلیکیان پی بوو و ئیمه ش خاوه نی زه ویه کانی خومان بووین. بو ساتیکی نویژ چاوه کانمان داخست؛ که چاومان کرده وه، ئینجیله کانی ئه وان به ئیمه بوو و زه ویه کانی ئیمه ش به وان.» (١)

"تویافی"ش وه کو هه موو که سه کانی تری ئه فریقا و ناوچه دووره کانی تری سه ر زه مین که شه پولی بلاوبوونه وه ی ئایینی مه سیحی یان له ریگه ی بزوتنه وه ی موژده ده ره کانه وه (میسیونه ره کان) پی گه یشت، وته کانی پره له یه زدان:

« دارخورماکه هی پیاوه سپی یه که نیه. هه رگیز. ئه وه ده ستی خوایه. هه ر ده زوویه ک، هه ر گولیک، هه ر گیایه ک، هه ر ده ریایه ک، ئاسمان و هه وره کانی ئاسمان، هه موو ئه مانه ده سته کانی خوان. ئیمه ده توانین ئه و ده سته بگرین و به گرتنی خه نی ببین. به لام بومان نیه بلیین: ده ستی خوا ده ستی منه. به لام ئه مه ئه وه یه که پیاوه سپی یه که ده یکات. ئه و ده لیت: دارخورماکه هی منه.»

"تویافی" له جل و به رگی پیاوه سپی یه که وه ده ست پی ده کات و به چاویکی ره خنه گرانه وه پارچه پارچه ی جلکه کانی

هه واڵنامه ی کتیب

ژنان وپیاوان باس ده کات. ماله کانی ئه وروپا به تابووتی به ردین ناو ده بات و گه ره که کانیش به دورگه ی به ردین.
پاره و کار و کالا جیگایه کی تایبه تی له وته کانی تویافی دا داگیرده که ن. ئه و به زمانیک له به بت بوونی سه رمایه و کالا ده دوی که بو زور ئینسانی ئه مرو هیشتا نه خرینراونه ته ژیر پرسیاره وه:
« ئه وان ناچارن به دروست کردنی شت، ناچارن به پاس کردنی شته کانیان. شته کان ده چنه نیو ده روونیانه وه؛ وه ک میروولە چکوله ی نیو لم به سه ریان دا هه لده گه رین. به دلیکی سارده وه هه موو تاوانیک ده که ن. بو ئه وه ی شت به ده ست بهینن له گه ل یه کتردا ده جه نگن...»
"تویافی" ته نانه ت به هره مه ندبوونی ئینسانه کان له وه رگرتنی تیشکی خور ده به ستیته وه به پله ی چینایه تی ئینسانه کانه وه: «له و مه یدانه گه وره و جوانانه دا که تیشکی خوریان به سه ره وه یه، چه ند که سانیکی که م له ژیر خوردا دانیشتوون، له کاتیکدا زوربه چه ند تیشکیکی که می خور، له و شوینانه دا که سیبه رن و تیشکی خوریان ناگاتی به ده ست دینن.»
به لام بوچی "تویافی" هه موو کرده وه کانی پیاوه سپیه که ی ئه وروپا له وه دا ده بینیت که: «خوا به وان نامویه، ئه گه ر چی هه ریه ک له وانه ده رسه مه زنه که ی وه رگرتووه و هه ریه ک له وان ده زانیت خوا هه یه، ته نانه ت ئه وانه ش که له باره ی یه زدانه وه له کولیته قه شه نگ و گه وره کان دا که بو مه زنیتی ئه و بیناکراون، قسه ده که ن، له نیو خویان دا خوایان هه لنه گرتووه...»
له راستی دا لیکدانه وه که ی "تویافی" له خستنه ژیر پرسیاری دیارده کومه لایه تی یه کانه وه، له مه زهه به وه سه رچاوه ناگریت، به لکو له بوونی کومه لایه تی "تویافی" له چوارچیوه ی په یوه ندیه کی کومه لایه تی بی چین دایه که هیشتا «هی منه ، هی تویه» ی تیدا له دایک نه بووه.
« لاو له زمانی ئیمه دا، هی خوم هه روه ها هی توش ده گه یه نیت، ئه مه ش هه ر یه ک شت ده گه یه نیت و یه ک مانا ده به خشیت. به لام له زمانی پیاوه سپیه که دا په یفیک نییه که دوو شتی جیاواز بگه یه نیت و دوو مانای جیاواز ببه خشیت، له هی خوم و هی خوت زیاتر.»
"تویافی" وه ک ئینسانیکی دانیشتووی کومه لگایه کی تر که سیسته می ئابووری کومه لایه تی یه که ی له گه ل هی ئیمه جیاوازه، به چاویکی سه رنجده رانه و ره خنه گرانه وه ده روانیته کومه لگای ئه وروپا. تیبینی یه کانی ئه مروی "تویافی" نه ته نیا ئه وروپا به لکوو ته واوی کومه لگای به شه ری ده گریته وه. چونکه ئه و په یوه ندی یانه ی "تویافی" ره خنه یان لی ده گری، په یوه ندی باو و زالی سه رده می له گشت دنیادا.
"تویافی" وینه یه کی خومانمان ده داته ده ست که به چاوی کامیرای ئینسانیکی سه ره تایی یه وه گیراون، تاکو باشتر له خومان بروانین و ساده تر له و کومه لگایه وردبینه وه که به تیروانینی پاریزه رانی سیسته م، تاکه نموونه ی شیوازی به رهه م هینانه.
وه رگیرانی ئه م کتیبه بو زمانی کوردی له لایه ن خه بات عارفه وه هه نگاویکی ده ست پیشخه رانه یه بو پرکردنه وه ی ئه و که لینه گه ورانه ی که کتیبخانه ی کوردی به ده ستیه وه ده نالینی.

(۱) نوسه ریکی ئه فریقایی ــ روژنامه ی هه واله کانی کارــ ژماره؟

***

# شانوگەری: کیوەبەزیوەکە

چیروکی: ماکسیم گورگی
ئامادە کردنی: بدری حسون فرید
وە رگیرانی لە عە رە بی یە وە: عبدللە  حە مە لاو

ئە کتە رە کان:

جون \ مارگریت \ پاولو(بە پیری) \ باوکی پاولو \ پاولو(بە گە نجی) \ کریکاری١ \ کریکاری٢ \ کریکاری٣ \ کریکاری٤ \ کریکاری ٥ \ ماریا(دە سگیرانی پاولو) \ باوکی ماریا \ خاوە ن کیلگە \ هاوریکە ی

# کیوە بەزیوەکە

هەواڵنامەی کتێب

تابلوی یە کە م: «بە شیک لە شوینی هاوینە گە شتیک»

جون: بە خوا جە زیرە یە کی جوان و دل رفینە مارگریت، تو بزانە لە ناو ئە و زنجیرە شاخە سە رکەش و پر بە فرانە دا چون بە و دیمە نە جوانە یە وە ئارامی لە باوە ش ناوە.

مارگریت: بەلی جونی خوشەویست، ئەی سەیری ئەو خانووە سپییانە بو ناکەی... هەر ئەلیی بە سەر ئاوەکەوە درووست کراون.

جون: هیمنییەکەی لە هەمووی خوش ترە... خوزگە پیاو توانای ئەبوو مانگی جاریک یان دوو جار سە ردانی ئە م شوینانە ی بکردایە.

مارگریت: «بونی گولە کان ئە کات»

_ لە و هە موو بونە خوشانە.... جون! تو سە رنجی گە لای درە ختە کانت داوە؟

جون: ئە ی چون.... ئە وە نی یە چاووم بوتە کامیراو بە هە موو لایە ک دا وە ک و کورسی دە لاک خانە ئەیگیرم.

مارگریت: «بە نازیکە وە»

_ دە مە یکە بە گالتە.

جون: گالتە ی چی گیانە کە م.... بە عە کسە وە من گریانم دیت.

مارگریت: گریانی چی و چون؟ خو بو لای مردووان نە هاتووین.

جون: ئە زانم... ئە زانم بو لای مردووان نە هاتووین.. بە لام گریانم بو هە موو ئە م شوینە خوشانە دیت کە تا ئیستا لی ی بی بە ش بووین  و نە مان توانیوە تاسە مانی لی بشکینین!.

مارگریت: ئو وووی چون! تو هە ر لە م قسانە ناکە وی.... لە باتی ئە وە ی دوو قسە ی خوشم بو بکە ی.

جون: قسە ی خوشیشت بو ئە کە م نازدارە کە م... بروات بی هە رچی تو ئە ی بینی لە شاخ و درە خت و گولی جوان هە ر

هه موویان بیریکی قولن و نهینی چه نده ها چیروک و داستانی خوشه ویستی و پاله وانیه تیان له ژیر لق و چله کانیاندا حه شارداوه.

«له م قسانه دا کابرایه کی به ته مه ن له هه ردووکیان نزیک ئه بیته وه وناوی پاولویه»

پاولو: چون دیمه نیکه به لاتانه وه؟

جون: توش خه لکی ئه و ناوچه یه یت؟

پاولو: به لی..... دیاره ئیوه ش بو گه شت و گوزار هاتوون؟

پاولو: به لی.... هه ر لیره شدا باووباپیرانم ژیاون و خوین و ئیسقانیشیان تیکه ل به م خاکه بووه.

جون: ئه ی ئه م مه دالیایه چی یه به سنگته وه مامه؟

پاولو: ئه مه له پاداشتی ئه و تونیله وه رم گرت که له کیوه که ی پشتمانه وه هه لمان که ند.

جون: کامه یه ئه و کیوه؟

پاولو: ئه گه ر به و ری یه دا برون پاش نیوسه عاتیک ئه یگه نی.....

کیوه که شمان ناونا کیوه به زیوه که.

جون: کیوه به زیوه که؟ چه ند ناویکی سه یره؟

پاولو: به لی سه یره.... به لام له گه ل ئه وه شدا توانیمان شتیکی جوان و به که لک به رهه م بینین که له چیروکه خه یالی یه کاندا به ر چاومان ئه که ون... هه رچه نده له و روژانه دا هه موو ئه و که ل وپه لانه نه بوو که ئه مرو ده وله ته پیشه سازی و خاوه ن ته کنه لوجیا پیشکه وتوه کان به کاری ده ینن، به لام توانیمان کاریکی مه زن ئه نجام به ین...

بی گومان هه موو کاریک له سه ره تاوه قورس و گرانه تا ئه وه نده ی ئیسقان و گوشت پی ی رادین.... به لام له گه ل هه موو ئه مانه شدا کاره که ی ئیمه ئه و ئاسانه نه بوو!

مارگریت: ئه وه چی یه جون؟ تو به ته واوی منت بیر چویه وه!.

جون: چون بیرم ئه چیته وه خانمه که م..... که س هه یه په ری یه که ی خوی بیربچیته وه؟

مارگریت: ئه ی ئه وه نی یه تو هه ر قسه له گه ل ئه و پیاوه دا ئه که ی؟.

جون: ئه ی من نه مووت هه ر کوی یه ک له م شوینه خوشانه بگری پریه تی له چیروک و داستانی گه وره گه وره.

پاولو: ببورن... وابزانم وه زعیشم لی تیک دان.

جون: به عه کسه وه مامه...بگره پیشمان خوشه چیروکی ئه و شاخه به زیوه مان بو بگیریته وه وه ک و خوت ئه لی ی....

وانی یه مارگریتی ئازیز؟.

مارگریت: با وابی.....

پاولو: راستی یه که ی وه ک و له سه ره تادا ووتم.... ئه مه له چیروکیکی خه یالی ئه چی.... پیش چه ند سال و عه یامیک له مه وبه ر دوای ئه وه ی خه لکی ناوچه که هه موو کوبونه وه و قسه و راویژی ته واویان له سه ر گرنگی و پیویستی ئه و تونیله کرد... پیکه وه هه موو بریاریان دا که له و شاخه دا تونیلیک لی ده ن.

فلاش باک

تابلوی دووه م: «له سه ره تای هه لکه ندنی تونیله که دان»

باوک: ئه مرو توانیمان زه وی یه که بریندار بکه ین.... به لام وادیاره هه قی خویمان لی ئه کاته وه و ئه مان کا به ژیره وه.

کریکاری ۱: «خه ریکی هه لکه ندنه»

ـئه مه ته نها خه یالیکه و ئه ته وی فریومان به ی!.

پاولو: بابه تکات لی ئه که م... وره یان به ر مه یه با له سه ر ئیشه که یان به رده وام بن.

باوک: تو بی ده نگ به.... تو نازانی چی رووئه یا... من ئه زانم...بو سه یری چوارده وری خوت ناکه ی؟ سه یری هه موو ئه و تیلماسکه ئاوانه که به ته نیشتی شاخه که دائینه خواره وه.... ئه وه جی ی مه ترسی نی یه؟ من بی گومانم به بی هوده خومان ماندوو ئه که ین.

کریکاری۲: ئه ی باشه بو سه یری ئه و پاله وانانه ناکه ی وا به ردی شاخه که له ژیر ره حمه تی شان و قولی ئاسنیاندا ئه نالینی.

کریکاری۳: باشه ئیمه به م لاشه ریوه له یه وه له به رده م ئه م شاخه بی سه ر و بنه دا چیمان پی ئه کری؟.

کریکاری۴: چون چیمان پی ئه کری..... ئه ی ئه وه نی یه کونیکمان تی کردووه!.

کریکاری۲: پیاوان خویان ئه زانن چون ئیش ئه که ن.... پیاو گه ر هات و ویستی ئیشی بکاو باوه ری به ئیشه که ی هه بوو ئه وا زور گران نی یه... مروڤ هه ر له منالی یه وه ئه توانی هیزی خوی بناسی.

کریکاری۱: روژیکیش ئه بی ئه و مروڤه بچووک و که م توانایه به سه ر هه موو ده ورو به ری خوی دا زال بیت.

باوک: ئه مه هه مووی ورینه یه..... ئیوه خوشتان نازانن چی ئه که ن؟!.

کریکاری۱: مامه..... تکات لی ئه که م..... تو وه ک و ئیشه که ت خوش ناوی و ناشته وی به شدار بیت.... باشتر وایه برویت و وازمان لی بینیت.

باوک: من واز له ئیشه که بینم؟ تو چیت تا ئه م قسه یه به من بلییت؟

پاولو: بابه تکایه..... سه ر له هاوری کانت مه شیوینه با ئیشه که مان بکه ین و به رده وام بین.

باوک: من هه رچه نده ئه زانم ئه م ئیشه ی داومانه ته به ر، ئیشیکی شیتانه و بی سوده.... به لام هه ر به رده وام ئه بم له گه لتانا.... چونکه حه ز ناکه م که ستان تیرو توانجی ناشیرینم تی گری و پیم بلی پییر بوه و توانای نه ماوه.... نه خیر من تا ئیستاش هه ر به هیزم و ئه شمه وی به رده وام بم.

کریکاری۴: ده ی هاوری یان..... تواناو ووزه ی خوتان بخه نه کار چونکه روژیک ئه بی له گه ل ئه و هاوری یانه ی که له به شی دووه می شاخه که وه خه ریکن، له ناوه راستدا بگه ین به یه ک و ئاواتی هه مومان بیته دی.

باوک: ئیوه دیاره باوه ریکی گه وره تان به خوتان هه یه؟.

کریکاری۱: ئه زانی بوچی؟ چونکه من وا هه ست ئه که م مروڤ زور له شاخ گه وره ترو توندو تول تره.

پاولو: به لام من ئه مه وی ماریای ده زگیرانم شانازیم پیوه بکا.... چونکه په یمانم داوه تی که خه وی ئاوایی یه که به دی بینم..... ده ی پاچه خوشه ویسته که م به رده وام به.....به و ده مه تیژه ت ئاگر له سه ر سنگی شاخه که بکه ره وه..... ماریا گیان ئه مه وی جی ی ره زامه ندی تو بم.

## تابلوی سی یه م

«ماریاو باوکی له ژوریکدا»

باوک: ماریا.. کچم... ئه وه خه ریکی چیت؟

ماریا: بابه گیان ئه ی نابینی بلوزی خوری بو پاولوی ده زگیرانم ئه چنم.

باوک: هیچ ده نگ و باسی تازه یانت نه بیستوه؟

ماریا: هه ر ئه وه نده ئه زانم پاچ و قولینگی هه ردوو کومه له که له هه ردوو لای شاخه که وه به شه وو روژ به رده وامه.

باوک: به هیوام بتوانن خه ونه که به دی بینن.

ماریا: بابه.... ئه وه ئاواتی هه موومانه.

باوک: به لام کچم مه سه له که هه روا ئاسان نی یه..... من ئه و کیوه به رزه بناسم به رگری لی ناکری..... ئی دوای ئه وه ش

کریکاره کان چه نده به هیزیش بن توانایان به سه ریدا ناشکی و ترسی ئه وه شم هه یه به سه ریاندا هه ره س بینی.
ماریا: بابه..... تو له باتی ئه وه ی قسه یه کی تر بکه ی ئاوا ئه لی ی؟
باوک: روله من تا گه نج بووم و قاچم به م ده رده ی ئیستای لی نه هاتبوو.... کارمه ندی ئه و شاخانه بووم...ئه شزانم چون به سه ر مروڤ دا زال ئه بی..... به لام له گه ل هه موو ئه مانه شدا زورم حه ز ئه کرد له گه لیاندا ئیشم بکردایه.
ماریا: پیویست به وه ناکا بابه..... چوونکه ئه وان ئه زانن تو توانای ئیش کردنت نی یه.

## تابلوی چواره م

«ژووری خاوه ن کیلگه»

خاوه ن کیلگه: بخوره وه هاوری..... بخوره وه..... له چاویان.. ها ها ها.......
هاوریکه ی: به خوشیت.... ها ها....
خاوه ن کیلگه: چه‌ریو له چاوی ئه و نه زانانه ی که ئه یانه وی له و شاخه سه رکه شه دا تونیل لی ده ن..... خوزگه م به عه قلیان نه بیت چه‌ریو... ها ها...
هاوری که ی: سوپاس گه وره م..... به راستی شه رابیکی خوش و به تامه!.
خاوه ن کیلگه: باشه تو ئه زانی ته مه نی ئه م شه رابه کونه چه نده؟.
هاوریکه ی: کون؟! باوه ر ناکه م..... له وانه یه بوی بروم.
خاوه ن کیلگه: بوی برو هاوری..... ده ی بزانم زیره کیت؟.
هاوریکه ی؟ میژوی ئه م شه رابه ئه گه ریته وه بو سه رده می باوکی به ره حمه تیت.
خاوه ن کیلگه: پی ئه که نی.
هاوریکه ی: ها.... زانیم؟..... وایه یان نا؟
خاوه ن کیلگه: نه خیر هاوری نه ت زانی...... میژوی ئه م شه رابه ئه گه ریته وه بو دووسه د سال له مه وبه ر...... یانی میژوی له دایک بوونی منه وه.
هاوریکه ی: جوانه قوربان....... به راستی ئه مه یه فه لسه فه و مه نتیق... قسه کانت گه وهه رن.
خاوه ن کیلگه: بی گومان تو ئه زانی من ئه م کیلگه گه وره یه م له باپیری ره حمه تیمه وه بو ماوه ته وه..... ئای چه ندیشم حه ز ئه کرد زیاترو زیاترم کردایه.... تا به روبوومیکی ترو قازانجیکی گه وره ترم لی بکردایه..... به لام تی ناگه م ئه م لادی نشینانه بو له م سالانه ی دواییی دا کیلگه کان به جی دیلن و ئیشی شوینانی تر به باش تر ئه زانن؟.
هاوری که ی: وازیان لی بینه هاوری... ئه وانه دوای کلاوی بابردوو که وتوون... شه یتان له بناگوی‌ی خویندوون و ئه یانه وی خویان گه وره ی خویان بن ها ها ها......
ئه وانه له مه یمون ئه چن..... مه یمونیش هه ر که ته پلت بو لی دا ده ست ئه کا به شان هه لته کاندن.
خاوه ن کیلگه: چون کویله ئه بیته گه وره ی خوی....... شتی وا نه بووه و نابی ها ها ها.... با به ختی خویان له و شاخه دا تاقی که‌نه‌وه... به‌لام سور ئه‌زانم هه‌مویان ئه‌مرن...... خو ئه‌گه‌ر تاک و ته‌راشیان لی ده‌رچوو ئه‌وه خوم ئه‌زانم چی‌یان لی ئه‌که‌م...... با به‌لاشه بریندارو خویناویه‌کانیانه‌وه‌ببینه‌وه جا ئه‌و کاته ناچار ئه‌بن به پارچه نانیک له کیلگه کانم دا ئیش بکه ن.
هاوری که ی: من ئه و قسه یه ت په سه ند ئه که م گه وره م.
خاوه ن کیلگه: خو ئه‌گه‌ر له پیشه‌وه بمزانیایه مه‌سه‌له‌که‌یان سه‌ر ئه‌گری.... ئه وا هه ر به ئاسانی ده ست به رداریان نه‌ئه‌بووم.
هاوریکه ی: چون؟.

خاوه ن کیلگه: یه عنی له هه موو لایه که وه هیزو فشارم ئه خستنه سه ر...... یان هه ندیکیانم به پاره ده ست خه رو ئه کرد و هه رکامیکیشیان سه رپیچی بکردایه به شه ق و شیلاغ ره وانه ی به ندیخانه م ئه کرد...... به لام من له و سه ریه وه دیمه وه..... ئه وانه ئه گه ر گیل و ده به نگ نه بن به گژ ئه و کیوه سه رکه ش و دل ره قه دا ناچن.

هاوریکه ی: زور راسته گه وره م..... ئه وانه به پی ی خویان به ره و پیری مه رگ ئه چن.

خاوه ن کیلگه: گیلانه وایان تی گه یاندون که ئه و تونیله هه لکه نن و ریبازی ژیانیان بگوریت...... دوای ئه وه پیشیان ووتراوه که ئه و کیوه به رووتاندا وه ستاوه و ژیانی لی تال کردوون..... جا گه ر هات و توونیله که یان لی دا ئه وا به ری هه وایان لی ئه کریته وه و ده ست له ملانی ژیانیکی نوی ئه بنه وه........ جا هه ر ئه م فکره بوگه نه شه وه ک و منال خستونیه ته سه ماو خه و بینین.

هاوریکه ی: ئه ی تو به چی یه وه خه و ئه بینیت هاوری؟.

خاوه ن کیلگه: ئه مه وی هه موو ئه و مشکانه بگه رینه وه کونه کانی خویان.

هاوریکه ی: که واته با پیکی ئه و مشکانه بخوینه وه که به سنگه خشکی ده گه رینه وه بو لامان..... چه ریو.....ها ها ها.......

## تابلوی پینجه م

## « له ناو تونیله که دا »

کریکاری ۴: من مردم له گه رما....... ئه م کیوه نه حله تیه ئیسقانی هاریم.

کریکاری ۲: ها.... مامه که میک ئاو بخوره وه.

کریکاری ۴: ئاوی چی بخومه وه.... من ناتوانم هه ناسه به م.

کریکاری ۲: توزی ئارامت بی و دان به خوتا بکره...... چاک ئه بیت هیچ نی یه.

کریکاری ۴: نه خیر من ئه زانم که ئه مرم...... هه وای ژه هراوی ناو تونیله که ده میکه کاری له سی یه کانم کردووه..... به لام ئه گه ر جاریکی تر به تیشکی روژ شاد بوونه وه و هه وای پاکتان هه لمژی.... پیکه نینتان له چاوانی خه لکی ئاوایی دا بینی ئه وا یادم بکه ن و به خوشه ویستی و هیواوه بخون و ژیان به رنه سه ر. «ئه مری»

کریکاری ۱: ئه وا «ئیڤان » ی هاوریشمان وه ک پاله وانیک سه ری نایه وه و به جی ی هیشتین.

## تابلوی شه شه م

## « هه مان جیگای پیشوو »

باوک: چاوتان لی یه چون یه ک به دوای یه کدا به لادا دیین...... ئیوه به هه موو ئه قلیکتانه وه له گه ل شاخ و زه وی دا زوران بازی ئه که ن.

کریکاری ۲: پیویست به زوربلی یی ناکا جه ناب.

باوک: هیشتا له م گوره ته نگ و تاریکه شدا نایه لن سکالای خوم ده ربرم.

کریکاری ۵: وازی لی بینن وه ک و تیک چوه..... هه رچی ئه لی با بیلی.

پاولو: قسه ی ناشیرین به باوکم مه لی..... ئه نا هاتم به م پاچه سه رت پان ئه که مه وه.

کریکاری ۱: تکایه برایان پیویست به هه لچون و هه ره شه ناکات.... که ی ئیمه بو ئه مه هاتوین؟ کی به دلی نی یه و نایه وی ئیش کات با بروا و به جیمان بیلی.

کریکاری ۵: ناتوانی توزی دان به خوتا بگری.

باوک: من به جیتان ناهیلم و ناروم...... به لام ئه زانم ئیشه که شتان بی ئه قلانه یه و بی هوده ش خوتان ماندوو ئه که ن.

کریکاری ۵: بی ئه قلانه یه؟ ئا به م کاره مه زنه ئه لی ی بی ئه قلانه؟!.

باوک: ئیوه نازانن ئه م شاخ و زه وی یه تا زیاتر بریندار ی که ین زیاتر به ره نگاریمان ئه کات....... تا زورتریش به ره و قوولایی بروین گه رماکه ی زیاتر ناره حه تمان ئه کات...... ئیوه ئه زانن ناوجه رگه ی زه وی هه موو ئاگره؟! خوای گه وره فه رموویه تی زه وی بکیلن تا یارمه تی سروشت و ده وروبه ری خوتانی پی به ن به لام نه ی ووتوه ئه‌ئاواى لی بکه ن!.

کریکاری ۳: ئه‌زانی تو راست ئه‌که‌ی؟ ئیوه زانیوتانه تا به‌ره‌و قولایی بروین زیاتر هه ست به گه رما ئه که ین....... ئه‌بی ئه‌وه‌ش بزانین تا زیاتر گه‌رمامان بیت هه‌ناسه‌مان زیاتر ته‌نگ ئه‌بیت و میشکمان زیاتر ماندوو قورس ئه بیت.... ئه مه ش یانی نزیک بوونه وه ی مه رگ!!.

کریکاری ۱: چاوتان لی یه قسه کانی مامه پیره چون جی ی خویان گرت؟.

کریکاری۳: من هه ر له سه ره تادا وام به خه یالدا ئه هات که ئه م مه سه له یه شتیکی مه حاله.

کریکاری ۱: جا که ئه تزانی مه حاله بوچی هاتی؟ به زور ده ستمان گرتی؟

کریکاری ۳: ئه ی مامه پیره بو هات له گه لتان؟ خو هه ر من مه سه له که به هه له نازانم.... ئه ی ئه وه نی یه ئه ویش هه مان رای منی هه یه.

کریکاری۱: چاوت لی یه مامه ی به ریزم راویژه کانت چ کاریکی کرده سه ر روشتنی ئیشه که مان.

باوک: من هه قی خومه که به ئاره زوی خوم رای خوم ده ربرم.

کریکاری ۱: مامه گیان من زور ریزت لی ئه‌گرم و داوات لی ئه‌که‌م له به‌ر ئه‌وه‌ی ووشه‌کانت زور له‌ق و بی بایه خن بروو به جیمان بیله.

باوک: من ئه‌مینمه‌وه و له‌گه‌لیشتانا ئیش ئه‌که‌م.... به‌لام وه‌ک و ئه‌وه‌ی ئیوه باوه رتان پی یه من باوه رم پی ی نی یه.

کریکاری ۲: باشه وه ک و باوه رت پی ی نی یه...... چون؟ بوچی له گه لمانا ئه مینیته وه؟.

باوک: له به ر ئه وه ی ووشه ی ناشیرینم دوا ئه خه ن و پیم ئه لین ترسنوکه و پیاو نی یه۰

کریکاری ۱: که واته با ده ست به کاره کانمان بکه ینه وه..... ده ی هاوری یان بتان بینم..... قسه ی مامه پیره به با که ن۰

تابلوی حه وته م

« دیمه نیکی خه یالی پاولو و ده زگیرانه که ی »

ماریا: ئه م دابرانه ت چه نیک ئه خایه نی پاولو گیان؟

پاولو: خوشم نازانم..... به لام ئه زانم ماوه یه ک هه ر ئه بات۰

ماریا: ئه زانی دابران چه ند ناخوشه؟

پاولو: منیش ئه زانم ماریا گیان....... به لام ئه زانی هه لکه ندنی ئه و تونیله چه ند ئه نجامیکی باش و به که لکی ئه بیت بو هه‌مومان..... ئه‌زانی ته‌واو بوونی ئه‌و تونیله زه‌ماوه‌ندی هه‌موو ئاوایی‌یه‌که ئه‌بیت...... بی‌گومان زه‌ماوه‌ندی ئیمه ش له گه ل ئه وادا ئه بی و بو ئیمه ئه بیته دوو زه ماوه ند.

ماریا: قسه کانت زور خوشن...... به لام هه ست ئه که م دابرانه که ت زور ئه که وی له سه رم!.چون بتوانم دوور له توی ئازیز بژیم؟.

پاولو: ئه‌ آتوانی ماریا گیان ئه توانی....... ئه بی بتوانی و خوشت رابینی.

ماریا: دووری و دابران زور سه ختن پاولو.... به لام ئه بی به قسه ت بکه م...... دلگران مه به پاولوی خوشه ویست به گویت

هەواڵنامەی کتێب

ئه که م و منیش هه ول ئه یه م.

پاولو: زور چاکه...... منیش ئه مه م زور پی باشه...... به لام ئیستا کاتی رویشتنم هاتووه ئه بی بروم. «که میک لی ی دور ئه که ویته وه»

ماریا: پاولو گیان تکات لی ئه که م

پاولو: «ئیستیک ئه کاو لای بو ئه کاته وه»

_فه رموو ماریای دلم ئه لی ی چی؟.

ماریا: هیچ نالیم...... ئه لیم ئاگات له خوت بی....

پاولو: بی غه م به ماریا «ئه روات»

## تابلوی هه شته م

«که میک له ناو قولایی تونیله که دا و کاتی پشوودانه»

باوک: ئه وه له گه ل کی دا قسه ئه که ی کورم؟.

پاولو: م....... م........ من؟.

باوک: به لی تو ئه ی خو من نا

پاولو: راستیه که ی...... من رو....

باوک: ئه‌زانم کورم ..... مه‌ی شیوینه‌و شله‌ژانی ناوی....... چوبویته‌وه بو ئاوایی و ئیتر..... ئه و خه یالانه خوشن....... به لام گه ر به گوی ی من ئه که ی وازیان لی بینه چوونکه ناره حه ت ئه بیت و ئازاریشت ئه یه ن.

ککریکاری ۳: «تووشی هیستریا بووه»

_ که س ناتوانی به ره نگاریم بکا...... که س ناتوانی له روومدا بوه ستی نا نا..... نه خیر نامه وی که س لیم نزیک بیته وه نامه‌وی...... ئیوه ئه‌تانه‌وی بمکوژن و هه‌ر ئیوه‌ش مردنتان داوه به کولما..... که س ناتوانی من بکوژی به لام من هه موتان ئه کوژم.

کریکاری ۱: له شوینی خوت بوه سته و پاچه که شت دانی!.

باوک: ئه و کریکاره شیت بووه.

کریکاری ۳: یه ک له دوای یه ک هه ر هه موتان ئه کوژم...... که س لیم نزیک نه بیته وه.

کریکاری ۲: به لام که س نایه وی تو بکوژی...... تو به هه له دا چوی.

کریکاری ۳: نه خیر ئیوه ئه تانه وی من بکوژن..... به لام من ئه م تونیله ئه که مه گوری هه موتان.

کریکاری ۱: تکایه وه ره وه سه ر خوت و پاچه که شت دانی....... تو پیویستیت به پشوودان هه یه.

کریکاری ۳: تو کییت تا ئه م قسانه بو من بکه یت....... وه ره پیشه وه حه یوان بزانه میشکت ناپژینم.

«ئه یه وی هیرش بینی و ئه وانیش لی ی دوور ئه که ونه وه»

باوک: تکایه لی ی نزیک مه بنه وه ئه وه تازه ئه قلی له ده ست داوه.

کریکاری ۲: وه رن با له هه موو لایه که وه چوارده وری به ین به لام وریای خوتان بن.

باوک: نا نا..... شتی وا مه که ن...... یه ک دوانیکمان بریندار ئه کا..... بزانم من هه ولی له گه لدا ئه ده م.

_ کوری خوم مه ترسه...... من وه ک و باوکت وام...... تو باوه رت وایه ئیمه ئازاری که س به ین؟ گه ر ئازاری که سمان بویستایه من و پاولوی کورم نه‌ئه‌هاتینه ئیره....... تو کوریکی چاکی و هه‌موشمان خوشمان ئه وی ی...... پاچه که تم به ری و برو بو خوت دانیشه چونکه ئه زانم زور ماندویت و زوریش ناره حه تی..... بی‌گومان روژیکیش ئه بی خه لکی

ئاوایی ئه مانه هه مووی بزانن «له م قسانه دا پاچیک له ده ستی یه کیکی تر ئه که ویته خواره وه و ئه میش ئه ترسی و به پاچه که ی ده ستی ئه کیشی به سه ری (باوک) دا و بریینداری ئه کا»

تابلوی نویه م

« ژووره که ی خاوه ن کیلگه »

خاوه ن کیلگه: چاوت لی‌یه...... قسه‌که‌ی من ده‌رچوو یان نا..... پیم نه‌وتی ئه‌و کیوه ئه‌یان هاری و به ئیسک و پروسک شکاوی به سه ر پیلاوه کانماندا ئه که ونه وه.

هاوریکه ی: به لی قوربان...... قسه ی جه نابتان بوو..... له مه و دواش چاوه روانی شتی تازه تریان لی ئه که ین.

تابلوی ده یه م

باوک: له دوا ساته کانی ژیانی دا

_ واز له گه لاکانی پایز بینن با به هیمنی بکه ونه خواره وه..... چونکه زستان ده رگای خستوته سه‌ر پشت.

پاولو: بابه گیان تو زور باشی.

باوک: من روشتوم کوری خوم...... خواحافیزی له هه موو شتیکی ئه م ژیانه ئه که م.

پاولو: وا مه لی بابه..... تکات لی ئه که م.

باوک: ئه زانی کورم له و روژه وه ی که ده ستمان به کاری ئه م تونیله کردوه شتیکم هه یه و ئه مه‌وی پیت بلیم.

پاولو: جا بو نایلی ی بابه؟ بیلی و منیش گویم لیته.

باوک: له گه‌ل ئه‌و هه‌موو ناخوشیانه‌دا که توشمان دیت..... ئیشی تونیله‌که سه ر ئه گری و ته واویش ئه بی.... ئیتر نازانم تو باوه رت به مه هه یه یان نا؟.

پاولو: به لی ئه ی چون باوه رم پی ی نی یه.

باوک زور چاکه کورم..... ئه‌مه شتیکی باشه.... پیویسته هه‌موو که‌سی باوه‌ری به‌وه هه‌بی که دروستی ئه‌کاو له سه رکه وتنی کاره که شی دلنیا بی.

پاولو: بابه گیان زور به قسه کردنه وه خوت ماندوو مه که.

باوک: به لام کورم یه ک داوام له ئیوه هه یه...... هه رکاتی هه ردوولاتان به یه ک گه یشتن و ئیشه که تان ته واو کرد....... وه رنه سه ر گورم و بلین وا ته واومان کرد...... چونکه ئه زا........ «ئه مریت»

تابلوی یانزه هه م

کریکاری ۱: ده ی به پاچه کانتان له شوینه وشکه کانی شاخه که به ن....... چونکه زورمان نه ماوه.

کریکاری ۲: کورینه شان و قولی پته وی ئیوه نه بی ئه م به رده ره قانه له ت نابن ده ی با به هه مومانه وه بیبه زینین.

پاولو: هه ر به ردیک ئیته به رده متان ره حمی پی مه که ن و ووردو خاشی که ن.

کریکاری ۵: زورمان هیناوه و که ممان ماوه.

کریکاری ۱: ده ی له پیناو نان و خوشه ویستی و گزنگی به یاندا تی کوشن!.

کریکاری ۲: به پاچه کانتان وورگی شاخه که هه لدرن..... زورمان نه ماوه.

## تابلوی دوانزه هه م

پاولو: ئه وا چه ند مانگی تی په ری و ئیمه هه ر له م تونیله داین.

کریکاری ۵: هه ست ئه که م هه واکه ئه وه نه بوگه ن بووه هه ناسه م بو نادری. کوا تیشکی خور؟ هه ست به خوشه ویستی ناکه م......

کریکاری ۱: ئه زانی ئه م جوره خه یالانه ئازاره کانت زیاتر ئه که ن بگره به ره و شیت بوون و مردنیشت ئه به ن.

کریکاری ۵: ئه ی خه وو خه یال به چی یه وه لی به م؟.

کریکاری ۱: خه و به ئیستاوه ببینه..... به یانی زوو هه ستی و جیگای زورتر له شاخه که هه لکەنی...... هه رکاتی ئه مه ت کرد ئیتر بوت ده رئه که وی چ شتیکی جوانت ئه نجام داوه.

## تابلوی سیانزه هه م

کریکاری ۱: دەی برادەران...... قولنگەکانتان بە حەوادا کەن و لەرزه لە شاخەکە بینن.... مژدەتان لی بی زورمان نه ماوه.

هەواڵنامەی کتێب

کریکاری ۲: به شان و قوله پته وه کانتان ئه م کیوه ره قه له ت له ت که ن.

پاولو: خوگر بن و سه رکه وتن بو خوتان و نه وه کانتان به ده ست بینن.

هه موو: شتیکی وامان نه ماوه...... زورمان نه ماوه بگه ینه کوتایی.

پاولو: ئاده ی گوی بگرن...... گویتان هه لخه ن هاوری یان!.

کریکاری ۱: چی بووه؟ «هه موو ئه وهستن و گوی ئه گرن»

پاولو: گویم له پاچی هاوریکانی ترمانه.

کریکاری ۱: منیش گویم لی یه...... شاخه که ده نگ ئه داته وه

«هه موو ئه یکه نه قیژه و هاوار و خوشی و باوه ش ئه که ن به یه کدا»

پاولو: گویتان لی یه...... گویتان له ده نگی پاچه کانیانه...... خو تی ئه گه ن ئه وه یانی چی؟.

کریکاری ۱: به لی زور چاک...... ده ی کورینه به رده وام بنه وه وا ته واو خه ریکه به ئه نجام ئه گه ین.

«پاولو و هاوریکانی له گه ل ده زگیران و باوکی ده زگیرانه که ی جلی تازه یان له به ردایه و له سه ر گوری باوکی پاولو کوبونه ته وه..... پاولو چه پکی گول له سه ر گوره که ی باوکی دائه نی»

پاولو: بابه گیان ئیشه که مان کوتایی هات..... له گه ل ئه و هه موو ناخوشیانه شدا هه ر ئیمه سه رکه وتین و گره ومان برده وه.

سەرنج: شایەنی باسه ئەم شانویه بو یەکەم جار له لایەن تیپی شانوی شاره زوره وه له هه له بجه ی تازه سالی ۹۲ پیشکه ش کرا.

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب